دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤٤١
شەمە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٥
٢١ی ژوئیەی ٢٠٠٦
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

### لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندی ناوکیی ئێراندا

## ڕێبەرانی ٨ وڵاتی پیشەسازی پشتیوانییان لە بەیاننامەی گرووپی ١+٥ کرد


ڕێبەرانی ٨ وڵاتی پیشەسازیی جیهان، ڕۆژی یەکشەمە ١٦ی ژوئیە (٢٥ی پووشپەڕ) لە بەیاننامەیەکدا رایان گەیاند: ئێمە بە تەواوی پشتیوانی لە بەیاننامەی وەزیرانی دەرەوەی چین، فەرانسە، ئەڵمان، رووسیە، ئەمریکاو ئینگلیس دەکەین. ئەم وەزیرانە بڕیاریان دا کێشەکە ببەنەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش. ئێمە ڕێبەرانی ٨ وڵاتی سەنعەتیی جیهان بە تەواوی لەگەڵ ئەم بڕیارەو هەموو پەیامێکی روون داین کە ئێران دەبێ بەڕێوەی ببا.

لە بەیاننامەی گرووپی ١+٥ هاتوە کە: ئێرانییەکان بە هیچ جۆر نیشانیان نەداوە کە ئامادەی هاوکاریی جیددی لە بواری ماهییەتی پێشنیارەکانی ئێمەدان. ئێمە بێجگە لە گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش‌و بەرەوپێشبردنی رەوتێك کە دوومانگ لەمەوبەر هەڵمان پەسارد، چارەیەکی دیکەمان نیە، ئێمە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەشوێن بڕیارنامەیەکەوەین کە جێبەجێکردنی داوای ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە بارەی هەڵپەسێران(ی چالاکی‌یەکانی تایبەت بە پیتاندنی ئۆرانیۆم) بە پێویست بزانێ. ئەگەر ئێران ملی بۆ کەج نەکا، ئێمە بە گوێرەی ماددەی ٤١ی فەسڵی ٧ی لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان، هەنگاو دەنێین.

هەواڵدرییەکانی ایسنا، مهر

### لە هەڤدەهەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی‌دا:

# خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە وەفاداریی خۆیان بە ڕێگاو ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو نیشان دایەوە



### راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی

## لە پێوەندی لەگەڵ حەرەکەتی ئێعتیرازیی خەڵکی کوردستان لە ساڵڕۆژی تیرۆری د.قاسملوودا

کۆمەلانی خەڵکی کوردستان!

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ، حەڤدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملووی نەمر، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و کەسایەتیی ناسراوو ناوبەدەرەوەی کورددا، رۆڵەکانی گەلی کورد لە سەرتاسەری کوردستان بۆ بەدەنگەوەهاتنی بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی مەحکووم کردنەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە وەك دەستووردەرو گەلاڵەداڕێژەری ئەم تیرۆرەو نەفرەتو بێزاری دەربڕین لە ڕێژیم، جارێکی دیکە پانۆرامایەکی دیکەیان لە هاتنە مەیدان‌و هەڵوێستگرتن هێنایە کایەوە.

خەڵکی کوردستان لەو ڕۆژەدا بە داخستنی دوکان‌و بازاڕەکان‌و دەست لە کار کێشانەوەو لە شەوی ٢٢ لە سەر ٢٣یشدا بە کوژاندنەوەی بەرقی ماڵەکانیان، ئەویش بە شێوەیەکی ئاوا تێکڕایی، جارێکی دیکە وەفاداریی خۆیان بۆ ڕێبازی دوکتور قاسملووی نەمرو گیانی پاکی ئەو ڕێبەرە گەورەیەو حیزبی دوکتور قاسملوو دووپات کردەوەو نیشانیان دا کە ڕێبواری شێلگیرو چاونەترس‌و ماندوویی‌نەناسی ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو و سەرجەم شەهیدان‌و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانن.

ئەو حەرەکەتە ئێعتیرازییە بەرین‌و بەرچاوە لە حاڵێکدا بەئەنجام گەیشت کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌و هێزە سەرکوتکەرەکانی هەموو ئامادەکارییەکیان بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر حەرەکەتێکی لەو بابەتەو سەرکوتی خەڵك لەم ڕۆژەدا رەچاو کردبوو. بەلاّم دەرکەوت لە بەرانبەر ئیرادەی گەل و یەکپارچەیی خەڵکی کوردستاندا هیچ لەمپەرو مانعێك ناتوانێ ڕێگر بێ‌و خۆ رابگرێ.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ئەم حەرەکەتە بەرینو بەرچاوەوە کە ئاکامی ئیرادەی پۆلایین‌و یەکدەنگیی خەڵکی کوردستان بوو، ئەمەگناسی‌و پێزانینی خۆی دەردەبڕێ‌و سوپاسی ئەو خەڵکە تێکۆشەرو چاونەترس‌و خۆڕاگرە دەکا کە بەم شێوەیە بە دەنگ بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی قاسملوو و حیزبی ڕێبەری خەباتی خەڵکی کوردستانەوە هاتن. دەستی یەك یەکی هەموو ئەوانە دەگوشێ کە کاری ڕێکخستن‌و بەئەنجام گەیاندنی ئەم حەرەکەتەیان چ لە نێوخۆی کوردستان‌و چ لە دەرەوەی وڵاتیش لە شکڵ‌و شێوەی دیکەدا لە ئەستۆ بوو.

سوپاس بۆ هەموان‌و سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**
**1385/4/25**

## لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ڕێز لە یادی شەهید دوکتور قاسملوو گیرا

ڕۆژی پێنج شەممە، ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٥، بۆ ڕێزگرتن لە حەڤدەیەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی شەهیدی هەمیشە زیندوو، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرتی کوردستانی ئێران دا ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب‌و کادرو پێشمەرگەکان بەڕێوەچوو.

ڕێوڕەسمەکە سەرەتا بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی دەستی پێکردو دواتر لەلایەن بەشی فیلمەوە لەسەر کەسایەتیی دوکتور قاسملووو بۆچوونی چەند کەسایەتیی سیاسی‌و ئەدەبیی کورد لەسەر شێوەی ژیان‌و خەباتی دوکتور قاسملوو، فیلمێك بۆ بەشداربووان نمایش کرا.

پاشان لەلایەن هاوڕێ کاك مستەفا مەولوودی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب وتارێك لەسەر بیروڕاو کەسایەتیی دوکتور قاسملوو خوێندرایەوە کە تیایدا ڕێز لە یادی کاك سەید سەلام عەزیزی، ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسیی حیزبیش گیرابوو.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا دوو سروود بە شێوەی کۆرس‌و مەقامێك لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزب بەم بۆنە ماتەمینەوە خوێندرانەوەو شاعیرانیش کاك جەماڵ نەجاری‌و کاك شەریف فەلاح‌و خوشکە تروسکە، هەستی خۆیان هەر کام لە پارچە هۆنراوەیەك دا بەم بۆنەوە دەربڕی.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودێك بە شێوەی کۆرس لەلایەن کۆڕی هونەرییەوە کۆتایی پێهات.

### مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە:

## پەروەندەی تیرۆری ڤییەن دەبێ لە زەینی نەتەوەی کورددا بەزیندوویی رابگیرێ



دوکتور قاسملوو فێر بین بەتایبەتی لاوان‌و کیژان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا دوکتور قاسملووی دیکەمان زۆر بن.

لە وتووێژێکدا کە لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بلاّو بۆتەوە، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، زۆر زانیاریی ورد، تەنانەت کۆمەڵێك زانیاری کە تا ئێستا ئاماژەیان پێ نەکراوە، لەبارەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووی هێناوەتە گۆڕێ. باسی ئەوە دەکا کە حیزبی دێموکرات‌و خوێنگرانی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی لە رەوتی ئەم پەروەندەیەدا لەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش تەرەف بوون. هەربۆیە هەم لە دادگای ڤییەن، هەم لە دادگای ناوچەی ڤییەن‌و هەم لە دادگای فیدراڵی ئوتریش، لە لایەن دەوڵەتی ئوتریشەوە مەحکووم کران، نەك هەر مەحکووم کران، بەڵکوو نزیك بە ٧٥٠ هەزار فرانکی فەرانسەش، سەبارەت بە هەزینەی دادگاکە، جەریمە کران. بەڕێز حەسەن‌زادە دەڵێ ئەم پەروەندەیە دەبێ لە زەینی نەتەوەی کورددا زیندوو رابگیرێ تا ئەو کاتەی دەرفەتێکی وا پێك دێ کە ئەم مەسەلەیە لە دادگایەکی خاوەن سەلاّحییەت دا دێتە گۆڕێ. مامۆستا حەسەن‌زادە لەم وتووێژەدا دەڵێ ئەگەر دەمانەوێ ڕێز لە دوکتور قاسملوو بگرین، دەبێ لە ژیانی

**لە هەڤدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوودا**

## شەپۆلێکی نارەزایەتی هەموو شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە

ل ٣

**کوردانی دەرەوەی وڵات بە خۆپێشاندان لە بەردەم پارلمانی ئوتریش خوازیاری وەگەڕکەوتنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بوون**

ل ٣

دەقی قسەکانی کاك مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕدا ٢
هەواڵەکانی کوردستان ٣
وتووێژ لەگەڵ بەڕێز دوکتور میرۆ عەلیار ٤
دوکتور قاسملوو و پێداگریی لەسەر خەباتی هاوبەشی نەتەوەکانی ئێران ٩
پێویستیی پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ ١٠
قاچاخی ژنان‌و کچان، کۆیلەداریی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ١١
لە قامووسی فیمینیزمدا ١١

# دەقی قسەکانی کاک مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێوڕەسمی ٢٢ی پووشپەڕدا

هاوڕێیانی خۆشەویست!
خوشك‌و برا بەڕێزەکان!

ئیزن دەخوازم بەنوێنەرایەتیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەخێرهاتنی بەشدارانی بەڕێزی ئەم کۆڕە بکەم کە بۆ ڕێزگرتن لەیادی شەهیدی نەمر دوکتور عبدالرحمان قاسملوو، ڕێبەری بلیمەت‌و بەتوانای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێك هاتوە.

ئەمرۆ بەبۆنەی تێپەڕ بوونی ١٧ساڵ بەسەر تیرۆری ڕێبەری هەڵکەوتووو پایەبەرزی حیزبی دێموکرات‌و، دیپلۆمات‌و سیاسەتمەداری ناوداری کورد، دوکتور قاسملووی نەمرو، ٧ساڵەی کۆچی دوایی بەناوەختی خەباتگێڕی بەوەفای حیزبی دێموکرات، کاك سەید سەلام عەزیزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبە خۆشەویستەکەمان، کە لە ڕۆژی ٢٤ی پووشپەڕی ١٣٧٨ی هەتاوی‌دا، بۆ دواجار ماڵاوایی لە هاوسەنگەرانی‌و گەل‌و نیشتمان‌و بنەماڵە بەڕێزەکەی کرد، لەدەوری یەکتر کۆ بووینەوە. بەشداریی ئێوە لەو ڕێوڕەسمەدا نیشانەی ڕێزدانانە بۆ ئەو نەخشە گرینگ‌و کاریگەرە کە هەردووکی ئەو ئازیزانە‌و بەتایبەت مامۆستای نەمرمان دوکتور قاسملوو، لە بەرەو پێش بردنی خەباتی حیزب‌وگەلدا یارییان دەکرد.

هاوڕێیانی بەڕێز! گەلی کورد و زۆربەی زۆری تێکۆشەرانی سیاسی‌و ڕووناکبیرانی ناوچەکە‌و زۆر لە سیاسەتمەدارانی دنیا کە بەدوای مەسەلە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەگەڕان کەمو زۆر، دوکتور قاسملوویان ناسیبووو دەرکیان بە نەخشی ئەو گەورەپیاوە لە ئاڵوگۆڕەسیاسییەکانی ناوچەکەدا کردبوو، بەتایبەت ئێمە قوتابییان‌و هاوسەنگەرانی دوکتور، زۆربەمان لە نزیکەوە یان بەهۆی دەستڕاگەیشتن بە نووسراوەکانی، هەرکەسەی بەنیسبەت خۆمان شارەزایی‌یەکی نیسبیمان لەنەخشی ئەو مامۆستا پایە بەرزە هەیە. ئەگەر سەیری ئەدەبیات‌و نووسراوەکانی حیزبی دێموکرات بکەین دەبینین کە لە زۆربەی زۆری بوارو ئاستەکاندا بە ڕوانگە‌و ئەندیشە‌و بیری ئەو گەورەپیاوە مەزنە دەوڵەمەند کراون‌و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و بزووتنەوەی کورد بەگشتی سوودێکی زۆریان لە بیرو فیکرو ئەندیشەی ئەو ڕێبەرە پایەبەرزە وەرگرتوە.

لەماوەی ئەو حەڤدەساڵەدا کە بەداخەوە بەجیسم لەنێومان دا نەماوە، لەساڵیادی لەدایك بوون یان شەهیدبوونیداو بەبۆنەو موناسباتی جۆراوجۆرەوە زۆر لەسەر ژیانی سیاسی‌و چۆنیەتیی پەیوەست بوونی بەکاری سیاسی‌و چۆنیەتی خوێندنی‌و نەخشی لە ڕێبەری کردنی حیزبی دێموکراتدا دواوین‌و نووسیومانە.

لێرەدا هەرچەندێکی لەسەری بنووسین ناتوانین لەوە زیاتر بڵێین کە هەتا ئێستا لەسەری گوتراوە‌و نووسراوە. لانیکەمی ئەوەیە کە لەتوانای مندا نیە، شتێکی زیاتر لەوە بخەمە سەر باسی مێژووی پڕلە تێکۆشان‌و سەروەری‌و شانازییەکانی ئەو گەورەپیاوە سیاسییە.

بۆیە ئیزن دەخوازم هەر چاوگێڕانەوەیەکی دووبارەم بەسەر ئەو شتانەدا هەبێ کە هەتا ئێستا لەسەر دوکتور قاسملوو گوتراون‌و نووسراون‌و بەشێك لە ڕوانگە‌و ئەندیشەکانی جارێکی دیکە بخەمەوە بەر نەزەری ئێوەی خۆشەویست کە بوون بە خەت‌و نیشان بۆ حیزب‌و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،‌و ئەوانەش کە لەسەردەمی ئێستادا گرینگتر‌و پێویستییان زیاترە ئەگەر دەرفەت هەبێ هەڵوێستەیەکی زیاتریان لەسەر بکەین.

سیاسەتمەدارانی گەلی کورد بەگشتی‌و ئەندامانی حیزبی دێموکرات بەتایبەت، دەزانن کە دوکتور قاسملوو، تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە ئەندامەتی لە ڕیزەکانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا دەست پێ‌کردوە، ئەو ڕێکخراوەی کە لەسەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان هەتا ئێستاش شانبەشانی تێکۆشانی ئەو حیزبە درێژەی بە تێکۆشانی سیاسی‌و سینفیی خۆی داوەو بۆ پشتیوانی لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەزاران لاوی پەروەردە کردو پێی گەیاندون‌و بە دەیان‌و سەدانیان بوون بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و نەخشی چالاکانە‌و کارسازیان لە چوونە پێشی بزووتنەوەی کورد‌و بەڕێوەبردنی ئەرك‌و کارەکانی ئەم حیزبەدا هەبووە.

دوکتور قاسملوو لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان یەکێك لەو کەم کەسانە بووە کە لە دەستپێکردنەوەی خەباتی نهێنیی حیزبیدا نەخشیان هەبووە‌و بەتایبەت لەریزی پێشەوەی ئەوانەدا بووە کە ساڵی ١٣٣٤ بۆ سەربەخۆ کردنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات کاریان کردوە‌و تێ‌کۆشاون.

نەخشی دوکتور قاسملووی ڕێبەر ئەو کاتە زۆرتر دیارو زەق دەبێتەوە کە ساڵی ١٣٤٩ دوای دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ی میلادی، لەدوای بەڕەسمی ناسرانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، دەگەڕێتەوە عێراق. لەو سەردەمەدا کە حیزبی دێموکرات بەداخەوە تووشی زۆر گیرو گرفتی وابووە کە بەجیددی لەدەستیان ناڵاندویەتی. دوکتور وەك حەکیم‌و ئوستادێکی کارامە بەهاوکاریی تێکۆشەرانی دڵسۆزی دیکەی حیزب لەو دەرفەتە موناسبە کە ئەو کات هاتۆتە پێش کەڵکی وەرگرتووە‌و بە دونیایەك ئەزموون‌و ڕابردووی سیاسی‌و دەریایەك لە زانست‌و وردبینی‌و ڕادەیەکی بێ‌وێنە لە پەیوەندیی شەخسی‌و سیاسی‌و زانستی لەگەڵ شەخسییەت‌و کۆڕو کۆمەڵە کوردو ئێرانی‌و خارجییەکان هەوڵی بێ‌وچانی داوە بۆ ساغ کردنەوەو زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی.

بە فەرموودەی ئەوکەسانەی ئەوکات شانازیی هاوخەبات بوون لەگەڵ دوکتور قاسملوویان هەبووە. "دوکتور قاسملوو لەم دەورەیەدا ڕێنسانسی لە نێو حیزبی دێموکراتدا بەرپا کردوە‌و گیانێکی تازەی بەبەر پەیکەری نیوەگیانی ئەم حیزبەدا کردۆتەوە، ئەویش لەبەر چەند هۆ، بەر لە هەموو شتێك لەبەر ئەوە کە شەخسییەت‌و ناوو ناوبانگ‌و مەوقعییەتی بۆ هەموو دەستەو تاقمەکان‌و قۆڵەکانی نێو حیزب جێگای قبووڵ بووە.

پاشانیش لەبەر ئەوەکە بە حەوسەلەو حەکیمانە لەگەڵ هەموویان‌و تەنانەت لەگەڵ سەرسەخت ترین موخالیفەکانیش هەوڵی‌داوە لەدەوری یەك ئامانج‌و بەرنامە کۆ ببنەوەو لەهەموویان گرینگتر ڕێگایەکیش کە دوکتور قاسملوو خستوویەتە بەرنەزەری تێکۆشەرانی دێموکرات، شتێك نەبووە جگە لەو ڕێبازە کە لە سەرەتاوە بەدەستی بەتوانای پێشەوای شەهید قازی محەممەد نەخشەی کێشرابووو ڕەنگی ڕێژرابوو.

لەو سەردەمەدا بوونی دوکتور قاسملوو لەهەموو بوارەکاندا تەکانێکی گەورەی بە حیزبی دێموکرات داوە. لە ماوەیەکی‌کورتدا حیزب بووە بە خاوەنی تەشکیلاتی خۆی، بەرنامەو پێڕەوی خۆی، ڕۆژنامەی ئۆرگانی خۆی‌و لەهەموویان گرینگتر بڕیاری سیاسیی خۆی. دوکتور قاسملوو تێکۆشەرانی دێموکراتی فێری زۆرشت کردوە کە ئێستاش چرای ڕێنوێنی ڕێگای تێکۆشانی ئێمەن.

وەك، پاراستنی ئوسوولی حیزب، نەزم‌و دیسپلین، باوەڕ بەخۆ بوون، باوەڕ بە گرینگیی تەشکیلات، بایەخدانی هەرچی زیاتر بە پەیوەندیی بەرین‌و زیندوو لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك، لەبەرچاو بوونی قازانجی گەورەی نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌و قوربانی کردنی دەسکەوتی بچووك لەپێناو پاراستنی دەسکەوتی گەورەو قازانجی گشتیدا. لەهەموویان گرینگتر قاسملوو زۆر بایەخی بە ئازادی‌و کەرامەت‌و شەخسییەتی ئینسانەکان داوە. بۆیە دەفەرمێ: "هیچ نێعمەتێك لەجیهاندا لەئازادی بەنرختر نیە. ئازادی کەرامەت‌و شەخسییەت دەدا بە ئینسان‌و، ڕێگا نادات بکرێ بەمۆرە. ئینسان دەبێ لەحاڵەتی مۆرە بێتەدەر، ببێتە شەخسییەت، ببێتە فەردێکی زیندووو چالاکی کۆمەڵ"

بەچەشنێکی گشتی، دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی بەتوانا، هوشیار، زیرەك‌و کارلێهاتوو بوو. ئەو لە زۆربواری ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیدا کەم وێنە بوو، شۆڕشگێڕو پێشمەرگەی شاخ‌و ڕووناکبیرو نووسەرو داڕێژەری سیاسەتی گشتی حیزب بووە کە بۆ ئێمە ڕێ‌نیشاندەر بوون.

دوکتور قاسملوو، لەژوورەوە ڕێبەرێکی خەڵکی‌و خۆماڵی‌و لە دنیای دەرەوە دیپلۆماتێکی کارامە‌و شارەزا بوو. زۆر کەسی بێگانە لەسەر شەخسییەتی سیاسی‌و توانای دیپلۆماسیی قاسملوو شتیان نووسیوە. لێرەدا تەنیا نموونەیەك بەبیر دەهێنینەوە. "جاناتان ڕەنداڵ" ڕۆژنامە نووسی بەتوانای ئەمریکایی دەڵێ: "قاسملوو تەنیا ڕێبەری کورد بوو کە دەی‌توانی بەلێوەشاوەیی‌و ئازایەتییەوە لەگەڵ هەموو دەوڵەتێك بکەوێتە وتووێژو دانووستاندنێکی سەربەرزانە. دەرکی سیاسی‌و پەیوەندییەکانی لەگەڵ سیاسەتمەداران‌و ڕۆژنامەنووسانی ئورووپایی‌و هی‌دیکە بوعدێکی "علمی"ی‌یان بە شەخسییەتی قاسملوو دابوو کە لەهیچ شەخسییەتێکی دیکەی کورد دا نەبوو." پاشان دەڵێ: "زۆر لە کوردەکان لەو باوەڕەدان ئەگەر دوکتور قاسملوو ئێستا مابایە دەیتوانی کاری هەموو کوردەکان بەرەوپێش بەرێ".

هەمووی ئەو خەسڵەتانەو زۆر سروشتی شۆڕشگێڕانەی دیکەی دوکتور قاسملوو ببوون بەهۆی ئەوەکە کۆماری ئیسلامی، دوژمنی داخ لەدڵی گەلی‌کوردو حیزبی دێموکرات ڕقێکی کۆنەپەرستانەی قووڵی لە قاسملوو بێ‌و هەموو ڕێگاکان بۆ لەنێو بردنی بگرێتە پێش. ئەوە بوو بەداخەوە لەهەستی ئاشتیخوازانەی دوکتور قاسملوو "سواستفادە" کراو، بەو شێوەیەی هەموومان ئاگادارین پیلانی بۆ داڕشتراو لەرۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨دا لەشاری ڤییەن، پێتەختی ئۆتریش بەدەستی ترۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا.

لەڕاستیدا ڕێژیم دەیهەویست بە لەنێوبردنی دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکرات لەنێوبەرێ، هەربۆیەش نیشانەی لەسەری حیزب گرتبوو. بەڵام کاربەدەستانی ئێران حیسابیان بۆ نەخشێکی زۆر بنەڕەتی لەکاری ڕێبەریی دوکتور قاسملوودا نەکردبوو. ئەویش ئەوە کە دوکتور هەمیشە هەوڵی‌دەدا نەخشی تاکەکەسی لەنێو حیزبدا چووك بکرێتەوەو بایەخ بەکاری بەکۆمەڵ‌و عەقڵی بەکۆمەڵ‌و ڕێبەرایەتیی بەکۆمەڵ بدرێ. بەتایبەت ئەوبیرو ئەندیشەو ڕێگانیشاندانانەی لەپاش خۆی بۆ حیزب‌و تێکۆشەرانی دێموکرات بەجێی هێشتوون. ئەگەر خوێندنەوەی دروستیان لەسەر بکرێ‌و هەرکامەیان لەشوێنی خۆیاندا کەڵکیان لێ وەربگیرێ، نەك تیرۆر کردنی کەسایەتییەکی وەك دوکتور قاسملوو بەڵکوو هەر پیلانێك دژی حیزبی قاسملووی مامۆستاو ڕێبەر پووچەڵ دەبێتەوە.

هاوڕێیان! دوکتور قاسملوو، بە وتەبەنرخەکانی‌و ئامۆژگارییە ئوستادانەکانی، زۆر خەت‌و نیشانی دروستی بۆ داڕشتووین کە ئەگەر ئێکۆشەرانی دێموکرات‌و قوتابییانی قاسملوو بەباشی فێریان بووبێن‌و لەجێگاو شوێنی پێویستدا سوودیان لێ وەربگرین ـ کە من ئەوە لە توانای تێکۆشەرانی حیزبدا دەبینم ـ دڵنیام هیچ کاتێك گەلی کورد تووشی نائومێدی نابێ‌و قوتابییانی قاسملوو دەستەوەستان نابن‌و بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزموون‌و توانای سیاسی‌و فیکریی مامۆستاکەیان ڕێگای عیلاجی هەموو گیرو گرفتەکان دەدۆزنەوەو چارەیان دەکەن.

دوکتور قاسملوو لە وتە بەنرخەکانیدا زۆر بە جیددی تەئکیدی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەگەر گەلێك ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا. خەبات دژی ستەم بۆ دوکتور قاسملوو مەسەلەیەکی بنەڕەتی بوو، لە وتووێژ لەگەڵ بێهرووز یوسفزادە دا دەفەرموێ: "مەسەلەیەکی بنەڕەتی بۆمن کەهەر لە سەرەتای لاوەتییەوە خەباتم بۆ کردوە، مەسەلەی لەنێو بردنی ستەم بووە." بڕوایەکی قووڵ‌و تەوای بە دێموکراسی هەبووەو بۆ سەقامگیریی دێموکراسی لەنێو تەشکیلاتی حیزبدا زۆری کار کردوە. لەهیچ کاتێکدا بایەخی دێموکراسی لەبەر چاوی ئەو کەمڕەنگ نەبۆوەو دێموکراسی بەتەنیا زامنی دابین کردنی ماف‌و ئازادییەکان داناوە. بۆیە زۆر بەڕاشکاوی دەڵێ خراپترین دێموکراسیم پێ لەباشترین دیکتاتۆری باشترە. زۆر توند دژی دیکتاتۆری‌و ئەندیشەو بیری دیکتاتۆری‌و فەرد پەرستیدا چۆتەوە لە پەیوەندی لەگەڵ یەکیەتیی سیاسی‌و فیکریدا دەفەرموێ: "پتەوکردنی یەکیەتیی سیاسی‌و فیکری، ئەرکێکی بنەڕەتییە کە دەکەوێتە سەرشانی‌هەموو ئەندامانی حیزب. دیارە هەموو ئەندامانی حیزب لەبارەی مەسەلەسیاسییەکانەوە وەك یەك بیر ناکەنەوە ئامانجیش ئەوە نیە وەك یەك بیر بکەنەوە. چونکە ئەوە نە مومکینەو نە بەقازانجی تێکۆشانی حیزبیشە، مەبەست لەو یەکیەتییە ئەستاندنەوەی داهێنانی فیکری لە ئەندامانی حیزب نیە. بوونی بیروڕای جیاوازو ڕێککەوتنی دێموکراتیکی ئەوان کلیلی چارەسەرکردنی دروستی گیروگرفتەکانەو هۆی بەرەوپێش چوونی حیزبە. لەنەزەر دوکتور قاسملووەوە باشترین شێوەی مودیرییەت لە حیزبی ئێمەدا بە گشتی پێوەندیی زیندوو، ڕێنوێنی‌و لە ئاکامدا ئیقناعە.

دوکتور قاسملوو، تیرۆری بە کردەوەیەکی دزێو دژی ئینسانی دەزانی‌و تیرۆر لەهەر شوێنك‌و بەهەر مەبەستێك‌و شێوەیەك بایە مەحکومی دەکرد. لەڕاستیدا دوکتور قاسملوو ئەخلاقی هێناوەتە نێو سیاسەت‌و سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیی بۆ حیزبی دێموکرات لە هەموو شتێکی دیکە خۆشتر ویستوە. بۆ دەرباز کردنی تەشکیلاتی حیزب لە بەستراوەیی‌و وابەستەگی بە ڕێکخراوی دیکەوە کاری زۆری کردوە. هیچ کات چووکترین مەجالی نەداوە خەوش بەسەربەخۆیی حیزب وارید بێ.

خۆشەویستان! لەگەڵ یاد کردنەوە لەمامۆستای گەورەمان جێگای خۆیەتی، یادی یەکێك لە تێکۆشەرانی بەوەفای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەینەوە، کە لە ڕۆژی ٢٤ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨دا بۆدواجار ماڵئاوایی لێ‌کردین. کاك سەید سەلام عەزیزی کە ٧ساڵ پێش ئێستا لە وەختێکی ناوەختداو لەهەلومەرجێك دا کە حیزبەکەی‌و گەلەکەی لەهەموو کاتێك زیاتریان پێویست پێ‌بوو دەستی ئەجەل لێی ئەستاندین.

کاك سەید سەلام، ئەو ڕۆڵە بەئیمان‌و خۆڕاگرە بوو کە لەساڵی ١٣٥٧ی هەتاویڕا پەیوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت‌و بۆ تێکۆشانی تەواو وەخت لە ریزی حیزبی دێموکرات دا پشتی لەهەموو خۆشییەکانی ژیان‌و هەموو پلەو پایەیەکی دەوڵەتی کردو وەك پێشمەرگەیەك ریزەکانی حیزبی دێموکراتی بۆخۆی هەڵبژاردو بەکاری بەردەوام‌و دڵسۆزانەو نیشاندانی لێوەشاوەیی ماوەیەك دواتر هەموو پلە تەشکیلاتییەکانی بڕی‌و گەیشتە پلەی کۆمیتەی ناوەندی‌و دەفتەری سیاسی. ئاخرین مەسئولییەتی کاك سەید سەلام عەزیزی، بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی بوو. بێ‌گومان لەدەست چوونی ئەو تێکۆشەرە بۆ بزووتنەوەی گەلی کوردو حیزبی دێموکرات خەسارێکی گەورە بووو بۆ ئێمە هاوسەنگەرانیشی داخێکی گران‌و جەرگبڕ بوو.

هاوڕێیانی خۆشەویست! لەکاتێکدا یادی ڕێبەری شەهیدمان کاك دوکتور قاسملووو خەباتکاری بەئەمەگی گەلەکەمان کاك سەلام عەزیزی دەکەینەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لەجاران لەگەڵ خەڵکی ئێران فاسیلەی پەیدا کردوەو دابڕانێکی قووڵ لەنێوان حاکمییەت‌و خەڵکی ئێران دا هەیە، بەجۆرێك زۆربەی زۆری خەڵکی ئێران ئەو ڕێژیمە بە ئی‌خۆیان نازانن‌و ئارەزووی لەنێوچوونی دەکەن‌و ئەگەریش دەرفەتیان بۆ هەڵکەوێ، ئامادەن چالاکانە دژی خەبات بکەن‌و بیڕوخێنن. لەگەڵ ئەوەدا کە بەهۆی چوونەسەری قیمەتی نەوت لەو دووسێ ساڵەی ڕابردوودا ئێران زیاتر لە ٤٠ میلیارد دۆلاری پاشەکەوتی پووڵی هەیە. بەڵام وەزعی ئابووریی وڵات بوحرانیەو خەڵکی ئێران لەچنگ گرانی‌و هەژاری لە وڵاتدا وەزاڵە هاتون. بوحرانی جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی هەیەو نەبوونی ئازادی‌و بوونی خەفەقان خەڵکی بەتەواوی جاڕز کردوە. بۆیە ئەگەر بەپێوانەکانی دێموکراسی سەیری ڕێژیمی ئیسلامی بکەین، ئەو ڕێژیمە دەمێکە مەشروعییەتی خەڵکی لەدەست داوەو بە زەبری زۆر خۆی بەسەر خەڵك دا سەپاندوە. دڵنیاین ئەگەر کەمترین مەجال‌و دەرەتان هەبێ خەڵکی ئێران ئەو نیزامە لە تەواوەتی خۆی‌دا ڕەد دەکەنەوە.

لەگەڵ ئەوەدا دەزانین خەفەقان‌و فشار بۆسەر خەڵکی ئێران زۆر زۆرە، بەڵام بەو حاڵەش خەڵك بەشێوەی جۆراوجۆر لە کەمترین دەرفەتی مومکیندا نارەزایەتی دەردەبڕن‌و خۆپیشاندان وەرێ دەخەن. کە لێرە دا جێگای خۆیەتی ئیشارە بە دوونموونەی بەرچاو بکەین کە هەردووکیان لەمانگی پووشپەڕی ساڵانی ڕابردوودا ڕوویان داوە.

حەرەکەت‌و ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی خوێندکارانی زانستگای تاران‌و ڕاپەڕینی خوێندکارانی چەندین زانستگای دیکە لە پشتیوانی لە بزووتنەوەی خوێندکاری کە لە ١٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی‌و ڕاپەڕین‌و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان کە ئەویش لە ١٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٤دا کە بە شەهید بوونی شوانە سەیدقادر، لەشاری مهاباد، دەستی پێ‌کردو پاشان زۆربەی شارەکانی کوردستانی گرتەوەو هەرکامەیان بۆ ماوەیەك درێژەیان هەبوو. هەرچەند بەداخەوە هەردووکی ئەو حەرەکەتانە لەلایەن بەکرێ گیراوانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە لەخوێن وەردران. بەڵام گرینگی‌و بایەخی ئەو ڕاپەڕینانە لەوەدایە، نەخوێندکارانی زانستگەکانی ئێران‌و نە خەڵکی کوردستان چاوترسێن نەبوون‌وبگرە شێلگیرتر بوون بۆ وەدەستهێنان‌و دابین کردنی ویست‌و داخوازییەکانیان.

لەرادەی نێونەتەوەیش دا ڕێژیم تووشی تەنگوچەڵەمەی زیاتر بووە. دەخالەتی لەکاروباری فەلەستین‌و عێراق دا زۆر لەجاران ئاشکراترە. ئەوە لەبەر چاوی کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌و نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت دەوڵەتانی بڕیار بەدەست ون نابێ. هەروەها حەولی ڕێژیم بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم‌و سەرئەنجام وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، لەبەر چاوی دنیا ناشاردرێتەوە. دەکرێ بڵێین لەیەك قسەدا دەوڵەتەکانی مەسئوول‌و خاوەن بڕیار بەیەکەوە کاری جیددی دەکەن بۆ ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی وەچەکی ناوکی ڕانەگا، ئەوەش بۆ ئیعتباری ڕێژیم‌و دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی زۆر زیانبارە.

هاوڕێیان! حیزبی دێموکرات دەتوانێ بەکاری بەکۆمەڵ، عەقڵی بەکۆمەڵ‌و، یەك دڵی‌و یەکدەنگی‌و کەڵك وەرگرتن لەبیرو ئەندیشەی دوکتور قاسملوو کە وەك میراتێکی بەنرخ بۆی بەجێ ماوە لە نێو خۆیدا کەلێنی دوکتور قاسملووو هاوسەنگەرانی بەوەج‌و لە دەست چووی پڕ بکاتەوەو بەکەڵك وەرگرتن لەو بوارە باشانەی کە ئێستا ڕەخساون‌و ئەو ئیمکاناتە تەبلیغاتییە کە لەدەستی دایە، بەردەوام‌و چالاکتر لەجاران بە تێکۆشانی سیاسی، دیپلۆماسی، تەشکیلاتی‌و جەماوەریی زیاترو باشتر لەجاران بەگژ دوژمندا بچێتەوە کە ئەوە هەم دەبێتە هۆی ئومێدەوار بوونی خەڵکی کوردستان‌و هەم دەبێتە مایەی ئاسوودەبوونی ڕۆحی بەرزی دوکتور قاسملووی مامۆستاو کاك سەلام عەزیزی‌و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی‌و بەختەوەری.

**ـ سڵاو لەیادی مامۆستای ڕێبەرمان دوکتور قاسملوو لە حەڤدەهەمین بیرەوەریی شەهید بوونی‌دا.**

**ـ سڵاو بۆ گیانی کاك سەید سەلام عەزیزی، بەبۆنەی حەوتەمین بیرەوەری لەدەستچوونییەوە.**

**ـ سڵاو لەگیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستان‌و بەردەوامی بۆ ڕێگا پڕ شانازییەکان.**

**مردن بۆ کۆنەپەرستی‌و تیرۆریزم.**



# برووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

# هەواڵەکانی کوردستان

## چالاکیی تەبلیغاتیی ئەندامان و لایەنگرانی نهێنیی حیزب

لە ١٧هەمین ساڵوەگەڕی تیرۆر کرانی "دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو"ی نەمردا، ئەندامانو لایەنگرانی ڕێبازی ئەو شەهیدە مەزنە لەزۆربەی هەرەزۆری: گوند، شارۆچکە، شار، شارستانو ئوستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکی گەلێکی بەربڵاویان بەڕێوەبردووە. ئەو هەواڵانەی لە پێوەندی لەگەڵ ٢٢ی پووشپەردا بەدەستمان گەیشتوون، زۆرو بەربڵاوبوون، هەربۆیە ئێمەش لەگەڵ داوای لێبووردن بە هۆی کەمیی جێگا، داوا لە خوێنەرانی خۆشەویستی ڕۆژنامەی کوردستان دەکەین بۆ زانیاری زیاتر لەو پێوەندییەدا، سەردانی ماڵپەڕی www.kurdistanmedia.com بکەن.

## لە حەڤدەهەمین ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوودا شەپۆلێکی نارەزایەتیی هەموو شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە

بە پێی ئەم هەواڵانەی لە شارو ناوچەکانی کوردستان دوابەدوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لەودا داوا لە خەڵکی کوردستان کرابوو بۆ ڕێزگرتن لە یادی دوکتور قاسملوو بە نارەزایی نیشان دان لە تیرۆریسمی دەوڵتیی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی پێنج شەممە ٢٢ی پووشپەڕ دووکانو بازاڕەکان دابخەنو کاتژمێری ٢٣ی هەمان ڕۆژ بۆ ماوەی ٣ خولەك چرای ماڵو شوێنەکانی کار بکوژێننەوە، شەپۆلێکی نارەزایەتیی هێمانانە هەموو شارو ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە.

بەگوێرەی ئەو هەواڵانەی بە کوردستان میدیا گەیشتوون زۆربەی خەڵکی شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بە شێوەیەکی بێوێنە بەپیل ئەم بانگەوازەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە چوونو بە داخستنی دووکانو بازاڕی شارو شارۆچکەکان، کوژاندنەوەی چرای ماڵو شوێنەکانی کار لە کاتژمێر ٢٣ تا ٢٣:٠٣ خولەکی شەو، نووسینی دروشمو بڵاوکردنەوەی تراکتو وێنەی شەهید دوکتور قاسملوو نارەزایەتییەکی گشتییان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دا بەڕێوەبرد.

ناوی ژمارەیەك لەو شارو ناوچانەی لە ڕۆژی پێنج شەممەدا بوونە مەیدانی ڕێزگرتن لە یادی گەورەپیاوی مێژووی کورد، عەبدولڕەحمان قاسملووو نارەزایەتیی هێمنانەی خەڵك لە تیرۆریسمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، بەم چەشنەی خوارەوەیە:

مەهاباد، سەقز، شنۆ، سنە، بۆکان، سەردەشت، پیرانشار، ڕەبەت، نەغەدە، سەرپێڵ زەهاوو بانەو ورمێ، سەڵماس، کرماشان، نۆدشە، دیواندەرە، مەریوان، گیلانی ڕۆژئاوا (غەرب)، کامیاران، کەرەند، قەسری شیرینو...

## بەیانیەی خوێندکارانی سەربەخۆی زانکۆی ئازادی سنە

تیرۆری یەکێك لە بەرچاوترین سیاسەتڤانانی کورد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بە دەستی ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشانەی پێبەندنەبوونی ئەم ڕێژیمە بە مافە سروشتییەکانی مرۆڤو بنەما مرۆڤانییەکانەو، دژی ماددەکانی ٣، ٥، ١٨و١٩ی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤە.

ئێمە خوێندکارانو چالاکانی سیاسیی سەربەخۆی زانکۆی ئازادی سنە وەکوو ئەندامێك لە کۆمەڵگای لایەنگری ئازادیی ڕادەربڕینو مافەکانی مرۆڤو دژبەری توندوتیژی لە ئێران دا، تیرۆری ڕێبەری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووو دوو هاوڕێکەی بە دژی پێوانە جیهانییەکانی مافەکانی مرۆڤ دەزانینو ئەم تیرۆرە دڕندانەیە بە دەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم دەکەینو لە سەرجەم ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ خوازیاری گرتنو دادگاییکردنی بەڕێوەبەرانی ئەم تیرۆرە دڕندانەیە، کە لە سەرووی هەموویانەوە سەرکۆماری ئێران، مەحموودی ئەحمەدینژاد جێی گرتووە، لە دادگایەکی نێونەتەوەیی داین.

**ئیمزا**

**کۆمەڵێك لە خوێندکارانو چالاکانی سیاسیی زانکۆی ئازادی سنە**

**١٣٨٥/٤/٢٢ی هەتاوی**

**٢٠٠٦/٧/١٣ی زایینی**

## کوردانی دەرەوەی وڵات بە خۆپیشاندان لە بەردەم پارلمانی ئوتریش خوازیاری وەگەڕکەوتنەوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی بوون

ڤییەن ـ ئوتریش: زیاتر لە هەزار کەس لە کوردەکانی دانیشتووی ئوروپا لە ڤییەنی پایەتەختی ئوتریش، بەبۆنەی هەڤدەهەمین ساڵڤەگەڕی تیرۆری دوکتور قاسملوو، خۆپیشاندانیان کرد. لەو خۆپیشاندانەدا، کە لەبەر پارلرمانی ئەو وڵاتە بەڕێوەچوو، لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سازدرابوو، کوردانی هەموو بەشەکانی کوردستان، ژمارەیەك ڕێکخراوی ئێرانی وەك ئەکسەریەت، نوێنەرایەتی پارتی دێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ئامادە بوون.

خۆپیشاندەران بە دانی دروشمو خوێندنەوەی بەیاننامە، وێڕای ڕسواکردنی بکەرانی ئەم جینایەتە داواکار بوون دەوڵەتی ئوتریش پەروەندەی ئەم تیرۆرە بخاتەوەگەڕ.

لە درێژەی خۆپیشاندانەکەدا خۆپیشاندەران نامەیەکیان بۆ پارلمانتێرانی ئەو وڵاتە نارد بەڵام نامەی خۆپیشاندەرانی کورد لەلایەن پارلمانی ئوتریشەوە وەرنەگیراوە. بە پێی زانیارییەکان دەوڵەتی ئوتریش دەیهەوێ کێشەی تیرۆری د.قاسملوو بە ناچارەسەر کراویو داخراو بمێنێتەوە.

پارلمانتێری ئەندامی سەوزەکانی ئوتریش پیتێرپیلز، لە وتووێژێکدا ڕایگەیاند، کە ئەو بەڵگەی حاشاهەڵنەگری پێیە لە بەشداریی سەرۆك کۆماری ئێستای ئێران لە تیرۆری دوکتور قاسملوودا. ناوبراو ڕایگەیاند، سەرای ئەوە کە دەوڵەتی ئۆتریش ئاگاداری وتووێژەکانی ئاشتیی نێوان ئێرانو حیزبی دێموکرات بوو، بۆی سەیرە کە بۆچی دەوڵەتی ئۆتریش ئەرکی پاراستنی ڕێبەرانی کوردی جێبەجێ نەکردووە.

دوکتور عبدالرحمان قاسملوو، (ڕێبەری گەلی کوردو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)، "عەبدوڵلاقادری ئازەر، (نوێنەری ئەو حیزبە لەدەرەوەی وڵات)و د. فازڵ ڕەسووڵ لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ لەکاتی وتووێژ بۆ چارەسەریی کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران، لەلایەن نوێنەرانی ئێرانەوە تیرۆر کران.

## بەیانیەی بە بۆنەی حەڤدەیەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو

### دەروازەی سوڵحو ئاشتی بکرێتەوە

بۆ ئاشتیخوازانی دونیا

٢٢ی پووشپەڕ هاوکاتە لەگەڵ ساڵڕۆژی تیرۆری "دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو"، سکرتێری ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ١٧ ساڵ لەمەوبەردا. دوکتور قاسملوو لە کاتێك دا کەوتە بەر ئامانجی تیرۆریستەکان کە خەریکی وتووێژ لەگەڵ شاندێکی ئێرانیدا بوو. تیرۆریستەکان بەم هەنگاوە جینایەتکارانەیە دوژمنیی خۆیان لەگەڵ جووڵانەوە مەدەنیو ئاشتیخوازانەکانی نەتەوەی کورددا و دژایەتیی خۆیان لەگەڵ پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە لەنێوان نەتەوە ئێرانییەکان دا نیشان دا.

ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان لە ساڵڕۆژی کوشتنی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوودا، بە دەربڕینی داخو کەسەری توند لە تیرۆری ئەم ڕێبەرە کوردە ئاشتیخوازە، بێزاریی خۆی لە تیرۆرو تیرۆریزم لەژێر هەر ناوو بابەتو یان بە هەر ئامانجو مەبەستێك، ڕادەگەیەنێو لەو بڕوایەدایە کە تا ریشەی تیرۆریزم وشك نەکرێ، خەڵکی کوردستانو ئێرانو دونیا، ڕوومەتی هێمنی بە خۆیانەوە نابینن. ئەم ڕێکخراوە لە هەمان کات دا تەنیا ڕێگەی بەدەستهێنانی سوڵحو ئاشتیو گەیشتن بە مافەکانی نەتەوەکان بە وتووێژو سازانو دانوستان دەزانێ. هەر بۆ ئەم مەبەستە لە دەوڵەتی ئێرانو گشت گرووپەکان، ڕێکخراوەکانو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان داوا دەکا وێڕای ڕەتکردنەوەی توندوتیژیو تیرۆر، ڕێگەی ئاشتی بگرنەبەر. ئەم ڕێکخراوە خوازیاری کرانەوەی دەروازەی سوڵحو سازانو ئاشتی بەرەوڕووی سەرجەم نەتەوەکان دایە.

**تاران: ١٩ی پووشپەڕی ١٣٨٥ / ١٠ی جوولای ٢٠٠٦**

**ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان**

## ماڵپەڕەکانی ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی کوردستان هەك کران

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێك دا ڕایگەیاند کە هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی گوشار بۆ سەر بەڕێوەبەرانو بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوە لە ٨ ڕۆژ لەمەوبەرەوە وێب سایتەکانی rmmk.org (دەبیرخانەی ڕێکخراوی rmmk)، prmmk.com (ناوەندی ڕاگەیاندنی هەواڵنێرانی rmmk)و mafimerov.com ( پایەگای ئامووزشی مافەکانی مرۆڤی کوردستان)، لەسەر تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا ون بوون. بە وتەی ئەو کەسانەی کە خزمەتگوزاریی ئینتێرنێتی پێشکەش دەکەن، هەکێرەکان لە کردەوەیەکی تێکدەرانەدا ماڵپەڕەکانی rmmk یان هەك کردوە.

## ئاگاداری

دۆستانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاگادار دەکەینەوە ناونیشانی سندووقی پۆستیی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە پاریس گۆڕاوەو ناونیشانی نوێی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب بەم چەشنەی خوارەوەیە:

PDKI
C/O : A.F.K
17, Avenued’ Italie
75013 PARIS - France

## چاوپێکەوتنی وەڤدێکی کۆمەڵەی سوسیال دێموکراتەکانی کوردی سوئێد لە دەفتەری سیاسیی حیزب

کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ڕۆژی هەینی ١٣٨٥/٤/٣ی هەتاوی، هەیئەتێکی کۆمەڵەی سوسیال دێموکراتەکانی کورد ـ سوئێد بە سەرپەرستیی کاك دیاکۆ شێخ ئاغاییو پێکهاتوو لە بەڕێزان: خاتوو ئولاکاردین، خاتوو کریستین، شیلان خان، تانیا خانمو کاك نەجمەدین شێخ بوزینی، فەرەیدوون قارەمان، سەلام تەیبو کاك ئازاد سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد. ئەو هەیئەتە لەلایەن کاك حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتییو کاك عەلی مێهرپەروەر، ئەندامی دەفتەری سیاسیو خاتوو خەدیجە مەعزوور، ئەندامی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبو بەرپرسی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان پێشوازیی لێکرا.

لەو دیدارەدا هەیئەتی میوان ئامانجو بەرنامەکانی کۆمەڵەی سوسیال دێموکراتەکانی کورد ـ سوئێدی هێنایە بەر باسو کاك حەسەن شەرەفی وباقی ئەندامانی هەیئەتی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتو رابردووی تێکۆشانی ئەو حیزبەو سیاسەتو هەڵوێستو بۆچوونەکانیدا بۆ هەیئەتی میوان دوان.

شایانی باسە هەیئەتی میوان بەر لە گەڕانەوەی سەردانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کردو لەگەڵ ئەندامانی ئەو یەکیەتییە چاوپێکەوتنی پێك هێنا.

## بۆ خوێندنەوەی ئەو هەواڵانەی خوارەوە چاو لە ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" بکەن

- شاری سەقز بە نزیك بوونەوە لە ٢٢ی پووشپەڕ باروودۆخی نیزامیی بەخۆوە گرتوە
- ڕاگەیەندراوی کۆمەڵێك لە لاوانی مەریوان بەبۆنەی ١٧یەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو
- ڕێژیم هێزێکی زۆری لە ناوچەی ئیلام جێگیر کردوە
- لە ساڵڕۆژی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی خەڵکی کوردستان دا شاری مەهاباد کەشوهەوای نیزامیی بەخۆوە گرتووە
- بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهید دوکتور قاسملوو ئەمڕۆ خەڵکی مەهاباد سەرجەم دووکانو بازاڕەکانیان داخست
- خەڵکی ناوچەکانی قەسرشیرینو سەلاسی باوەجانیو دالەهۆ، ڕێزیان لە یادی دوکتور قاسملوو گرت
- ئالمان داوای لە ئێران کرد بە زووترین کات هاندەرەکانی ڕاگرتنی پیتاندنی ئورانیۆم قەبووڵ بکا
- گیانی یاسرگوڵی لە مەترسیدایە
- دەرکردنی حوکمی قورس بۆ چەند هاووڵاتیی خوێندکار
- ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی ئەهواز: دەیان کەس لە عەرەبەکانی ئەهواز لە مەترسی ئێعدام کردن دان
- دەستبەسەرکردنی یەکێك لە چالاکانی خوێندکاری
- نارەزایەتیی خەڵکی سەردەشت لە هەبوونی مینو ناوەندی نیزامی لە شارەکەیان دا
- یاسر گوڵی بە شێوەی کاتی ئازاد کرا
- هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ پەرەدان بە بەدڕەوشتی لە ناوچەی ورمێدا
- کۆچی دوایی ئەندامێکی ئەمەکناسی حیزب لە ناوچەی سەردەشت
- خۆپیشاندانی خەڵکی مەهاباد لە ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوودا
- سووریە ٧٢ کاتژمێر لە هێرشی سەربازی دوورە
- بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتی لە کالمار
- بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی حەڤدەیەمین ساڵڕۆژی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو لە بلژیك
- ئەندامانی حەوتوونامەی "ئاسۆ" بانگ کرانەوە بۆ بەردەم دادگا
- خاویەر سۆلانا ئاکامی چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ عەلی لاریجانیدا بە بێهیواکەر زانی
- بێستوون دەخرێتە نێو لیستی ئاسەوارە بەرچاوەکانی جیهانەوە
- وەلید جۆنبەلات: ئەم شەڕە، شەڕی لوبنان نیە بەڵکوو حکوومەتی ئێران بەسەر لوبنانی دا سەپاندوە
- پشتیوانیی کاربەدەستانی ئێران لە حیزبوڵڵاو هەڕەشە لە ئیسرائیل
- سەردانی نوێنەری حیزب لە کونسولگەریی ئوتریش لە وانکووێری کانادا
- بەیاننامەی دەستەی بەڕێوەبەریی لاوان لە دەرەوی وڵات بەبۆنەی ٢٢ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی تیرۆری د.قاسملوو هاوڕێیانی
- سمینارێك لە فینلاند بەبۆنەی حەڤدەیەمین ساڵیادی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمر
- دەستبەسەرکردنی ژنێك لە بانە
- لێدانو دەستبەسەرکردنی هاووڵاتییەك
- دادگاییکردنی دوو ڕۆژنامەنووسی کورد
- بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێك لە لەندەن بەبۆنەی ١٧هەمین ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملوو
- بریندار بوونی هاووڵاتییەك لە پێکدادانی نێوان خەڵكو هێزەکانی ڕێژیم لە ناوچەی مەریوان
- هێرشی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر گوندێکی بانە
- سوپاسنامەی دەستەی نوێنەرایەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات بۆ بەشداربووانی ڕێپێوانی ویەن
- بەندکراوێکی سیاسی، ڕەوانی بووە
- هەڵسووکەوتی دڕندانەی هێزە ئەمنییەتییەکان لەگەڵ لاوانی دەستبەسەرکراوی مەهابادیدا

# لە حەڤدەهەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور قاسملوودا

## مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

### ـ شەهید بوونی دوکتور قاسملوو تەنیا بە نەگبەتیی میللەتی کورد دەزانم

### ـ باشترین وەفا بۆ دوکتور قاسملوو ئەوەیە کە هەوڵ بدەین زۆر دوکتور قاسملووی دیکەمان هەبێ

هەڤپەیڤین: عەلی بداغی

**ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٩٨٩/٧/١٣ی ز) ئەگەر ڕۆژێکی ڕەش لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورددا بوو، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆست کەوتنێکی گەورە بوو. لەو ڕۆژەدا نەتەوەی کورد یەکێک لە بلیمەتترین و زاناترین ڕۆڵەکانی خۆی و حیزبی دێمۆکراتیش مامۆستای ڕێبەر و سکرتێری گشتیی لێوەشاوە و پایەبەرزی خۆی لەدەست چوو. دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە سەر مێزی وتووێژدا لوولەی چەکەکانیان ڕوو بە سینگ و مێشکی دوکتور و هاوڕێیانی خستەکار، لەوپەڕی سەرسوڕمانی بیروڕای گشتیدا لەلایەن دەوڵەتی ئۆتریشەوە بەرەوتاران ئیسکۆرت کران.**

**پەروەندەی تیرۆری ڤییەن سێ قۆناغی بڕی، بەڵام لەو نێوەدا خوێنی قوربانیانی ڕێی ئازادی و دێموکراسی، مرۆڤایەتی و دادپەروەری بووە قۆچی قوربانی ساتوسەودا و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتان و پەڵەیەکی شوورەیی کەوتە تەوێڵی مرۆڤایەتی.**

**بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر و تیشک خستنەوەی سەر پەروەندەی تیرۆری ڤییەن و دوائاکامەکانی، وتووێژێکمان لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە پێک هێناوە:**

**مامۆستا بەرلە هەموو شتێک زۆر سپاس لەوەی ئەم دەرفەتەتان پێداین تا لە نزیکەوە بتاندوێنین.**

ئەمنیش سوپاسی ئێوە دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان پێک هێنا تا لەم بارەیەوە چەند قسەیەک بکەم. چونکە پێم وایە ئەم پەروەندەیە دەبێ لە زەینی نەتەوەی کورد و لایەنگران و دۆستانی کورد و ئازادیخوازان دا بە زیندوویی ڕابگیرێ تا ئەو کاتەی دەرفەتێکی وا پێک دێ کە ئەو مەسەلەیە لە دادگایەکی زیسەلاحدا جارێکی دی بێتە گۆڕێ و تاوانبارانی ئەم پەروەندەیە ئەگەر سزاش نەدرێن، لانی کەم لەبەر چاوی بیروڕای گشتیی جیهاندا ڕیسوا بکرێن و بناسێندرێن.

**بەڵێ مامۆستا، مامۆستا بۆ سەرەتای چوونە نێو باسی پەروەندەکە و بۆ ئەوەی بڕێکیش بۆ ئەسڵی ڕووداوەکە گەڕابێتمەوە هێندێک لە زانیارییەکانی "کێسلێر" سەرۆکی گرووپی دژە تیرۆری ئەوکاتی ئۆتریش دێنمە گۆڕێ. کێسلێر دەڵێ کە دوکتور قاسملوو دڵنیایی و جۆرێ متمانەی تەواوی بە دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و قاتڵەکانی خۆی هەبووە. هەر لە ڕەکێش کردنی بەرەو ڤییەن ڕا تا نهێنی هێشتنەوەی وتووویژەکان لە ڕێبەرایەتیی حیزب و تەنانەت لەبەرچاوی بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی ئوتریش. لێکدانەوەی بەڕێزتان سەبارەت بە قسەکانی کێسلێر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو "متمانە" پێکردنەی دوکتور قاسملوو بە قاتڵەکانیدا چیە؟**

ـ ڕەنگە ئەم قسەیە هێندێک باوەڕ بە خورافات بگەیەنێ بەڵام ئەگەر بەوەش تاوانبار بکرێم دەڵێم تەسلیم بوونی دوکتور قاسملوو لەو قەزیەیەدا تەنیا بە نیشانەی نەگبەتیی میللەتی کورد و چارەڕەشیی ئەو نەتەوەیە دەزانم کە عەقڵی دوکتور قاسملوو بەو جۆرە گەمارۆ درا کە بتوانن دوکتور قاسملوو بەفریو بەرن. دوکتور قاسملوو بۆخۆی سەبارەت بە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هێندێك ئەسڵی گەڵاڵە کردبوو کە لەوانە ئەوە بوو کە وتووێژ نابێ نهێنی بێ، وتووێژ دەبێ لەسەر داخوازەکانی نەتەوەی کورد بێ و زۆر شتی لەو بابەتە، کە دەبینن لێرەدا ئەوەی لەبەرچاو نەگرتوە. دوکتور قاسملوو زۆر جاران لە بۆنەی جۆراوجۆردا بە شۆخی و نیوە جیددی قسەیەکی لە باوکی دەگێڕایەوە کە دەڵێ ئەگەر تووشی عەجەمی بووی ـ دیارە مەبەستی لە عەجەم دەسەڵاتبەدەستان بووە ـ ئەگەر پێت کرا بیکوژە دەنا لەبەری هەڵێ، دەنا زمانی بت گاتێ فریوت دەدا. کەچی بەو حاڵەش دوکتور قاسملوو تەسلیمی ئەو مەرجانە بوو کە کۆماری ئیسلامی بۆ وتووێژ دای‌نابوون و ئامادە بوو بە بێ پارێزەر و بەبێ واسیتە لەگەڵیان دابنیشێ. ئەوەی کێسلێر گوتوویەتی لە هێندێك بارەوە تەواو ڕاستە. ئەوەی کە لێیان دڵنیا بووە تەواو ڕاستە، ئەوە کە نەی‌هێشتوە هاوڕێیانی ئوتریش وەك بەرپرسی کومیتە لە باسەکە ئاگادار بن ئەوەش بە تەواوی ڕاستە، بەڵام ئەوە بە تەواوی پێچەوانەی حەقیقەتە کە گۆیا ئەم باسە لە ڕێبەرایەتیی حیزب شاردراوەتەوە. مەسەلەی ئەو وتووێژە کە لە دوو ساڵیش دابووە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٨ و سەرەتای ١٩٨٩ جارێك و پاشان لە ١٢ و ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩دا جارێکی دیکە بووە، هەر دوو جارەکە لە دەفتەری سیاسیدا بە دوورو درێژی باسی لەسەرکراوە، تەنانەت جارێکیان کە داوای وتووێژیان کردبوو، کاك دوکتور سەعید لە ئورووپا بووە، دوکتور قاسملوو دەفتەری سیاسی دەڵێن با نوێنەرانی دەوڵەت لەگەڵ ئەو دابنیشن. ئەوان ئیسراریان دەبێ کە نەخێر هەر دەبێ لەگەڵ خۆت بێ. سەیر ئەوەیە تەنانەت ئەوەش نەکەوتۆتە بەر سەرنجی دوکتور قاسملوو کە ڕەنگ بێ ئەوە پیلانێك بێ دژی شەخسی دوکتور قاسملوو بیانەوێ تیرۆری بکەن. مەبەستم ئەوەیە کە بە هیچ جۆر ئەوە ڕاست نیە کە ڕێبەراتیی حیزب لەو مەسەلەیە ئاگادار نەبووە.

**کەواتە دوکتور قاسملوو بۆ ئەو کارەی کرد؟ بۆ وتووێژی بەو مەرجانەوە قەبووڵ کرد؟**

دوکتور قاسملوو پیاوێکی زانا و مەنتیقی بوو، بە مەنتیق لێکدانەوەی لەسەر کێشەکان هەبوو ئەو تەحلیلی ئەوەی دەکرد کە کاتێك کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر دوژمنێکی بیانیدا کە دروشمی لەنێوبردنی دەدا، ئامادە بێ سازش بکا و بۆ پاراستنی خۆی تەسلیم ببێ، بۆ ئامادە نەبێ لەگەڵ بەشێك لە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی و چارەسەری کێشەکان سازش بکا؟ پێی وابوو وەختێکی خومەینی دەیگوت ڕێگای قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێ و دەبێ حکوومەتی سەددام حسێن بڕووخێ و لە پاشان جامی ژەهر دەخواتەوە، کەوابێ مەنتیقی‌یە کە بتوانێ لەگەڵ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردیش وتووێژ بکا و کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێرانیدا چارەسەر بکا. دوکتور قاسملوو ئاوای بیردەکردەوە. بەم بۆنەوە شتێکم بیر دێتەوە کە مناقشەم لەگەڵی دەکرد. دەیفەرموو کە کۆماری ئیسلامی خۆڕاناگرێ، چونکە وەزعی ئابوورییەکەی خراپە ئەمن دەم گوت وەزعی ئابووریی کۆماری ئیسلامی کار ناکاتەسەر ڕێژیم و بەوە ناڕووخێ. دەی گوت نا، ئابووری تەئسیراتی خۆی درەنگ نیشان دەدا بەڵام کە نیشانی دا بێ‌ڕەحمە بەزەیی بەکەسدا نایە، ئەوە مەنتیقە. دەم گوت ئیشکالی کاری تۆ لەوەدایە کە بە عیلم و مەنتیق بیردەکەیەوە و ئیستیدلال دەکەی، کۆماری ئیسلامی بە عیلم و مەنتیق نەهاتۆتە سەر کار تا بە عیلم و مەنتیق بڕووخێ. ئەمانە لە خومس و زەکات بەشی لەسەر پێ ڕاوەستانی خۆیان پەیدا دەکەن، باکی ئەوەشیان نیە داخوا خەڵکی ئێران برسی‌یە یا تێرە، ئێران ئاوەدانە یا وێرانە. یانی "تبعیت" لەو مەنتیقە کە وەختێکی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر بێگانەدا تەسلیم بووە، بۆ حازر نیە لەگەڵ خەڵکی خۆی وتووێژ بکا، دوکتور قاسملووی تووشی ئەو هەڵەیە کرد، بێجگە لەوەش دەزانین نەك هەر دوکتور قاسملوو، دنیای دەرەوەش بە تایبەت ئورووپا هەموویان بە دروشمەکانی ئاغای ڕەفسەنجانی بەفریو چووبوون کە گویا ئەو کابرایە دەتوانێ واقع گەرابێ، پراگماتیست بێ، ئەوەش تەئسیری خۆی هەبوو.

شتێکی دیکەش کە لەسەر قبووڵکردنی وتووێژ تەئسیری هەبووە، ئەوە بوو کە پاش وەستانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق بزووتنەوەی کورد لە عێراقیش تووشی وەزعێکی نالەبار هاتبوو لە ڕاستی‌دا بزووتنەوەی کورد لە هیچ کام لە وڵاتەکاندا پەناگایەکی نەبوو. دوکتور قاسملوو پێی وابوو ئەگەر بتوانێ بە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەشێکی کەمیش لە داخوازەکانی گەلی کورد لە ئێران بە دەست بێنێ، قەیدی نیە. چونکە بۆ ماوەیەك کوردستانی ئێران دەتوانێ ببێتە پەناگە و جێ حەسانەوەیەك بۆ تێکۆشەرانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا.


**مامۆستا باسی ئەوەتان کرد کە دوکتور قاسملوو تەسلیمی بارودۆخێك بوو کە تەنانەت ڕەکێشی ڤییەن بکرێ، لە حاڵێکدا پێشتر بۆخۆی دەی‌زانی کە هەر لەو شارە هەوڵی تیرۆرکردنی کاك مەسعوود بارزانی دراوە. ئەوە چ هەلومەرجێك و زەرووەتێك بوو کە کاك دوکتوری تەسلیمی ئەو واقیعە کرد؟**

دوکتور قاسملوو تەسلیمی وەزعەکە نەببوو، بەڵکوو قەبووڵی ئەو شەرایەتەی کردبوو کە وتووێژ بکا. ئەگەر لەبیرمان بێ مەسەلەی هەوڵی تیرۆری کاك مەسعوود بارزانی دەنگدانەوەیەکی زۆری نەبوو، یانی لەواقعدا تەنیا هێندێ کەس ئەوەیان دەزانی و دەنگدانەوەی ئەوتۆی نەبوو، پاشان جیاوازییەك لەو نێوەدا هەبوو، دەوڵەتەکان دوو دەوڵەتی دژ بە یەك بوون. پاشان وەك گوتم ئەو هەلومەرجەی لە ئێران هاتبۆ پێش لەگەڵ هەلومەرجی عێراق جیاوازیی هەبوو. عێراق لەشەڕدا سەرکەوتبوو ئێران لە واقیعدا تێك شکابوو. ئەوانە هەموویان وایان کردبوو کە دوکتور قاسملوو مەرجەکانی ئەوان قەبووڵ بکا. ئەوەشمان لەبیرە کە لە خولی یەکەمی وتووێژەکاندا دوکتور قاسملوو بە تەنێ نەچووبوە سەر مێزی وتووێژ. مام جەلال و کاك نوشیروان مستەفا لە یەکیەتیی نیشتمانیی لەگەڵ بوون یەکەم ئەوەی هەموو جارێ (٣ جار پێکەوە دانیشتوون) هەر جارەی لە شوێنێك دانیشتوون و کۆبوونەتەوە، لە پاشان بۆ خۆیان بێ‌ئەوەی شوێنی کۆبوونەوەکە ڕابگەیەنن چوون و هەر لایەنێکیان بەجیا بە ماشێن هێناوەتە شوێنی کۆبوونەوەکە و ١٩ کەسیش پارێزەری ئەو کۆبوونەوانە بوون کە لەوانە چەند کەسێکیان موسەللەح بوون و دەمانچەیان پێ‌بووە. چونکە لە وڵاتانی دەرەوە خەڵك دەتوانێ بە پێی ڕێوشوێنێك چەکی چووکی هەبێ.

**مامۆستا! پەروەندەی تیرۆری ڤییەن لە بەشی پۆلیس تا دەزگای قەزایی لە ژێر کارتێکەری دەوڵەتی ئوتریش بە تایبەت وەزارەتخانەکانی نیوخۆ و دەرەوەدا تەنانەت بە پێشێلکردنی خودی یاساکانی ئەو وڵاتەش ڕەوتی ئوسووولیی خۆی نەگرتەبەر. مەترسییەکانی بەدواداچوونی قەزایی ئەم پەروەندەیە بۆ دەوڵەتی ئوتریش چ بوون؟**

ناتوانین بڵێین مەترسییەکانی بەدواداچوونی ئەم پەروەندەیە، چونکە بەدواداچوونی تێدا کرا، بەڵام لە واقیعدا دەبێ بڵێین تێبینی‌یەکان بۆ ماستماڵی کردن و دیزەبەدەرخۆنە کردنی ڕاستییەکان و حەقیقەتەکانی ئەو پەروەندەیە چ بوون؟ دەوڵەتی ئوتریش کاتێك بە ڕەسمی قسەی دەکرد، جۆرێك قسەی دەکرد و کە لەگەڵ ئێمەدا دادەنیشت جۆرێکی دیکەی دەگوت. کاتێك بەرپرسان بە غەیرە ڕەسمی لەگەڵ ئێمە واتە حیزبی دیموکرات یا لەگەڵ خوێنگرانی شەهیدەکانی ڤییەن قسەیان دەکرد بە ئاشکرا دەیانگوت کە ئێمە دەزانین کۆماری ئیسلامی ئەو کارەی کردوە و ئەوە شکی تێدا نیە. بەڵام ئێمە بە سەدان کەسمان لە ئێرانێ هەیە، ئەگەر ئێمە شتێك لەوانە بکەین یان حوکمێك بدەین لەوانەیە گیانی خەڵك و دیپلۆماتەکانی ئێمە بکەوێتە مەترسییەوە.

لە واقیعدا ئەو پەروەندەیە نەبەسترا، ئەو پەروەندەیە تەعقیب کرا و ٣ قۆناغی دادگای بڕی. بەڵام لێرەدا نەك لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەڵکوو لەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش تەرەف بووین. ئەوە دەوڵەتی ئوتریش بوو کە تەرەفی کاری ئێمە بووو پەردەپۆشی لە تەواوی حەقیقەتەکانی نێو پەروەندەکە کرد. بە پێچەوانەی دادگای میکونووس کە لەوێدا هیچ نیشانەیەك لەبەر دەستدا نەبوو بە لێکۆلینەوەی ورد و هەمەلایەنە توانییان سەرە داوەکان پەیدا بکەن و تیرۆریستەکان بدۆزنەوە، لە ئوتریش تەواوی بەڵگەکانیان بەدەستەوە بوو، تیرۆریستەکانیان لەبەر دەستدا بوو. بەڵام ئازادیان کردن و ناردیاننەوە. وانیە پەروەندەکە تەعقیب نەکرابێ، تەعقیب کرا بەڵام ئەوان وایان کرد کە ئێمە



عەبدوڵڵا حەسەنزادە

**زۆر لە مێژە گوتراوە کە بۆشکەیەك نەوت بەقەت ناڵەی هەزاران زۆر لێکراو، لە لای دەسەڵاتە گەورەکان تەئسیری هەیە. بەداخەوە ئەوە ڕاستە. ئەگەر دیقەتمان کردبێ دەوڵەتانی ئوروپایی لە لایەك و خودی ئەمریکا لە لایەك لەواقیعدا مسابەقەیان هەبوو، پێشبڕکێیان لەسەر کۆماری ئیسلامی هەبوو، داخوا کامیان بتوانێ بازاری ئێران وەدەست بێنێ، نەوتی ئێران وەدەست بێنێ و بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیانی تێدا بچەسپێنن**

**دەیفەرموو کە کۆماری ئیسلامی خۆ ڕاناگرێ، چونکە وەزعی ئابوورییەکەی خراپە ئەمن دەمگوت وەزعی ئابووریی کۆماری ئیسلامی کار ناکاتە سەر ڕێژیم و بەوە ناڕووخێ. دەی‌گوت نا، ئابووری تەئسیراتی خۆی درەنگ نیشان دەدا بەڵام کە نیشانی دا بێ‌ڕەحمە بەزەیی بەکەسدا نایە، ئەوە مەنتیقە**

دادگایەکە بدۆڕێنین.

**ماموّستا مەسەلەی لە مەترسیدابوونی گیانی دیپلۆماتەکانی ئۆتریش بوو کە ئاقاری پەروەندەو مەحکەمەکەی گۆڕی یا ساتوسەودای بازرگانیو شتی دیکە؟**

مەسەلەکە هەر بەرژەوەندیی ئابووریی بوو، ئەو هەموو دیپلۆماتە بۆ لەوێیە؟ هەیئەتی دیپلۆماسی دەتوانێ ١٠ کەس بێ، ئەوان بۆخۆیان دەیانگوت بەسەدان کارناسیان لەوێیە، معامەلەو سەودای گەورەی چەکوچۆڵیان لە نێواندا هەبوو، هەموو ئەو شتانە بوون. یانی لە واقیعدا ئەگەر ئەوان کۆماری ئیسلامییان ریسوا کردبایە دەیانزانی کە کۆماری ئیسلامییش دەتوانێ ئەوان ریسوا بکا، چونکە بە پێچەوانەی هەموو "تعهدات"ێکی نێونەتەوەیی کە نابێ چەکوچۆڵ بە وڵاتانی لە حاڵی شەڕدا بفرۆشرێ، دەوڵەتی ئۆتریش چەکوچۆڵی بە هەردوو تەرەفی شەڕی ئێرانو عێراق فرۆشتبوو. کۆماری ئیسلامی دەیتوانی ئوتریش ریسوا بکا، بۆیە دەوڵەتی ئۆتریش هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە پەردەپۆشی لە واقعییاتی پەروەندەکە بکا بۆ ئەوەی هەم دیپلۆماتو کارگێڕە ئابوورییەکانیان لە ئێراندا پارێزراو بنو بەرژەوەندی لە ئابوورییەکانیان وەمەترسی نەکەون، هەمیش خاڵە لاوازەکانیان ئاشکرا نەبێو لێیان لەقاو نەدرێ، هەرچەند بە جۆرێك لە جوران ئەوانە بۆ دنیای دەرەوە هەر دەرکەوتن.

**ماموّستا باسی فرۆشتنی چەکوچۆڵ لە لایەن ئوتریشەوە بە ئێرانو عێراقت کرد. هاوکات لەگەڵ دادگاییەکی پەروەندەی ڤییەن، ئەو مەسەلەیە لە دەزگای قەزایی ئۆتریش لە پەروەندەی "نۆریکوم"دا هاتبۆ گۆڕێ کە حیزبەکانی گەلو ئازادیو سەوزەکانی ئۆتریش وەگەڕیان خستبوو. ئەو پەروەندەیە بە بڕوای ئێوە چەندە کارتێکەری بوو لەسەر پەروەندی تیرۆری ڤییەن؟ بەڕێزتان پێوەندییەیێك لەو نێوەدا دەبینن؟**

ــ ئەمن پێم وانیە کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر بووبێ، چونکە دوو شتی لێك جیاواز بوون. لە پاش ئەوەش دەلیلێك نیە بۆوەی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو ببەسترێ یان بێدەنگەی لێ بکرێ لەبەر ئەوەی پەروەندەی "نوریکوم" بە جۆرێکی دیکە بەدواداچوونی لەسەر بکرێ، بە پێچەوانە، ئەوە بە قازانجی دەوڵەتی ئۆتریش بوو کە ئەو ریسواییە پەردەپۆش بکرێ، مەسەلەی تیرۆری دوکتور قاسملوو کە ئەوان دەیان توانی پەردەپۆشی بکەنو دیپلۆمات تیرۆریستەکانیان ناردەوە بۆ ئێرانو بە رواڵەت ئەوە عەمەلێکی تیرۆریستی بووەو ئەوان دەستیان تێدا نەبووە.

ئێستا ئەوە هاتۆتەگۆڕێ پێم خۆشە ئەو باسە تەواو بکەم کە گوتم ئێمە لە پەروەندەی ڤییەن دا لەگەڵ دەوڵەتی ئوتریش بەرورروو بووین. ئەو پەروەندەیە نەبەسرا، دەتوانم بڵێم ئێستاش نەبەسراوە، ئێمە وازمان لێ هێنا

**بۆ ماموّستا؟ دەلیلەکەی چ بوو؟**

دەلیلەکەی ئەوە بوو کە ئەو پەروەندەیە سەرەتا لە دادگای شاری ڤییەن هاتە گۆڕێ. لەوێ ئێمە راستەو راست لەگەڵ دەوڵەتی ئۆتریش بەرەوو بووین. دیارە نەك وەك حیزبی دێموکراتو بەو ناوە، بەڵکوو وەك وەرەسەو خوێنگرانی دوکتور قاسملوو کە زۆرتر لە خاتوو هێلین قاسملوو، خۆشکە نەسریندا خۆی دەدیتەوە، لەوێدا مەحکوومیان کردین. لە پاشان حەقمان هەبوو شکایەتەکە بەرینە دادگای ناوچەی ڤییەن واتە پارێزگای ڤییەن.

شکایەتەکەمان لەو دادگایەش هێنایە گۆڕێ، دیسان هەر دەوڵەتی ئوتریش تەرەفی ئێمە بووو مەحکومیان کردینەوە.

پاشان حەقمان هەبوو ئەو دادگایە بەرینە دادگای فیدراڵی ئوتریش. پەروەندەو شکایەتەکەمان بردە ئەوێ. لە دادگای فیدراڵیشدا جارێکی دیکە لە لایەن دەوڵەتی ئوتریش را مەحکووم کراین. مەحکووم کە هیچ، نیزیك ٧٥ هەزار فرانکی فەرانسەشیان جەریمە کردین کە گۆیا ئەوە هەزینەی دادگایەو دەبێ بیدەین! ئەمن بۆ خوم لە دەرەوەی وڵات بووم. خۆشکە نەسرین هەموو ئەو بە سەرهاتەی بۆگێرامەوەو گوتی تەنیا ریگەیەکمان هەیە، ئەویش ئەوە کە ئەو شکایەتە بەرینە دادگایەکی نێونەتەوەیی. لێم پرسی باشە ئەگەر بیبەینە دادگایەکی نێونەتەوەیی کە یەکجار پڕ خەرجەو لەوانەیە لە مانگ دا سەدان هەزار دۆلاری تیبچێ، بە باوەڕی تۆ ئێمە تێیدا



شەهید دوکتور قاسملوو

شەهید عەبدوڵڵا قادریئازەر

سەر دەکەوین یا نا، چونکی ئەتۆ لە هەموو وردودرشتی ئەو پەروەندەیە ئاگاداری؟ گوتی نا، چونکی تەرەفەکەمان دەوڵەتی ئوتریشەو ئەویش هەموو شتێکی لەبەر دەست دایەو ئێمەش چمان لەبەر دەستدا نیەو مەحکووم دەبین. گوتم مادام وایە جارێ لێیگەڕێن باشە، چونکی رەنگبێ ماوەیەك تەبلیغاتی لەسەر بکرێ، بەڵام ئەوە کەڵکی وای نیە، بەو حاڵەش ئەمن بڕیاری یەکجاری نادەم. با بزانین هاوڕێیان رایان چیە.

خۆشکە نەسرین گوتی باشە ئەگەر ئەوەش نەبوو ئەمن پێشنیار دەکەم کۆنفرانسێکی چاپەمەنیی لەسەر بگرم، گوتم ئەو کۆنفرانسە مەتبوعاتییە هەزینەی چەند دەبێ، کەڵکەکانی چین؟ گوتی ئەگەر بمانەوێ موحتەرەمانە بێ رەنگبێ ٥٠ هەزار دولاری تێ بچێ، فایدەکەشی ئەوەیەکە لە قاودان دەبێ دژی ئێران، لە دژی ئوتریش، دەنا تەئسیراتێکی دیکەی نیە.

ئەمن کە لەگەڵ دوکتور سەعیدی رەحمەتیم مەسەلەکە هێنایە گۆڕێ، دوکتور شەرەفکەندی لە بارەی مەسەلەکەی هەوەڵدا گوتی ئەمنیش نەزەرم وەك تۆیە، ئەوە خەرجێکی زۆری دەوێ کە ئێمە نیمانە، لە پاشان کاتێك لەسەرەتاوە دەزانین کە تێیدا سەرناکەوین بۆ کارێکی ئاوا بکەین؟ بۆ ئەوەی دیکەش موافەقەتی نەکردو گوتی بۆ ئەوەی ٢ رۆژان ٣ رۆژنامە نیوەستوونێك لەم بارەیەوە بنووسن یا نا، ئێمە لە شەرایتێکی وادا نیین کە بۆ ئەوە ٥٠ هەزار دۆلار خەرج بکەین، هەر بۆیە لەوەش گەڕێن.

**ماموّستا دەفەرموون کە ئەو پەروەندەیە نەبەستراوە بەڵکوو ئێمە بە پێی ئەو هەلومەرجە لە بەدوا داچوونی پەروەندەکە لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا وازمان هێناوە. ئەدی چ شتێك، چ هەلومەرجێكو چ گۆڕانێکی دی دەتوانێ دیسان ئەو پەروەندەیە بکاتەوە؟**

رەنگبێ پێش هەموو شتێك گۆڕانی سیاسەتو هەڵوێستی دەوڵەتی ئوتریش بتوانێ کاریگەریی هەبێو ئەمن بە داخەوە لە ئاسۆدا نیشانەکانی ئەو گۆڕانە نابینم لە پاشانیش دەبێ بیروڕایگشتیی نێونەتەوەیی، ئەو هێزانەی کاریگەرییان لەسەر بڕیاردان لەسەر قەزایای نێونەتەوەیی هەیە بتوانن یارمەتیدەر بن یان بارو دۆخەکە لەبار بێ بۆوەی یارمەتی بدەن. هەمیش حیزبی دێموکرات لە باردۆخێك دابێ کە بتوانێ سەدان هەزارو بە میلیون دۆلار خەرجی دادگایەکی ئاوا بکا. ئەگینا حیزبی دێموکراتو وەرەسەی دوکتور قاسملوو هەموو وەختێك دەتوانن ئەو پەروەندەیە زیندوو بکەنەوە.

**ماموّستا لە کاتی تێرۆری دوکتور قاسملوودا ئێمە دەبینین جگە لە هەوڵێکی زۆر بچووکی ئامریکا بە مەبەستی گوشار خستنە سەر وڵاتی ئوتریش، هیچ دەوڵەتو لایەنێك هەڵویستێکی ئەوتۆیان لە بەرامبەر ئەو کێشەیەدا نیە، کەس فشار ناخاتە سەر ئوتریش بۆ بەدوادا چوونی قەزاییی ئەم پەروەندەیە، ئەم بێدەنگییە، ئەم بێ هەڵویستییە لە ئاستی جیهانیدا بۆ چی دەگەڕێننەوە؟**

زۆر لە مێژە گوتراوە کە بۆشکەیەك نەوت بەقەت ناڵەی هەزاران زۆر لێکراو لە لای دەسەڵاتە گەورەکان تەئسیری هەیە. بەداخەوە ئەوە راستە. ئەگەر دیقەتمان کردبێ دەوڵەتانی ئوروپایی لە لایەكو خودی ئەمریکا لە لایەك لەواقیعدا مسابەقەیان هەبوو، پێشبڕکێیان لەسەر کۆماری ئیسلامی هەبوو، داخوا کامیان بتوانێ بازاری ئێران وەدەست بێنێ، نەوتی ئێران وەدەست بێنێو بەرژەوەندییەکانی خۆیانی تێدا بچەسپێنن. لەبەر ئەوە ئەوان حازر نەبوون بۆ دیفاع لە حەقو حەققانییەت، بەرژەوەندییە ئابووریو تەنانەت پێوەندیە دیپلۆماسییەکانیان بخەنە مەترسییەوە. تائێستاش بەداخەوە ئێمە لەگەڵ ئەو نەخشو نیگارە بەرەورووینو شتێکی زۆر لە قەزیەکە نەگۆڕاوە.

**ماموّستا بۆ پرسیارێکی پێشووم دەگەڕێمەوە. لە دادگای میکۆنوسدا بەنی سەدرو میسباحی، شاهیدی C بەو زانیارییە وردانەی دایانە دادگا، پەردەیان لەسەر نهێنی "کومیتەی کاروباری تایبەت" لادا کە تێیدا گەورە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی وەك رێبەرو سەرۆك کۆمارو وەزیری دەرەوە بەشدارنو فەرمانی کوشتنی نەیارە سیاسییەکانیان دەردەکەن. هەر لەویش باسی ئەوە هاتە گۆڕێ کە ئەو کومیتەیە بڕیاری تێرۆری دوکتور قاسملووی داوە. دەرکەوتنی ئەم راستییانەو بوونی ئەو شاهیدانە نەیدەتوانی بە جۆرێك کاربکاتە سەر پەروەندی تێروری ڤییەن؟**

دیارە ئەو ئیفشاگەریو لەقاودانەی بەنیسەدر کردی زیاتر دەتوانین بڵێین بێجگە لەو مەعلووماتەی بۆ خۆی هەیبوو وەك سەرکۆماری پێشووی ئێران، ئەوە میسباحی بوو کە دەلایلو بەڵگەی زۆری بەدەستەوە بوو، لەم بارەیەوە پێم خۆشە حق بە حەقدار بدرێ، لە واقیعدا ئەبولقاسم میسباحی بۆ خۆی ئەوە نەبوو کە بچێ ئەو کارە بکا ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاریەکی کە دوکتور بەنیسەدر لەو کاتەدا کردی. ئەوە تەئسیرێکی زۆری هەبوو بە تایبەت لەسەر ئەوە کە دادگای ئەڵمان بتوانێ راو نەزەری خۆی بە سەر دەوڵەتی ئەڵماندا بسەپێنێ چونکی لەویش دەوڵەت رای وابوو کە ئەو پەروەندە بە جۆرێك لە جۆران پەردە پۆشی بکرێ بەڵام دادگا توانی نەزەری خۆی بەسەر دەوڵەت دابسەپێنێ. ئەوە زۆر تەئسیری هەبوو. تەواوی نەخشەکانی کۆماری ئیسلامیو ئەو کومیتەیەی کە بە حەقیقەت دەتوانرێ بە کومیتەی تیرۆر ناو ببردرێ، مەقاماتو بەرپرسانی هەرە بەرزی کۆماری ئیسلامیش تێیدا پلانرێژ بن، ئەو کومیتەیە ئاشکرا کراوو کاتێك ئێران حاشای لێکرد کابرا واتا میسباحی شتی بەدەستەوە بوو، بەڵگەو فیلمی بەدەستەوەبوو، ئەو کە لە نیزیکەوە بوو شتی وای نیشان دەدا کەغەیرە قابیلی ئینکارو حاشا لێکردن بوو. ئەمە توانی زۆر شت بکا بەڵام نەیدەتوانی تەئسیر گوزار بێ بۆ زیندوو کردنەوەی پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو، چونکی ئەو قەزیەو مەسەلەیە لە دادگاکانی ئوتریشدا تەواو ببووو دەبوا بچێتە دادگایەکی نێونەتەوەیی. وەختێکیش ئێمە لە هیچ بارێکەوە بواری ئەوەمان لەبەر دەستدا نەبوو کە دادگای نێونەتەوەیی بخەینە جەریانی کارەکەوە، نەیدەتوانی تەئسیری موسبەتی هەبێ لەسەر پەروەندەی تێرۆری ڤییەن.

**ماموّستا ئەو تێرۆرە بۆ کۆماری ئیسلامی سەرکەوتنێکی گەورە نەبوو؟ پێی غەررە نەبوو؟ چ کاریگەرێکی هەبوو لەسەر ئۆپوزیسیون کۆماری ئیسلامی؟**

ئۆپوزیسیون دەبێ بەش بکەین بە سەر کوردو غەیرە کورد. دیارە لە دەستدانی دوکتور قاسملوو بۆ ئۆپوزیسیونی کوردو لەو نێوانەشدا بۆ حیزبی دێموکرات بەتایبەتی خەسارێکی گەورە بوو. بە خۆشیەوە تێرۆری دوکتور قاسملوو نەیتوانی بەپێچەوانەی زۆر کەس کە پێشبینی ئەوەیان دەکرد حیزبی دێموکرات کەمەری بشکێو لە مەیدان وەدەر بنرێ، بەڵام بەو حاڵەش خەسارێکی گەورە بووو هەتا ئێستا جێی پڕ نەبۆتەوەو رەنگبێ هەتا هەتایەش پڕ نەبێتەوە، چونکی ئەگەر کەسی وەك دوکتور قاسملووشمان لە داهاتوودا هەبێ، جێی دوکتور قاسملوو لە سەردەمی خۆیدا بە بەتاڵی هەر ماوەتەوە. بەڵام مادام کە سەرکەوتنێك بوو بۆ دوژمنانی ئازادی، بۆ تەواویەتی ئۆپوزیسیونی ئێرانی زەربەو خەسارێك بوو. هەروەك دەتوانین بڵێین تێرۆرەکانی دیکەش وەك قەتڵی رێبەرانی حیزبە سیاسیەکانی دیکە وەك موجاهدینو وەك کۆمەڵە زەربەتێکە غەیرە موستەقیمو حیزبی دێموکرات کەوتوە، سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ئەگەر ئەو رێژیمە نیزامێك بۆایە کە ئیعتباری بۆخۆیو پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی دانابایە دەمان توانی بڵێین کە تێرۆری دوکتور قاسملوو کە بۆ ئۆپوزیسیون خەسار بوو بۆ ئەویش ریسوایی‌یەکی گەورەی بە بار هێنا بەڵام ئەوان لەوە تێپەڕ ببوون لە پردی ئابڕووی خۆیان پەڕیبوونەوەو دەیانهەویست نیزامەکەیان بپارێزن بە هەر جۆرێ بێ.

بە تێرۆری دوکتور قاسملوو ئەوان توانییان یەکێك لە گەورەترین نەیارەکانی خۆیان، یەکێك لە بە ئیعتبارترین موخالیفانی خۆیان لەنێو بەرن. بۆیە واقعبینی ئەوەیە کە بڵێین تێرۆری دوکتور قاسملوو بۆ کۆماری ئیسلامی سەرکەوتن بووە. چونکی ئەو، مەسەلە کە لە روانگەی شەڕو بەربەرەکانییەوە سەیری دەکا نەك ئەوە ئێعتباری نێونەتەوەیی دێتە سەر یان دێتە خوارێ یان بیروڕای گشتی جیهانی چۆن سەیری مەسەلەکە دەکا ، ئەوە بۆ ئەوان مەترەح نیە.

**ماموّستا لەم ساڵانەی دواییدا دوکتور مانفرید وایدنگێر، وەکیلی دوکتور قاسملوو بەشێوەیکی مەرمووز تەرمەکەی لە دارستانێکی دەرەوەی شار دۆزرایەوە. پێتان واهەیە پێوەندییەك لە نێوان مەرگی دوکتور مانفریدو پەروەندی تێرۆری ڤییەن هەبێ؟**

ـ ئەمن بەش بە حاڵی خۆم بە دوو هۆ ئەو پێوەندییە نابینم. یەکەم ئەوەی کە وەك گوتم پەروەندەی تێرۆری ڤییەن بە قازانجی دەوڵەتی ئوتریشو ناراستەوخۆ بە قازانجی رێژیمی ئێران تەواو بووە. ئێمە لەوێدا مەحکووم کراوینو نەمان توانیوە کارێك بۆ ئیعلانی کۆماری ئیسلامی وەك تاوانبار بکەین. هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان نیشانیان دا کە دوکتور وایدنگێر بۆ خۆی خۆی کوشتوە تەنانەت دەرکەوتوە کە بە تێغی ریش تاشین لە چەند جێ لە شادەماری خۆی داوە تا خوێنرێژیی زۆر بکاو بمرێ. باشە ئەگەر قەرار بایە پێوەندییەکی بەو پەروەندەیە بۆایە دەبوایە کەسی دیکە بێو لە بەینی بەرێو بیکوژێ. پاشان هیچی بە جێ نەهێشتوە کە نیشان بدا. مەعموولن ئەگەر وابێ دەتوانێ خۆی بکوژێ بەڵام دەبێ شتێك لە پاش خۆی بەجێ بێڵێو بڵێ کە ئەمن لەژێر ئەم فشارانەدا ئەوەم کرد. هیچ شتێك لەوە دەرنەکەوتوە تەنیا بە قەولی فارسەکان "گمانەزنی" بۆ ئەوە کافی نیە پێوەندی‌یەك لە نێوان پەروەندەی ڤییەنو پەروەندەی کوژرانی دوکتور وایدینگێر دا ببینن.

**ماموّستا لە هەڤدەهەمین ساڵرۆژی تێرۆری قاسملوودا چ پەیامێکتان هەیە وەك دواوتە بفەرموون؟**

لە دوکتور قاسملوو دەبێ ئەوپەڕی تەجلیل بکەین بەڵام لە دوکتور قاسملوو شتێکی فەوقولعادە دروست نەکەین ئینسانێکی فەوقولعادە بووە، بەڵام مەوجوودێکی فەوقولعادە نەبووە، وەك هەموو مرۆڤەکان بووە، وەك ئەوان لە دایك بووە بەڵام وەك هەموو ئینسانێکی عادی نەژیاوە، خۆی پێگەیاند، موتالعەی کرد تا بووە ئەو دوکتور قاسملووە. ئەگەر دەمانەوێ رێز لە دوکتور قاسملوو بگرین، دوکتور قاسملوو با نەکەینە خوداو فریشتە کە کەس نەتوانێ بیگاتێ. لە ژیانی دوکتور قاسملوو فێر بین بەتایبەتی لاوان و کیژان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا دوکتور قاسملووی دیکە مان زۆر بن. ئەوە باشترین وەفایە بۆ دوکتور قاسملوو. دوکتور قاسملوو هاتووەو نەخشو نرخی خۆی داناوەو رۆیشتووەو هەتا قیامەت دوکتور قاسملوو بۆ ئێمە نابێتە نانو ئاو. دەبێ دوکتور قاسملووی دیکە لە بزووتنەوەی کورددا دروست بکەین ئەوە باشترین وەفایە بۆ دوکتور قاسملوو. چونکی دوکتور قاسملوو باوەڕی بەوەنەبوو کە شۆڕشگێڕی، سیاسەت، دیپلۆماسی بەوی دەستی پێکردووەو بەوی تەواو دەبێ.

بۆخۆی باوەڕی بەوە هەبوو کە دەبێ پاش ئەویشو لەگەڵ ئەویشدا کەسانی دیکە پێبگەن بۆ ئەوەی میللەتی کورد تەنیا یەك نوختە هومێدی نەبێ. پێم وایە ئەوە باشترین وەفایە بۆ دوکتور قاسملوو کە هەوڵ بدەین رێگای دوکتور قاسملوو کە رێگەی فێر بوونو زانستو خۆپێگەیاندن بووە درێژەی پێبدەین.

*سوپاس ماموّستا بۆ بەشداریتان لەم وتووێژەدا.*

سوپاس بۆ ئێوەش

**ـ یەکەم ئەوەی کە وەك گوتم پەروەندەی تێرۆری ڤیەن بە قازانجی دەوڵەتی ئۆتریش و ناراستەوخۆ بە قازانجی رێژیمی ئێران تەواو بووە**

**ـ هۆیەکی دیکە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان نیشانیان دا کە دوکتور وایدنگێر بۆ خۆی خۆی کوشتوە تەنانەت دەرکەوتوە کە بە تێغی ریش تاشین لە چەند جێ لە شادەماری خۆی داوە تا خوێنرێژیی زۆر بکا و بمرێ**

# کورتە مێژووی کتێب سووتان

## (مێژوی شارستانیەتی ئیسلام) جۆرجی زێدان

سمکۆ (مەریوان)

(ابوالفرج مـالطی) لـە کتێبـی کورتـە مێـژووی دەوڵەتەکانـدا لەمـەڕ گیرانـی میسر لە لایەن (عمروعاص)ەوە بەو جۆرە ئەدوێ: (یەحیا گراماتیکی) هەتا گیرانـی ئەسکەندەرییە بە دەسـتی (عمروعـاص) زینـدوو بـووە. لـەو سـەردەمەدا یـەحیا هاتوچووی (عمروعاص)ی دەکرد. عەمرۆ پێشتر ئاگاداری کەسایەتی بەرزو زانسـتی یـەحیا دەبـێ، بـەو هۆیـەوە ڕێـزی لـێ دەگرێ. عەمرۆ پیاوێکی ژیرو قسـەخۆش بوو، گـوێی بـۆ گوتـارە فەلسـەفییەکانی یـەحیا ڕاگـیری ئـەکا، کـە هـەتا ئـەو سەردەمە عەرەبـەکان گـوێ بیسـتی ئـەو جۆرە گوتارانە نەبوون. عـەمرۆ دەست لـە یەحیا هـەڵ نـاگرێو لـە تەنیشـت خـۆی ڕائەگرێ، تـا ئـەوەی ڕۆژێـك یـەحیا بـە عـەمرۆ دەڵـی: هـەموو کـونو قـوژبنی ئەسکەندەرییە لە ژێر دەسـتی ئێوەدایـەو دەستیان بەسەر هەموویدا گرتووە. بـەڵام ئـەوەی کـەڵکی بـۆ ئێـوە هەیـە، پێشکەشـتان، بـەڵام شـتێکیش کـە بەکـەڵکی ئێـوە نایـەت بیسـپێرنەوە بـە خۆمان. عـەمرۆ پرسی پێویستان بـە چـی هەیە؟ یەحیا گوتی خەزێنـەی حیکمـەت کە لە هەمباری پاشادایە. عـەمرۆ گـوتی: لەو بارەوە بەبێ دەستوری خەلیفە نـاتوانم هیچ بڵـێم. عـەمرۆ نامـەی بـۆ عومـەر نوسی کـە ئـەو خەزێنەیـە بدرێتـەوە بـە یەحیا. عومەر لە وەڵامی ئـەو نامەیـەی عەمرۆدا نووسی (لەمەڕ کتێبەکان دەبـێ بڵـێم ئەگـەر نێـوەڕۆکی کتێبـەکان ڕوەو خودایـە ئـەوە پێویسـتیمان پێـی نیـە، ئەگـەریش بـە پێچـەوانە بـێ دیسـانەوە هەبوونی هیچ قازانجێکی نیە، جا کەوایـە بەهەر لایەکدا بـێ بـۆ لـە نێـو بردنیـان هەنگاو هەڵ بگرە) دوای گەیشتنی ئـەو نامەیـە عـەمرۆ کتێبـەکانی لـە نێـو حەمامـەکانی ئەسـکەندەرییەدا دابـەش کرد تا بە جێـی سـوتەمەنی کـەڵکی لـێ وەرگـرن. شـەش مـانگی تـەواو ئـاوی حەمامەکانی ئەسکەندەروون بە سوتاندنی کتێـب گـەرم کـراوە. ئـەو کەسـانەی کەسایەتی عەرەب بەرز دەبینن ئەو وتانە بە بەرچـاوتەنگی دینـی ئـەزانن و پێیـان ڕاست نیە. هەروەها برێ لـە مێژوونوسـە ڕۆژئاواییەکانیش لەسەر ئـەو مەسـەلەیە پێـداگرنو کتێـبو وتارگـەلی زۆریـان نووسیوە کە لێرەدا لە بۆچوونی نەیارەکان (موسـوڵمانەکان) ئەهێننـەوە، ابـوالفرج یەکەم کەس بوو کە بـە هـۆی مەسـیحی بوونیـەوە، بەمەبەسـتی کـەم نرخانـدنی ئیسلام تاوانی کتێب سووتانی داوەتە پـاڵ عەمروعاص، بـەڵام ئـەوەی عبـدالطیف بەغـدادیو (مقرێـزی)و حـاجی خەلیفـە (مێژوونوسـانی موسـڵمان) لـەو بـارەوە نووسـیویانە وەك بەڵگەیـەکی سـەربەخۆ لەقەڵەم نادرێ. چونکا مقریزی دەقاودەقی وتـەکانی (عبـدالطیفی( گێڕاوەتـەوەو (حـاجی خەلیفـە)ش باسـی شـاری ئەسکەندەریەیی نـەکردوە. بـە بۆچـوونی خاوەن ڕایان، کتێبخانـەی ئەسـکەندەرییە پـێش ئیسـلام بـە دەسـتی ڕۆمییـەکان سـوتاوەو ئەگـەرکاری عـەرەب بایـە مێژوونوسـانی ئیسـلام کتێـب گـەلی پێوەندیدار بـەو شـەڕو سـەرکەوتنانەیان دەنوسی. ئـەوەش کورتەیـەك لـە قسـەی نـەیارەکان: ئێمـە ئـەڵێین کـە بـرێ لـەو کتێبانە بەر ئیسلام سوتاوە بەڵام حاشـاش لەوە ناکرێ کە پاشماوەکەی لـە سـەردەمی ئیسلامدا سوتابێ. ئەوە تەنیا (ابـوالفرج) نیە کە ئەو چیرۆکەی هێناوەتـەوە. بـەڵکو کەسانێکی دیکـەش لـەو بـارەوە زۆریـان نوسیوە. بۆ نموونە (عبـدالطیف بغـدادی)، تـەواوی میسـر گـەڕاوەو ئـەوەی بینیبـێ نوسیویەتی. هەروەها مەسەلەی سوتاندنی کتێبخانەی ئەسـکەندەرییەی بـۆ بیسـتو چەند ساڵ بەر لـە دایکبـوونی (ابـوالفرج) گەڕاندۆتەوە. ئەوەش دەقی نووسـراوەکانی (عبـدالطیف) لەمـەڕ ئـەو مەسـەلەیە. ئەسـتوندەکەکانی دەوروبـەری (عمروسواریە)م دی کە برێکیان بە پێـوەو برێکیان ڕووخا بوون. وادیارە بۆ پێشتر ئەو ئەستوانانە سەرمیچ بەسەریەوە بوبـێ. بـە شێوەیەك کە هێشـتا لـە (عـەمرۆسـوارایە) گۆمبەزێك ئەبینرێو وێدەچێ ئەوە هەمان ڕەواق بێت، کە ئەرێستۆتالیسو پێڕەوانـی لە دوای مەرگی ئـەو وانـەیان ئەگوتـەوە، یان هەمان خوێندنگایە کە ئەسکەندەر هاوکـات لەگـەڵ بینـای ئەسـکەندەرییەدا پێکـی هێنابـێو، پاشـان بـە دەسـتوری خەلیفـە سـوتێندرابێ. لـەئاکامی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانـدا ڕوون بۆتـەوە کە (ابوالفرج) دەنگو باسـی سـوتاندنی کتێبخانـەی ئەسـکەندەریەی لـە زمـانی مێـژوو نوسـێکی موسـڵمان بـە نـاو (جمال‌الدین قفطی)، وەزیری حەلەب ناسراو بە قازی ئەکرەم گێڕابێتەوە مێژوو نوسـی نـاوبراو، نێزیـك بـە چـل سـاڵ بـەر لـە (ابوالفرج) مردووە پاش گێڕانـەوەی ژیـانی یەحیا نـەحویی، دەقـی نوسـینەکانی وەك هی (ابوالفرج) دەرئەکەوێو تاڕادەیـەکیش زیاتر لەو شرۆڤەی کـردوە. ئـەوەش دەقـی وتەکانی جەمالەدینە: یەحیا نەحویی هەتا کـاتی گیرانـی میسـرو ئەسـکەندەرییە بەدەستی عەمروعاس زیندوبووە، ڕۆژێـك یەحیا دەچێتەوە لای عمرۆ، بـەو هۆیـەوە کە عمرۆ پلەی زانسـتی یـەحیا ئـەزانێو هـەروەها لـە پێوەنـدی یـەحیا لەگـەڵ نیساریو بیروبۆچونەکانیدا ئاگادار بـووە، ڕێزی بۆ دائەنێو پلەو پایەکی بـۆ دیـاری ئـەکات، وتـەکانی یـەحیا لەمـەڕ ڕەدکردنەوەی تثلیث [لەمەر ئەبو ئیبنو ڕۆحی پاك لە مەسیحیەتدا] دەبیسێ. یا ئەوەی کە بیروبۆچوونەکانی یەحیا لەمـەڕ جیهـان ناسـیو هـەروەها وتەگـەلی فەلسـەفیو هۆکـارە هزرییـەکانی لـێ ئەبیسێ کە هـەتا ئـەوکات عـەرەب ئـەو چەشنەو تانەیان نەبیستوە، عـەمرۆ کـە ئینسانێکی ژیرو ڕۆشنبیر بووە یـەحیا لـە لای خۆی ڕائەگرێ، تائەوەی ڕۆژێك یەحیا بە عەمرۆ ئەڵێ: ئێوە دەستان بە هـەموو کونو قوژبنێکی ئەسکەندەریەدا گرتـوە، ئەلبـەت ئـەوەی بەکـەڵکی ئێـوە دێ ـ پێشکەشتان، بەڵام ئـەوەی کـە بـۆ ئێـوە قازانجی نیە بیسپێرنەوە بـە ئێمـە، کـە بەڕاستی ئێمە بەرحەق ترین. عمرۆ گـوتی چتان پێویستە؟ یەحیا وەڵامی داوە ، ئەو پـەرتوکو کتێبانـەی کـە لـە خەزێنـەی شـاهانەدا بەنـدتان کـردون، ئێمـە پێویستیمان بەوانە هەیەو بەکەڵکی ئێوە نایـەت. عمـرۆ گـوتی نـاوەڕۆکی ئـەو کتێبانە چیە؟ یەحیا گوتی: پتولومـاوس فیلادلفوس، یەکێ لـە پاشا ناودارەکـانی ئەسکەندەرییە، زاناکـانی لـە خـۆ نزیـك کردوەو ئەوانی هـان دا بـۆ کۆکردنـەوەی کتێبە زانستییەکانو هەروەها ناوەنـدێکی بۆ ئەو مەبەستە ساز کردو کەسێکیش بە ناو "ابن مرة (زمیرە) " ی وەك بەرپرسی ئەو کتێبخانەیە هەڵبژاردووەو فرمانیدا لـە کۆکردنەوەو وەدەست هێنانی کتێب بەهەر نرخێك بێ هەوڵ بدات. بازرگانەکانیش بۆ ئەو مەبەستە تێگەیەندران. زمیرە ئـەو ئەرکـەی گرتـە ئەسـتۆو لـە ئاکـامی هەوڵەکانیدا ٥٤١٢٠ کتێبـی کـۆکردەوە. پاش ئـەوەی هـەواڵ گەیشـتە پاشـا، لـە زومیرەی پرسـی ئایـا لـە دنیـادا کتێبـی دیکە هەیە کە بەدەستی ئێمە نەگـەیبێ.، زومیـرە وەڵامـی داوە: بـەڵێ لـە سـێند، هێند، فارس،گورگان، ئەرمەنستان، بابل، موسڵو ڕۆمدا کتێبی فراوان هەیە. پاشا لـەو وتەیـەی سـەری سـوڕماو فرمانیـدا دیسانەوە هـەوڵ بـدەن تـا کتێبـی زۆرتـر کۆکەینەوە. زمێر دەسـتی بـە تێکۆشـان کـردەوەو هـەتا پاشـا لـە ژیانـدا مـابوو کتێبـی سـەند. جـێ نشـینەکانی پاشـا لـەدوای مـەرگی ئـەو هـەتا ئـەمرۆ ئـەو کتێبخانەیان پاراستووە. عمـرۆ قسـەکانی یەحیای بەلاوە گرنگ ئەبێو دەڵێ: بۆ ئەو مەبەسـتە ئـەبێ لـە خەلیفـە (عومـەر) فرمان وەرگرم. پاشـان نامـە بـۆ عومـەر ئەنوسـێو لـەو مەسـەلەیە ئاگـاداری ئەکات. عومەر لە وەڵامی ئەو نامەیـەدا نووسی: لەمـەڕ کتێبـەکان نوسیبوت، ئەگەر ناوەڕۆکی کتێبەکان لـە سـەرهێڵو ڕێبـازی کتێبـی خـودا بـن ئـەوە کـە پێویسـتمان بـێ نیـە، دیسـانەوە ئەگـەر دژبەو ڕەوشتە بێت پێویستیمان پـێ نیـە، جـا کەوایـە کتێبـەکان لـەناو ببـە، (عـەمروعاص) دوای گەیشـتنی ئـەو نامەیە دەستوریدا هەموو کتێبەکان بـۆ سوتاندن لە توونی حەمامەکاندا لە نێوان حومام چییەکاندا دابەش بکەن. بـە پێـی ڕادەی حومامەکانی ئەو سەردەمە، ڕادەو سـوتەمەنی، شـەش مـانگی گشـت حەمامەکانی ئەسکەندەرییە بەو کتێبانـە گەرم کران. لەوەی کە (ابوالفرج) لـەڕووی هەسـتی ئاینیـیەوە چیرۆکی سـوتاندنی کتێبخانەی ئەسکەندەرییەی گێڕابێتەوە یا کەسێك لە دوای ئـەو پێـی زیـاد کردبـێ هەڵەیە، بەڵکوو، (ابوالفرج) بۆ خـۆی لـە زمـانی (جمـال الـدین)ەوە گێڕاویەتـەوە. هەروەك ئەزانین ئەویش یەکێ لـە دادوەرە بەناوبانگە ئیسلامییەکان بـووەو بەسـەر زانسـتەکانی فیقە،حـەدیس، قورئـان، زمانو مانای ئوسوڵ، هیئت، هیندیسـەو مێـژوودا زاڵ! بـووەو بـە باشـی لێیـان کۆڵیوەتـەوە. سـەرەڕای ئەوانـەش گـەورە بەرپرسـێك بـووەو هۆگرییـەکی زۆری بـۆ کتێب بووە، بە شێوەیەك کـە کتێبـی لـە هەموو شتێ زیاتر ویستوەو بـە جۆرێـك کە کتێبخانەکـەی لـەو سـەردەمەدا بـڕی ٥٠هەزار دینار کتێبی تێدا هەبووە. بەڵام لەوەی کە نووسەرانی کتێبی تایبـەت بـە فتوحاتی ئیسلامی دژ بەو بابەتە نـەبوون هۆکاری تایبەتی هەبووە، بـەڵام وێدەچـێ کە لە کتێبی ناوبراودا ئەو نهێنییە دزەی کردبێتـە دەرێ، بـەڵام پاشـان کـە شارسـتانیەتی ئیسـلام گەشـە دەکـاتو موسـوڵمانەکان بایـەخی کتێـب ئـەزانن، دەورانـی ئـەو کارەسـاتە لـە سـەردەمی خولەفای ڕاشدیین دا بە درۆ ئـەزاننو بـەو بۆنـەوە ئـەو بابەتـەیان لـە کتێبـە مێژوویەکاندا لابردوە. لە ئاکامدا وتەکانی (ابوالفرج) بە هەر جۆرێك بێ دروستە. لـە سەرچاوە مێژوویەکانی ئیسلامدا، هـەوڵی سوتاندنی کتێبخانەکانی ئێرانو هتـد... باس کراوە. نووسەری "کشف الظنون" لـە پاش گێڕانەوەی زانستە پێشـینیەکان ئـەو هەواڵە ئاوەها بە کورتی ئەگێڕێتەوە: هـەر ئەوەی کە موسوڵمانەکان وڵاتـی ئێرانیـان داگیرکـردو دەسـتیان بەسـەر کتێبەکانـدا گرت. (سعدوقاص) نامەیـەك بـۆ عومـەر ئەنوسـێو ئیزنـی لـێ ئـەخوازێ کـە ئـەو کتێبانـە بسـپێرێ بـە موسـوڵمانەکان. عومـەر لـە وەڵامـدا ئەنوسـێ، هـەموو ئەوانە بـەدەم ئـاوە بـدەن . ئەگـەر باسـی ڕزگاری لە کتێبخانـەدا ببـێ ئـەوە خـودا باشتر ئێمەی ڕێنمـونی کـردوە، ئەگـەریش پێچەوانە بێو چەواشـەکاری تێـدا هـەبێ، خودا ئێمەی لـەو چەواشـە کارییـە ڕزگـار کـردوە. (سـعد) ئـەو کتێبانـە بەهـەر شێوەیەك بـوو فەوتانـدیو بـەو شـێوەیە زانستی ئێرانییەکان فەوتێندرا. هـەروەها (ابن خلدون)یش ئاماژەی بـەو مەسـەلەیە کـردووە ئـەڵێ: کەوایـە زانسـتو شارستانییەتی ئێرانی کە عومەر لە کـاتی گرتنی ئێراندا فرمانی لە نێو بردنی دابوو، چی لێهات. لـەو سـەردەمەدا سوتاندنی کتێب بە هۆی دوژمنایەتی لەگـەڵ خـاوەن کتێبـەکان یـان بـەهۆی لوتـەلا بـوون لـە ناوەڕۆکی کتێبەکان، بـاوی هـەبووە. هـەر دەستەو تاقمو نەتەوەیەك نوسراوەو کتێبی نەیارانی خۆی ئەسوتاند. هەروەك لە ساڵی ٢١٣ی کۆچیدا هەواڵی هێنـدێك کتێبـی ئێرانی بـە (عبدالله بـن طـاهر) ئـەدەن، ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێ: هـەمووی بـەدەم ئاودا بدەن، پاشان فرمانی بـە دەوروبـەردا لە هەر شوێنێکدا کتێبی (مـەجوس) یـان وەدەست کەوت لە نێوی ببـەن. هۆلاکـۆی مەغولیش لە ساڵی ٦٥٦ی کۆچیدا بەغدا ئـەگرێو فرمـان ئـەدات هـەموو کتێبخانـەکان، بـەدەم ڕووبـاری دیجلـەوە بدەن. برێك لە مێژوونوسـان لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن، هۆلاکـۆ فرمـانی داوە لـەو کتێبخانە گەورو ئـاخوڕ بـۆ وڵاغـەکانیان دروست بکرێ. بەڵام زۆربەیان لەسەر ئەوە ساغ بوونەتەوە هۆلاکۆ بـە هـۆی خەشـی دڵی لە سونییەکان، هەمووی بەدەم ئـاوی دیجلەوە دابێ. خـاچ پەرەسـتان لـە کـاتی گرتنـی طرابلسـی شـام دا بـە فرمـانی کینـت"برتـران سـان ژیـل" کتێبخانـەی شـاریان ئـاگر تێبـەردا. کینـت هەرکـە دەچێتە ناو هۆدەیـەکو کتێبـی قورئـانی (لەو پێوەنیدیەدا) ئـەبینێ، خێـرا فرمـان ئەدا کتێبخانەکـە ئـاگر تێبـەر دەن. بـەو پێیە باس کراوە نزیـك بـە سـێ میلیـون کتێـب لـەو کتێبخانەیـەدا بـووە. ئیسپانیولیەکانیش لـە کۆتـایی سـەدەی شانزدەدا موسوڵمانەکان لە وڵاتی خۆیاندا وەدەر ئـەنێنو کتێبخانەکەشـیان ئەسوتێنن. دیـن هێنـەران (پێغەمبـەران) لـە سـەردەمانی خۆیانـدا وایـان هەسـت ئەکرد بە لە نێو بردنی پەرستگەی دینـە پێشووەکانو سوتاندنی کتێبەکان جۆرێك یارمەتییە بۆ دینەکەی خۆیان. بـۆ نموونـە زلهێزەکانی ڕۆم لە دوای مەسیحی بوونیان فرمانیـان دا بوتخانـەکانی میسـر کـاول بکـەنو کتێبـەکانیان بسـوتێنن. خەلیفـەکانی ئیسـلامیش کتێبـە فەلسەفەیەکانی (معتزلە)یـان دەسـوتان، تـا بـە بۆچـوونی خۆیـان، بـەرگری لـە گەشـەکردنی ئـەو فیکـرە بکـەن. بـەڵام تاقمی معتزلە بە نهێنی کۆڕیان ئەبەستو بـۆ گەشـە پێـدانی بیروبـاوەڕی خۆیـان تێئەکۆشان. خەلیفەکانیش شـوێن پێیـان هـەڵ دەگـرنو کتێبـەکانیان ئەسـوتاند بەناوبانگ ترین کارەسات لەو پێوەندییەدا داستانی سـوڵتان مـەحمودی غەزنەوەییـە کە دوای داگیر کردنی شاری ڕەی لە ساڵی ٤٢٠ی کۆچیدا هـۆزی (باطنیـە) قـەتڵو عـام ئەکـەنو (معتزلـە) دور ئەخەنـەوەو کتێبەکانیان ئەسوتێنن. بە پێی نووسراوە مێژووییـەکان هێنـدێك لـە زانـا ئیسلامییەکانی وەك (احمد بـن ابوالحـوار) بـەو بۆچـوونەی بـە حەقیقـەتو ڕاسـتی گەیشتووە کتێبـەکانی خـۆی خستووەتە نێو ڕوباری دیجلە. بەو پێیە ڕوون کرایـەوە عەرەبـەکان لـە سـەرەتای ئیسلامدا بـۆ سـەلماندنی ئیسـلامیەتی خۆیـان هەرچـی کتێبگـەلی غـەیرە ئیسـلامی هـەبوو سـوتاندیانو پاشـان کـە تێکـەڵ بـە شارستانیەت بوون پشـتیوانی زانسـتییان کرد. چەندین بەرابەر کتێبو پـەرتووکیان بە دنیای شارستانیەت بەخشی.

**وەرگێـڕدراو لـە حەوتەنامـەی (کتاب جمعة) بەسەر نووسەری ئەحمەد شاملوو، ٥ی ڕەزبەری ١٣٥٨ی هەتاوی.ل١٥٤**

# زمان، وەرگێڕان و پێوەندیی کولتوورەکان

## بەشی شێهەم

## وەرگێڕان و پێوەندی

ن:حسین یەعقووبی

و: سمایل زارعی



دەکرێ وەرگێڕان بە یەکێك لە شێوە هەرە کۆنەکانی پێوەندییەکانی مرۆڤ بزانین کە بـە گشـتی لـەپێناو تێگەیشـتن و درکـی بەرامبـەری مرۆڤـەکان ئـەنجام دراوە. پێشینەی خوێندنەوەی وەرگێڕان بۆ چـەندین سـەدە لـەوەو پـێش دەگەڕێتـەوە. بـەڵام خوێندنـەوەی سـەرو سامان گرتـوو لـەم بیاڤـەدا تـەنیا لـە دوای کۆتاییهـاتنی دووهـەمین شـەڕی جیهانییـەوە دەسـتی پێکرد.

دەکـرێ لـە نـاو لێکۆڵینـەوە پـرش و بڵاوەکان لە مەڕ وەرگێـڕان لـە چاخەکانی ڕابردوودا ئاماژە بە دوو نموونە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا بکەین: وادیارە یەکـەمین کـەس لە ڕۆژئاوا کە بە شێوەیەکی دیار سـەرقاڵی تیۆری لەمەڕ وەرگێڕان بـووە ***ئـاتین دۆلـە،*** نووسـەرو وەرگێـڕ و خـاوەن چـاپخانەی فەڕانسەیی بوو، کە نامیلکەیەکی بە نـاوی ***بنچینەکانی وەرگێڕان*** بڵاوکـردەوە. تیـۆری وەرگێڕانی ئەو بـەوەدا کـە باسـی شـێوە و چۆنایەتی وەرگێڕانی هەموو جۆرە دەقێکـی جیاوازی دەکرد نێوبانگێکی تایبەتی پەیـدا کرد. بـەڵام بۆچـوونە داهێنانـە نوێیـەکانی چارەنوسێکی تاڵی بۆ هێنا" ئاتین دۆلە لـە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا بـە تـاوانی وەرگێڕانـی خراپی باسێکی ئەفلاتوون کـە باوەڕنـەبوون بـە گیـانی تێدەگەیانـد، ئیدانـە کـرا و بـە تـاوانی بـێدینی لـە گـەڵ بەرهەمـەکانی سووتێندرا. بنچینەکانی وەرگێڕانی دۆلە کە ئەرکی وەرگێڕ دیاری دەکا بەمشێوەیەن:

ا — دەبێ وەرگێڕ بە باشی لـە نێـوەڕۆکی دەق و مەبەستی نووسەر تێبگات.

ب — دەبێ وەرگێڕ زانیارییەکی زۆری لـە سەر ئەو زمانەی دەیهـەوێو وەردەگێـڕێ و ئەو زمانەی وەرگێڕانی پێدەکا هەبێ.

ج — دەبێ وەرگێڕ خۆ لە وەرگێڕانی وشـە بە وشە بپارێزێ کە هەم زیان لە واتـای دەق و هـەم زیـان بـە جـوانی دەربڕینیش دەگەیەنێ.

د — دەبـێ وەرگێـڕ کـەڵك لـە گـەلێك شێوەی ئاخاوتنی باو وەربگرێ.

ه — وەرگێڕ دەبێ لە ڕێگای هەڵبـژاردن و دارشـتنی وشـەگەلی گونجـاوەوە بانـدۆری بەرامبـەر و گونجـاو بـە دەقـی سـەرەکی وەرگێڕان ببەخشێ. (تـاهیرە سـەففارزادە: ١٣٦٦: ١ — ٤).

ئەو شتەی کە "دۆلە" لەمەڕ ڕوونی واتا و خۆبواردن لە وەرگێڕانی وشـە بـە وشـەی دەیڵـێ بنچـینەیەکە کـە هەمیشـە لەمـەڕ جۆرەکـانی وەرگێڕانـی نووسـین، زارەکـی، ئەدەبی، هـەموانی(عامیانـە)، زانسـتی، هونەری و هەواڵی دروستە.

هەڵبەت شەش سەدە پێش ئەویش جاحێز لە کتێبی *(الحیوان)* دا بۆچوونی خۆی لەمەڕ وەرگێـڕان دەربڕیـوە کـە زۆر گـرینگ و بایەخدارە. بیروڕاکـانی جـاحێز بـە تـەواوی مانا ئەمڕۆیین و باس لە وشیاری و زەیـن و بـیری ڕەخنەگرانـەی ئـەو دەکـا. چەمکگەلێکی بنەڕەتی کە دەکرێ لە دەقی ئەو دەرهاویژرێن بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

ا — توانایی زەینی وەرگێڕ دەبێ هاوشانی توانایی زەینی خاوەن بەرهەم بێ.

ب — دەبـێ وەرگێـڕ بـە سـەر هـەر دوو زمانەکەدا بە یەك ڕادە یان تا ڕادەیـەك بـە یەك ڕادە زاڵ و شارەزا بێ.

ج — لـە نێـوان زمانـە جیاوازەکانـدا وێکچوونی تەواو و ڕەها بوونی نیە" چونکە هەموو زمانێـك ڕۆحـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. مێتـۆدی دەربـڕین و ئیـدیۆم و پێکهاتە و سـتراکتۆر و شـێوە و شـیمانەی کورتکراوە یا درێژکردنەوەی زمانێك لە گەڵ زمانێکی دیکە جیاوازە.

د — دوو زمان زەربە لـە یـەکتری دەدەن، هەر کام لەو دوانـە ئـەویتر بـە لای خۆیـدا ڕادەکێشێ و شـێوە و پێکهاتـەی پـەیڤین و تایبەتمەندییـەکانی ئـەویتر بـە قـەرز وەردەگرێ.

ه — هـەروەها جاحێز بـاس لـە ڕەخنـەی دەق و دۆخی خراپی زاڵ بەسەریاندا دەکـا و ئەوە بە ئەرکی وەرگێـڕ دەزانـێ کـە دەبـێ سـەرەتا دڵنیـا بـێ لـە دروسـتی دەقـی نووسخەی خەتی خۆی و هـەروەها هۆکـاری تەشـەنەکردنی گەنـدەڵی لـە دەقـەکانیش دەستنیشـان دەکـا کـە قسـەکانی ئـەو لەمبارەوە هیچ کەم و کورتییەکیان لە گـەڵ زمانناسـە گـەورەکانی هاوچـەرخدا نیە.(بەدەوی ١٣٧٦: ٨١ — ٨٠).

تاڕادەك لە گەڵ دەست پێکردنـی دەیـەی پەنجای زایینی، خوێندنەوە لە سەر وەرگێڕان بەهێزتر بـوو و بـوو بـە بابـەتێکی شیاوی ئـۆگریی هێنـدێك زمانناسـان، لـە نـاو بەرچـاوترین زمانناسـەکاندا کـە سـەرقاڵی پرسگەلی وەرگێڕان بوون دەکرێ ئاماژە بەو نموونەگەلەی خوارەوە بکەین:

ا — و. ه. کمیسارۆڤ زمانناسی ڕووسـی، پێی وایە دەبێ تیۆری وەرگێڕان لە سەر سێ بنەما ڕاوەستا بێ: گواسـتنەوەی زانیـاری، گواستنەوەی واتـا، دانـانی (هاوتـای ورد و گونجاو) و گواستنەوەی پێکهاتـەی ڕێزمـانی گونجاو. بەشی یەکەم بریتییە لە نێـوەڕۆك و بەشـەکانی دوو و سـێ، واتـە خسـتنەڕووی هاو واتاگەلێکی ورد لە ئاستی وەرگێـڕان و شێوەدا، وێنە لە خۆ دەگرێ.

ب — تیۆرێسـیێنەکانی قوتابخانـەی وەرگێڕانی لایپزیك نۆبێرت، کید، ڤێتجاك، جـاگێر، هلبـیگ و ڕۆزیکـا مـۆدێلی وەرگێڕانی خۆیان لـە سـەر بنـەمای پۆلێن بەنـدی سـێ ڕەهەنـدی لـە هێماناسـی دامەزرانـدووە. شێوەناسـی یـا جۆرێـك پێوەندی هێماکان لـە گـەڵ یـەکتر لـە نـاو ڕستەیەکدا" واتاناسی یا پێوەندی هێماکـان لـە گـەڵ تـەن و دیاردەکـان لـە دنیـای دەرەوەدا" و کاراییناسی یان پێوەنـدی لـە نێوان هێماکان و ڕاڤیارەکانیان. نوێنـەرانی قوتابخانـەی لایپزیـك بـە تایبـەتی لەمـەڕ کـارایی ناسـی زمـان هەسـتیارن چـونکە زۆرجار لە گەڵ ئەم پرسە ڕووبەڕوو بوونـەوە کـە بـۆ وێنـە وشـەیەك کـە لـە کۆمەڵـەی زمانێکـدا بـە واتایـەکی تـەواو بـاش و پـۆزەتیڤ کـەڵکی لـێ وەردەگـیردرێ لـە کۆمەڵەی زمانێکی دیکەدا بە هۆی نیزام و تێڕوانینـی جیـاوازی کولتـووری — کۆمەڵایەتیدا واتایەکی تـەواو نێگـەتیڤ و سووك و چروکی هەیە.

ج — یوجین نایدا یەکێك لـە کەسایەتییە نـاودار و تیۆرێسـییێنەکانە لـە بـواری وەرگێڕاندا. یەکێك لەو پرسە گرینگانە کـە نایدا بە باشی شیتەڵی کردۆتەوەو ڕەهەنـدە جۆراوجۆرەکـانی شـرۆڤە کـردووە، بابـەتی هاوتای سرووشتی یا ئەکتیڤ لـە بەرامبـەر هاوتای مێکانیکی یا ڕووالەتیدایـە. گـیرو گرفتەکانی وەرگێڕان لە نێوان دوو زمانـدا هی دوو کولتووری تەواو جیاواز و دوور لـە یـەکتر، پرسـگەلێکی بـەرهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی زمـان لـە گـەڵ لۆژیـك، جیـاوازی لـە نێـوان وەرگێڕانـی زمـانی و وەرگێڕانـی کولتووریـدا، ئاسـتە جۆراوجۆرەکـانی وەرگێـڕان، یەکـەی وەرگێڕان، واتای ڕەسمی و واتای سۆزدارانەی گشت پرسەکانن کە نایدا بە کەڵك وەرگرتن لـە مێتـۆدی لێکدانـەوەی داهێنەرەکـەیان باسیان دەکا.

د — کێت فۆرد زمانناسی ئینگلیزی، بـە پڕاکتیزەکردنی سیستماتیکی هێڵەیـدی بـە سـەر تیـۆری وەرگێڕانـدا، ڕیزبەنـدی و ئاستەکانی گواستنەوەی نێـوان دوو زمـانی پـۆلێن کـردووە. کێـت فـۆرد پێـی وایـە سـەرەڕای لەمپـەرەکانی زمـانی، گـەلێك لەمپەر و ئاستەنگی کولتووریش لـە سـەر ڕێگای وەرگێڕاندا هەیـە، واتـە وشـەگەلێك کە وادیارە واتای هاوشێوەیان لە دوو زمانی جیـاوازدا هەیـە هەمیشـە هێمـا بـۆ بەرهۆگەلێکی یەکسـان نـادەن(سـولح جـو، ١٣٧٦: ٤٧ — ٤٤).

لە دەیەی پەنجادا هاوکات لە گەڵ سەرقاڵ بـوونی زانایـان بـە لایەنـە تیۆرییـەکانی وەرگێڕان، ئـاوڕ لـە باشـتربوونی کـارایی و زیـادبوونی خێرایـی لـە گـەڵ بیرۆکـەی وەرگێڕانی ماشێنی دراوەتـەوە. وەرگێڕانـی ماشـێنی بریتییـە لـە سـپاردنی تێکۆشـانەکانی وەرگێـڕان بـە ئـامرازە ئوتوماتیکەکان کە بە یەکێك لە گەورەترین هومێدەکانی مرۆڤـی سـەدەی بیسـتەم بـۆ چارەسەرکردنی گرفتی پێوەندی نێونەتـەوەیی دەژمێـردرا. ئەگـەر ئـامێر (ماشـێن)ی وەرگێڕان خێرایـی پێویسـتی هـەبێ ئیزنـی ئەوە بـە هـەموو کەسـێك دەدا کـە وێـڕای کەڵك وەرگرتن لە زمانی خۆی، لـە زمـانی ئەوانیتریش تێبگا. تا کۆتاییەکانی دەیەی حـەفتا وەرگێڕانـی ماشـێنی بـە واتـا و پێـودانگی بازرگـانی شـیاوی خسـتنە بەردەست نەبوو چونکە نە چۆنایەتییەکەی ڕازیکـەر بـوو و نـە لـە ڕەهەنـدی ئابووریشەوە دەریدێنا. بـەڵام لـە مـاوەی دوو دەیەی دواییدا، بە خستنە بەردەستی ئامرازگەلێکی وەرگێڕان کـە لـە بنەڕەتـدا کاری ئەوان لێکدانـەوەی دەسـتووریەو و کەڵك وەرگرتن لـە ئـەو سیسـتمگەلێکی پێك تەبا (سیستمهای تعاملی) کە لـەودا دەقەکان پێشوەخت دادەڕێژرێن و دواتریش دادەڕێژرێنەوە، ئامرازی وەرگێڕان دووبارە زۆری سـەرنج پـێ دراوەتـەوە. هێنـدێك کەس دەڵێن کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە لێکۆڵەرە و بەرنامەدارێژەرانی وەرگێڕانـی ماشێنی، خۆیان وەرگێـڕی پسـپۆڕ نـین و زۆربەیان تـەنیا زمـانی زگمـاکی خۆیـان دەزانـن و ئاگایـان لـە وردەکـاری و خاڵگـەلێکی پێویسـت بـۆ ئەفرانـدنی وەرگێڕانێکـی بـاش نیـە. بـەڵام زۆربـەی ڕەخنەگران نەبوونی دیاریکردنی ناڕوونییە ستراکتۆرییەکان، وشەیی و ڕێزمـانی کـە بـەرهۆی تەیارنـەبوونی ماشـێن یـا ئامرازگەلی وەرگێڕان بە پرۆگرامگـەلێك بـۆ ڕاڤـە و شـێتەڵکردنەوە و نـەبوونی تێگەیشـتن و داهێنـانی مرۆڤایـەتی بـە دەردێکی بـێ دەرمـان و بـە کێشـەیەکی دەزانن کە بەمزووانە لـە لایـەن ئەوانـەی کار لە هۆش(لۆگۆس) و هزری دەستکردی دەکەن چارەسەر ناکرێ. ئەمڕۆکە گـەلێك پرۆگرامی وەرگێڕانی جۆراجـۆر و جیـاواز لـە بـازاڕدا هەیـە بـەڵام پێویسـتی بـە ڕاستکردنەوە و کامڵ کردنیان زۆر هەست پێ دەکرێ.

# دەوڵەتی ئوتریش لە نێوان دوو ریسوایی‌دا!!

## وتووێژ لەگەڵ بەڕێز دوکتور میرۆ عەلیار، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات

**دیمانە: ب.هیوا**

**١٧ ساڵ بەسەر کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و هاوڕێیانی: عەبدوولڵا قادری‌ئازەرو د. فازڵ رەسووڵدا رابردوە. پەروەندەی ئەم تیرۆرە سەرەڕای داوای بنەماڵەی قوربانی‌یەکان‌و رەخنەو ناڕەزایەتیی حیزبی دێموکرات‌و رێکخراوو کەسایەتی‌یە دێموکرات‌و مرۆڤدۆستەکان، لە لایەن دەوڵەتی ئوتریشەوە، هەروا بە داخراوی ماوەتەوە.**

**بۆ تیشك خستنەسەر بارودۆخی ئەم پەروەندەیەو، هۆیەکانی هەڵوێستی شەرماویی دەوڵەتی ئەو وڵاتە هەر لە سەرەتای رووداوەکەوە تا ئێستا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ بەڕێز دوکتور میرۆ عەلیار ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات کە بۆخۆی لە ئوتریش دەژی، پێك هێناوە. بە پێی وەڵامەکانی د. عەلیار، دەوڵەتی ئوتریش بۆ ئەوەی رێژیمی ئێران پەردە لەسەر "ریسوایی نۆریکۆم" لانەدا، ریسوایی بەرێکردنەوەی بکوژانی دوکتور قاسملوو بۆ تاران‌و دەست بەسەرداگرتنی پەروەندەی ئەم تیرۆرەی بۆخۆی‌هەڵبژاردوە.**



**ئایا هەر لە جێدا شتێك بە نێوی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو یا رووداوی ١٣ی ژووئیە لە دەزگای قەزایی یان پۆلیسی ئوتریشدا هەیە؟**

وەڵام: بەڵێ، پەروەندەی تیرۆری د. قاسملووو هاوڕێیانی هەر دوای رووداوەکەو دیاریکردنی وەکیل لەلایەن بنەماڵەی شەهیدەکانەوە، پێك هات‌و ئێستاش دانەخراوە، بەڵکوو ڕاگیراوە.

**هۆیەکانی ڕاگرتنی ئەم پەروەندەیە چن؟ کاربەدەستانی ئوتریش چ هۆیەك باس دەکەن‌و ڕای خۆت لەم بارەوە چیە؟**

کاربەدەستانی ئوتریش دەڵێن ئەوان هەتا ئێستا بەڵگەیەکی نوێو لەباری حوقووقی‌یەوە وا قایم‌و موستەنەدیان نەکەوتۆتە دەستی کە کافی بێ بۆ کردنەوەی پەروەندەکە. بە بڕوای من ئەو قسەیە بەم شێوەیە راست نیە. لە مێژووی تیرۆرە سیاسی‌یەکان‌و تەنانەت زۆر قەتڵی دیکەشدا باو بووەو باوە کە زانیاری‌یەکان تەبەقەبەندی دەکرێن، واتە ئەو زانیارییانەی بە وەکیل‌و بنەماڵەی "قاتڵ"و "مقتول"و هەروەها خەڵك ڕادەگەیەندرێن (گشتی)و، ئەو زانیارییانەی پۆلیس‌و دەزگای قەزایی لە لای خۆیان ڕایاندەگرن (بە تایبەتی)و بیروڕای گشتی لێیان ئاگادار نابن. جا ئەگەر تەنیا زانیاری‌یە گشتی‌یەکانیش بکەینە پێوانە، کاربەدەستانی ئوتریش بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکانی تاوانباربوونی کۆماری ئیسلامییان لە قیس خۆ دا، یان شاردەوەو، یان وەپشت گوێ خست.

جارێ ئەوان قاتڵەکانیان کە کەوتبوونە دەست پۆلیس بە بێ‌ئەوەی بدرێنە دادگا، بە ترسنۆکانەترین شێوە لە ئوتریش ڕاپەڕاندن‌و بەرێی تارانیان کردنەوە. ئەمەش لە کاتێك دابوو کە محەممەد جەعفەر سەحراڕوودی‌و ئەمیرمەنسوور بزورگیان لە کاتی لێپرسینەوە (بازجویی)ی پۆلیسدا قسەکانیان بە تەواوی لەگەڵ یەك ناتەبا بوون‌و، تەنانەت یەکتریان وەدرۆ دەخستەوە. هەر لەبەر ئەوەندەش، دەبوو لانی‌کەم وەك "گومان لێکراو" دادگایان بۆ پێك هاتبا.

تەنانەت لە بریندار‌بوونی سەحراڕوودیشیان نەپرسی‌یەوە کە لە لایەن هاودەستەکانی‌یەوە بە هەڵە ئەنگێورابوو! لەوەش گاڵتەتر، رێژیمی ئێرانیش نەپرسی‌یەوە ئەو "دیپلۆماتەی" بۆچی‌و چۆن بریندار بووە! بێجگە لەمەش لە حوکمی دادگای بێرلیندا (لە ماوەی پەروەندەی تیرۆری کاك د. سەعیدو هاوڕێیانی)، دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ئێران بە داڕێژەرو بەڕێوەبەری تیرۆری د. قاسملووو هاوڕێیانیشی دەناسێندرێن. ئەو حوکمە هەموو شك‌و گومانێکی لەسەر تاوانباربوونی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری وییەن ڕەواندەوەو، پاش ئەو حوکمە حەق وابوو دەزگای قەزایی ئوتریش لێکۆڵینەوەکانی دەست پێبکاتەوە. بەم شێوەیە دەبینین هۆیەکانی کاربەدەستانی ئوتریش تەنیا بیانوون.

**ئایا هیچ هەوڵێك دراوە بۆ ئەوەی پەروەندەکە بکەوێتەوە گەڕ؟ ئەم هەوڵانە ئاکامێکیان بووە؟**

بەڵێ هەوڵ دراوە. تەقریبەن لە هەموو ساڵوەگەڕێکی تیرۆرەکەدا داوای وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆرەکە کراوەو تەنانەت بەڕێز خوشکە نەسرینی قاسملوو ساڵی ١٩٩٠ شکایەتی لە دەوڵەتی ئوتریش کرد، بەڵام دادگاکانی ئوتریش سکاڵاکەیان رەد کردەوە. هەوڵەکان، لانی‌کەم ئەوەندەی ئاشکرا بێ، ئاکامێکیان نەبووە.

دیارە دەبێ بڵێم، کاتێك لە مانگی مای ٢٠٠٥ هەواڵنووسێکی ئێرانی رای‌کرد بۆ دەرەوەو، هێندێك زانیاریی سرنجڕاکێشی لەسەر تیرۆری وییەن دا بە پۆلیسی ئوتریش‌و، بە شایەدی "د" ناوی دەرکرد، دەزگای قەزایی‌و پۆلیسی ئوتریش ئامادەبوون مەئموورانی خۆیان بۆ پرسیارو لێکۆڵینەوە بنێرن بۆ لای شایەدی "د" لە پاریس. بەڵام وەزارەتی نێوخۆی فەرانسە سەرەڕای موافقەتی سەرەتایی، ئیزنی نەدا مەئموورانی ئوتریش بچن‌و چاویان بە کابرای ژوورنالیستی ئێرانی بکەوێ!

**پرسیار: ٣ ساڵ لەمەوبەر وەکیلی ئەم پەروەندەیە د. مانفرێد وایدینگەر بە شێوەیەکی گوماناوی کوژرا. تا ئێستا پۆلیس‌و دەزگا پێوەندیدارەکان لەم بارەوە هیچ زانیاری‌یەکیان ڕاگەیاندوە؟ ئایا ئەو گومانە هەیە ئەم قەتڵە پێوەندیی بە پەروەندەکەوە هەبێت؟**

پۆلیسی ئوتریش هەتا ئێستاش شتێکی لەبارەی چۆنیەتیی مەرگی وەکیل وایدینگەر ڕانەگەیاندوە. ئەوەندەی من ئاگادار بم، وێ ناچێ مەرگی د. وایدینگەر پێوەندیی بە پەروەندەی تیرۆری ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩وە هەبێ.

**ئێستا پاش تێپەڕینی ١٧ ساڵ بەسەر تیرۆری د. قاسملووو، دوای زۆر ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ئاستی جیهان‌و ئوتریشدا، شانسی وەگەڕکەوتنەوەی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو چۆن دەبینی؟**

کۆماری ئیسلامی وەك رێژیمێکی دیکتاتۆر، بە پێشێلکەری مافی مرۆڤ‌و پشتیوانی تیرۆریزم ناسراوەو، لەگەڵ ئەوەی ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە بۆچوون‌و هەڵوێستی دنیای دەرەوە بەتایبەتی لە ئورووپا، بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی پێك هاتووە‌و بێ پەردەو ڕاشکاوانەتر باسی تیرۆرو نابەکاری‌یەکانی دیکەی رێژیم دەکرێ، بەم حاڵەش لەگەڵ ئەوەی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو بە نامومکین نازانم، بەڵام ئەو شانسە لە داهاتوویەکی نزیکدا نابینم. لەبەر چەند هۆ پێم وانیە ئوتریش ئازایەتی‌و لەخۆبردوویی پێویستی بۆ هاویشتنی ئەو هەنگاوە هەبێ:

دوای تیرۆرەکە رێژیمی ئێران بەتایبەتی بە دوو هەڕەشە دەوڵەتی ئوتریشی خستە ژێر فشارو، ناچاری کرد چاوپۆشی لە پێکهێنانی دادگا بۆ قاتڵەکان بکاو بەرێی تارانیان بکاتەوە:

١ ـ دەوڵەتی ئەوکاتی ئوتریش لە شەڕی ئێران‌و عێراقدا بە پێچەوانەی قانوونی ئەو وڵاتە چەکی بە عێراق فرۆشتبوو کە ئێران پێی زانی‌و هەڕەشەی لە دەوڵەتی ئوتریش کرد کە ئەگەر ئەو چەکانە بە ئێرانیش نەفرۆشێ، لێی لە قاو دەداو پێوەندە بازرگانی‌یەکانی خۆشی لەگەڵ ئوتریش دەبڕێ. دەوڵەتی ئوتریش سەری بۆ ئەو هەڕەشەیە دانواندو بەشێوەی غەیری قانوونی چەکی بە کۆماری ئیسلامییش فرۆشت! لەو مامەڵەیەدا پوولێکی یەکجار زۆر بێ‌سەرو شوێن چوو. ئەو کاتە هەردوو حیزبی گەورەی ئوتریش (حیزبی سوسیال دێموکرات‌و حیزبی دێموکرات مەسیحی) دەوڵەتی هاوبەشیان پێك هێنابوو دەستیان لەو مامەڵەیە دابوو.

ئەم مەسەلەیە لە ئوتریش بە "ریسوایی نۆریکووم" بەناوبانگە. جا رێژیم دوای تیرۆری دوکتور بە هەڕەشەی پەردە هەڵدانەوە لەسەر ئەو ریسوایی‌یە دەوڵەتی ئوتریشی خستە ژێر فشار، ٢ـ کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی کرد ئەگەر قاتڵەکان نەنێردرێنەوە تاران، "ڕەنگە" گیانی ئەو ئوتریشی‌یانەی لە ئێران دەژین، بکەوێتە مەترسی‌یەوە!

جا ڕەنگە ئێستا کۆماری ئیسلامی نەیتوانیبێ گیانی ئوتریشی‌یەکان ڕاستەوخۆ بخاتە مەترسی‌یەوە، بەڵام ئێستاش دەتوانێ بە ئاشکراکردنی وردە زانیارییەکانی "ریسوایی نۆریکووم" گرفت بۆ هەردوو حیزبی ناوبراو ساز بکا. هەر ئەمەشە کە هەردوو حیزب لایەنگری لە وەگەڕکەوتنەوەی پەروەندەی تیرۆرەکە ناکەن. بێجگە لەمەش، ئوتریش پێوەندیی بازرگانیی باشی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیەو تەنانەت بە بێ‌دەنگی چەك‌و چۆڵیشی پێ دەفرۆشێ! پارەکە ئاشکرا بوو کە ئوتریش ڕەزامەندیی لەگەڵ فرۆشتنی ٢٠٠٠ موسەلسەلی HS50 بە ئێران بۆ "خەبات دژی قاچاخی ماددە بێهۆشکەرەکان" دەربڕیوە.

# ڕەخنەی توندی سەحەرخیز لە ئایەتوڵڵا خامەنەیی

**وەرگێران: لوقمان**

عیسا سەحەرخیز کارگێڕی گشتیی پێشووی ڕاگەاندنی نێوخۆی وەزارەتی ئێرشادی ئێران لە لێدوانێکدا بارودۆخی ئێستای ئێران‌و، هەڵسوکەوت دەگەڵ هەڵسووراوانی بواری سیاسی، خوێندکاری چاپەمەنی، کرێکاران‌و ژنانی گەڕاندەوە بۆ ئاکامی چەقبەستوویی دەسەڵات‌و یاساخکردنی لە دەست تاکە کەسدا.

ئاغای سەحەرخیز لە وتەکەیدا کە، لە کۆبوونەوەی دەستەیەك لە خوێندکاران، کە هاوکات دەگەڵ چەند گرووپی دیکەی ئێرانی لە چەندین شاری جیهان، دەستیان دابوە مانگرتن لە خواردن، وتی: بارودۆخی نوێ لە وڵاتدا، لە ڕاستیدا شتێك نیە جیا لە کۆکردنەوەی هەرچی پتری هێزو دەسەڵات لە دەست وەلیی فەقیهو ڕێبەریکردنی ڕاستەوخۆی باندە توندوتیژیخوازەکان، باندە نیزامییە ـ ئەمنییەتیەکان کە لە لایەن حیزبێکی پادگانییەوە لە ژێر ڕێبەری ئاغای خامینەییەوە، بەڕێوە دەچێ‌و تەواویی کاروباری وڵاتی گرتۆتە ئەستۆو لە هەوڵی ئەوەشدایە کە بە یەکدەستکردنی دەستەی شارەزایانی ڕێبەری، کە تەنیا دەلاقەیەکە بۆ گۆڕانکاری، لە پێکهاتەی ڕێبەری وڵاتدا، بگرێ.

ئاغای سەحەرخیز لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، بە ڕەخنەگرتن لە دەزگاکانی قانونداناں، دادو بەڕێوەبەریو هەروەها کارکردنی بەرپرسانی ئەم سێ دەزگایە وتی: "ئەوان چ لە دەوڵەتی کارتونی‌و، چ لە مەجلیسی فۆرمالیتەو، چ لە دەزگای دادی گوێڕایەڵی ڕێبەری‌دا، شتێك نین جیا لە کۆمەڵێك کەسی گوێ لەمست. یان باشتر بڵێین تەنیا قەرەقۆشن‌و بەس‌و لەلایەن کەسانی دیکەوە هەڵ دەسووڕێن. بەرنامەو رۆڵی ئەکتەرێکی پشت پەردە بەڕێوەدەبەن‌و هیچی دیکە.




مانگرتن لە خواردن لەلایەن کۆمەڵێك لە خوێندکارانی ئێران، لە چوارچێوەی مانگرتنێکی سێ رۆژە لە خواردن بەڕێوە چوو کە، بە بانگەوازی "ئەکبەری گەنجی" رۆژنامەنووسی نارازی ئێرانی. لە چەندین شاری جیهان بۆ نموونە: لەندەن، پاریس، کۆڵن، بیرلین، ستکهۆڵم، نیویۆرك‌و واشنگتۆن، بۆ ئازادکردنی مەنسوور ئەسانلوو، رامین جیهانبیگلوو،و عەلی ئەکبەری مووسەویی خوئێنی ساز درابوو.

ئەو مانگرتنە رۆژی یەکشەمە (١٦ی ژوئیە) کۆتایی پێ‌هات.

### تایبەتیکردن‌و پەڵپێکی دیکە

ئاغای سەحەرخیز بە ئاماژە بە دەستووری ئەو دواییانەی ئاغی خامینەیی لە مەڕ تایبەتیکردنی پیشەسازیی قورسی ئێران، لەسەر ئەساسی ئەسڵی ٤٤ی قانوونی بنەڕەتیی وتی: حەرەکەتی نیزامیی‌و ئەمنییەتی دەسەڵات لە وڵاتدا بە بیانووی بەڕێوەبردنی ئەسڵی ٤٤ی قانوونی بنەڕەتی وێدەچێ لە پاڵ ئەو داهاتە زۆرەی کە لە ڕێگای فرۆشی نەوتەوە، سەرمایە بنچینەییەکانی وڵات بە شێوەیەکی هەرزان‌و خۆڕایی بخاتە پاوانی خۆیەوەو، هەروەك لە مەڕ گرێبەستە گەورەکانیشدا ئاگادارین، کەرتی تایبەتی لاوازی ئێرانیش بەرەو سەرەولێژ ڕەپێچی بدەن.

ـ دووشەمە سێهەمی ژوئیە، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، دەوڵەتی راسپارد تا وێڕای سنووردار کردنی وەگەڕخستنی سەرمایە لەلایەن خۆیەوە. هاوکات بە گەشەپێدانی کەرتی هەرەوەزی (بخش تعاونی) بواری بۆ فرۆشتنی ٨٠٪ی پشکگەلی کۆمپانیا گەورەکانی دەوڵەتی بەکەرتی تایبەت‌و هەروەها ئازادسازیی ئابووریی ئێرانی لە دەستی حاکمییەتی ڕەها پێك بێنێ.

بە وتەی "سادق سەبا" چاوەدێری کێشەکانی ئێران لە بی بی سی‌دا: ئەوە یەکێك لە توندوتیژترین هێرشەکانە کە لە چەند مانگی رابردوودا لە نێوخۆی وڵاتدا دژی ئایەتوڵڵا عەلیی خامینەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران گیراوە.

پێشتریش ئەکبەری گەنجی رۆژنامەڤان‌و چالاکی سیاسی خوازیاری لاچوونی خامینەیی لە دەسەڵاتدا بووە.

ـ ئاغای سەحەرخیز لە کاتێکدا ئەم قسانە دەکا کە کۆمەڵێك لە تێکۆشەرانی سیاسیی وڵات، بۆ نموونە ناسر زەرئەفشان هەروا لە بەندیخانەدان.

### کۆتایی مانگرتن لە خواردن

ئەکبەر گەنجی لە کۆتایی مانگرتنەکەیدا کە هاوکات لە چەندین شاری جیهان بە دەرکردنی ڕاگەیاندراوێك لە هەموو ئەو کەسانەی کە لە سەرانسەری جیهاندا بە هانای بانگەوازەکەیەوە هاتون سپاسی کردن.

ئاغای گەنجی لە ڕاگەیاندراوەکەیدا خوازیاری ئازادکردنی تەواوی زیندانییە سیاسییەکان‌و پێکهێنانی بواری زیاتر بۆ ئازادیی ڕادەربڕین بوو لە ئێراندا.

ناوبراو لە قسەکانیدا، لە نێو ئامادەبوانی کۆبوونەوەی نیویۆرك، مانگرتن لە خواردن وەك دەسپێك بۆ بەرین بوونەوەو پەرەپێدان بە دیموکراسیخوازی لە ئێراندا، لەقەڵەم دا.

سایتی B.B.C persiam

# دوکتور قاسملوو و پێداگریی لەسەر خەباتی هاوبەشی نەتەوەکانی ئێران

جەمیل ئەحمەدی

لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکردنی لایەنە جوراجورەکانی ژیانو کەسایەتییەکی بەڕێزو مەزن وەکوو دوکتور "عەبدولڕەحمان قاسملوو" پێویستی بە کاتو زانستو کەرەسەی خۆیەتی، کە بەداخەوە لەم هەلەدا لانیکەمی ئەم پێداویستییانە لە بەردەستدان، تاکو ئەوەندەی شایانی ئەم گەورە پیاوەی مێژووی خەباتو تێکۆشانی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان بە تایبەتیو ئێران بە گشتییە بەجێ بگەیەنم.

ئەوەیکە لەم بابەتەدا پێشکەشی ئێوەی بەڕێزی دەکەم، بێگومان زیاتر لەوەیکە باسێکی زانستیو بەرهەمی لێوەکۆڵینێکی ئاکادێمیك بێ، بابەتێکە کە بە ڕەسمی ڕێزلێنانو دەربڕینی هەستو وەفا، ئاماژە بە بەشێکی بچووك لە شێوەی خەباتو بیرکردنەوەی کەسییەتییەك دەکا کە هاوکات خەباتگێڕیو زانستی لەخۆیدا کۆکردبۆوەو بەکاری دەهێنان.

بە مەبەستی باشتر تێگەیشتن لەسەر بابەتی سەرەکیی ئەم وتارە، پێویستە ئاماژەیەکی هەرچەند کورت بکەینە سەر بۆچوونی دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر دیاریکردنی بناغەی شێوە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا کە زیاتر لە ٦٠ ساڵە بەردەوامە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکی میللییە کە بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانو لە چوارچێوەی خاکی ئێراندا خەبات دەکا. کەواتە ئەم حیزبە، حیزبێکە کە بە باوەڕ بەجیهانییی پێشکەوتووی ئەمڕۆ، کە بریتین لە دێموکراسیو مافی مرۆڤ، خەباتێکی نەتەوەیی دەکا، ئەگەرچی بە تێگەیشتن لە واقیعییەتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری، هاوکات وەکوو ئامانجێکی درێژخایەن لە ئاسۆیەك دا بۆ دوارۆژی خەبات، کار دەکا لە پێناوی وەدیهاتنی کۆمەڵگایەکی ئینسانیتر لە ژێر سێبەری سوسیالیزمیدمکراتیکدا .

کاك دوکتور قاسملوو، لە شیکردنەوەیەك دا لەسەر دروشمی ئیستراتژیی ئەو کاتی حیزب، واتە "دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان" کردویەتی، لە دوای باس کردن ئەوەیکە حیزبی دێموکرات بۆ چەسپاندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس خەبات دەکا، دەڵێ: "مافی چارەنووس کە داوای دەکەین موحتەوایە (نێوەرۆکە)، بەڵام ئەو مافی چارەنووسە دەکرێ بە چەند شێوە جێبەجێ بکرێ"(١) لە درێژەی باسەکەدا دوای ئاماژەکردنو ناوبردنی ئەم چەند شێوەیە کە بریتین لە: ١ـ مافی وەرگرتنی سەربەخۆیی ٢ـ هەقی هەڵبژاردنی فێدرالیزم ٣ـ ڕازی بوون بەشێوەی خودموختاری، واتە (ئۆتۆنۆمی) لایەنە جاوروجورەکانی ئەم سێ شێوەیە تاوتۆی دەکاو بە ئاماژەکردن بە کەمو کورتییەکانی وەرگرتنی سەربەخۆییو نەبوونی دەرفەتی لە بار بۆ دەستنیشان کردنی شێوەی فێدراتیو دەڵێ "چونکە ئێران لە یەك میللییەت پێك نەهاتووە لە چەند میللییەت پێك هاتوە، کەوابوو فیدرالیزمیشمان قبوڵە. بەڵام چونکە کەسێکی دیکە [واتە میللییەتێکی دیکە] نیە جارێ لە مەیداندا، هەر ئێمە بەتاقی تەنیا هەینو داوای هەقی خۆمان دەکەین. داوای خودموختاری دەکەین."(٢)

ڕەنگە گێڕانەوەی ئەم بۆچوونەی دوکتور قاسملوو خوێنەرو یان بیسەر، تووشی جۆرە پارادۆکسێ بکا، کە چۆن دەبێ تو لایەنگریی خودموختاری بکەیو لە هەمان کاتدا باوەڕیشت بە خەباتی هاوبەشو بەشدار بوون لە یەك بەرەدا بێ تا لەگەڵنەتەوەکانیدیکەی ئێراندا لە خەبات دژی دوژمنێکی هاوبەش بەرەبەرەکانێ بکەی وبەشدار بی.


ئەگەرچی بە سەرنجدانو وردبوونە لە وتەی پێشوی کاك دوکتور، دەکرێ لەوە تێبگەین. کە هەڵبژاردنی خودموختاری وەکوو شێوەیەك لە شێوەکانی دیاریکردنی مافی چارەنووس، واقیعبینتر بووە بەڵام لە هەمان کاتدا بە وتەیەکی دیکەی کاك (دوکتور)ەوە دەتوانین ڕوونکردنەوەیەکی باشترمان لەسەر ئەم بابەتە هەبێ. دوکتور قاسملوو بە تیشك خستە سەر چەمکێکی دیکەی دروشمی سەرەکیی حیزب واتە، "دێموکراسی بۆ ئێران" دەڵێ: "ئەگەر دێموکراسی بە تەواوی لە ئێراندا جێگیر بێ. مانای ئەوەیە کە خەڵکانی دیکەش خودموختاریی خۆیان وەرگرتوەو ئەگەر ئەوان حەقی خۆیان وەربگرن ئەوەیش بۆ خۆی (تضمین)ێکە بۆ حەقی ئێمە"(٣) یان لە شوێنێی دیکەشدا دەڵێ: "ئێمە لایەنگری خودموختاری بۆ هەموونەتەوەکانیئێرانین. زیاتر لەوە پێمان وایە شێوەی عەمەلی بۆ حەلکردنی مەسەلەی میللی لە ئێراندا شێوەی فێدرالێزمە، چونکە چەند میللەتی دیکەش هەن."(٤)

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ لە حاڵێکدا کە لە باری(عینی)یەوە دەرەتانی یەکگرتوویی خەباتی نەتەوەکانی ئێران بە هۆی کەموکورتییەکانی بزووتنەوەی میللی نەتەوەکانی دیکە مومکین نەبووە، بەڵام سەرەڕای لایەنی (زەینی)، ئەم خەباتە، دوکتور قاسملوو هەوڵێکی بێوچانی داوە بۆئەکتیڤ کردنو تەنانەت یەکانگیرکردنی ئەم خەباتە هاوبەشەو هەردەم چ لە باری نەزەریو چ لە باری پراکتیکەوە هەوڵی بۆ داوە. لە ئاکامی ئاوەها هەوڵێکیدا بووە کە بەشی زۆری ئەرکی خەباتی نەتەوەکانی غەیرە فارس لە ئێرانداو کەوتۆتە ئەستۆی حیزبو ڕێبەرە ماندوو نەناسەکەی، ئەم ئەرکە لە درێژەی خەباتی نەتەوەکەماندا شوێنێکی بەرچاویهەبووەو هەیەتی، تا ڕادەیەك کە لە دوایین ئاخاوتنی دوکتور قاسملوودا، لە سەر مێزی وتوویژ کە لە لایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ڕازێندرابووە، داکۆکیی کردنو دیفاعی لە نەتەوەکانی ئێرانو لە مافی ڕەوایان لە لایەن دوکتوری شەهیدەوە، جێگەی ئاماژەو وەبیر هێنانەوەیە.

کەوابوو ئەوەیکە لە درێژەی ئەم بابەتەدا، دەیخەینە بەرباسو نووسین زۆر دوورترە لە تەنیا بیرو بۆچوونی ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملووی شەهید، بەڵکوو ئەمە ڕەوتێك بووە لە خەباتی پراکتیكو ململانێ بەکردەوەی دوکتور قاسملووو حیزبەکەی وێڕای سستیو لە مەیدان نەبوونی نەتەوەکانیئێران لە لایەکەوە وەئەستۆ گرتنو شانەدانە ژێر باری قورسی خەباتو بەرگری لە مافو مانی نەتەوەکانی ئێرانی لە لایەکی دیکەوە،و لە هەمان کاتدا ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ خواستو بۆچوونی تەنگ نەزەرانە (کورت بینانە)و خەیاڵی بەشێك لە هاوسەنگەرانی لە درێژەی خەباتدا کە بە تێنەگەیشتن لە هەلومەرجی خەبات تووشی "(افراط)" و "(تفریط)" دەبوون.

بە دوای ئەم ئاماژەیە کە بە مافی دیاریکردنی چارەنووس کرا، بۆچوونێ کە ئێمە دەیخەینە بەرباس، خەباتی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانی ئێران جگە لە نەتەوەی دەسەڵات بەدەستی فارسە. ئەگەر بمانەوێ ئاوڕێك لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بدەینەوەو لەم گۆشەنیگایەوە، واتە لە گۆشەنیگای پێوەندیو هاوخەباتی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا، چاوێکی لێبکەین، دەتوانین بە ئاماژەکردن بە کۆماری کوردستانو هاوخەباتی نەتەوەکەمان لەگەڵ نەتەوەی دراوسێ واتە ئازەریەکان دەست پێبکەینو ئاماژە بە پەیمانی هاوکاری نێوان کوردو ئازەری بکەین کە لە لایەن حکوومەتی میللیی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو حکوومەتی میللیی ئازەربایجان بە ڕێبەرایەتیی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان ڕاگەیەندرا.

قوناخی دیکەی هاوخەباتیی نەتەوەکانی ئێرانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی دوای شۆڕشینەتەوەکانیئێران لە ساڵی ١٩٧٩ زایینیدا، لەم قوناخەدا بوو



کە بە هەوڵو ئیبتکاری کاك دوکتور قاسملوو، وەکوو ڕێبەری حیزبی دێموکرات لە پاییزی ساڵی ١٩٨٠دا وا بڕیار بوو هاودەنگییەکی گشتی لە نێوان نەتەوەکانی ئێراندا پێك بێ. بەداخەوە ئەم هەوڵەی کاك دوکتور بە هۆی هەڵایساندنی شەڕ لە لایەن خومەینییەوە لەدژی نەتەوەی کورد، بێ ئاکام مایەوە. بەڕێز مستەفا هێجری سکرتێری گشتیی حیزب لەم پێوەندیەدا دەڵێ: " ... بە ئیبتکاری دوکتور قاسملوو بوو کە پێکهێنانی یەکیەتیی نەتەوەکانی ئێران هەنگاوی بۆ هەڵ گیراو بڕیار بوو کە لە پاییزی ١٣٥٩دا نوێنەرانی هەموو نەتەوەکانی ئێران لە شاری "مەهاباد" کۆببنەوەو ڕێو شوێنێك بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بگرنە بەر، بەڵام بەداخەوە هێزەکانی ڕێژیم لەو سەروبەندەدا هێرشی بەربلاوی خۆیان بۆ سەر شاری مەهاباد دەست پێکردو ئەو فرسەتەش لە کیس چوو."

ئەگەرچی بە هۆی لاواز بوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی نەتەوەکانی دیکەی ئێران جودا لە کورد، هەوڵە یەك لە دوای یەکەکانی دوکتور قاسملوو ئەو جورە کە خۆی ئاواتی دەخواست لە کاتی ژیانی بە نرخیدا بەری نەگرت، بەڵام بە هاتنە ئارای کەشوهەوای نوێ جیهانیو ناوچەییو هەوڵی بێوچانی ڕێبەرانی حیزبو پەرەسەندنی جووڵانەوەی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، ئاواتەکانی دوکتور قاسملووی شەهید بە پێك هاتنی کۆنگرەیەك لە ژێرناوی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ" وەدیهات. وا پێشبینی دەکرێ کە لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێراندا قورسایی خوی بە باشی بنوێنێ.

لێرەدا جێیخۆیەتی هەندی لە هۆیەکانی پێداگریی کاك دوکتور قاسملوو لەمەڕ ئەم لایەنە گرینگەی خەبات، واتە بایەخدان زۆری بە خەباتی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانی ئێران، دەست نیشان بکەینو بە هەندێ لە وتەکانی خۆی لەم بارەیەوە، هۆیەکانی ئەم پێداگرییانە پشت ڕاست بکەینەوە بیانڕازێنینەوە.

## ـ باوەڕی بناخەیی دوکتور قاسملوو بە چەمکی یەکگرتوویيو بایەخە مرۆڤیەکان وەکوو ئازادیو مافی مرۆڤ:

دوکتور قاسملوو، هەموو کاتێكو لە هەر دەرفەتێکدا هەوڵی دەدا نەتەوەکانی ئێران هان بدا تا بە هەڵبژاردنی خەباتی هاوبەش دژی کردەوە نامرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامی، دژی دیکتاتۆریو پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا ڕابوەستنو یەكگرنو لەپێناو وەدیهێنانی ئازادیدا خەبات بکەنو لە قوربانیدان نەترسن.

ئەو لە حاڵێکدا باوەڕی بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانو سەربەخۆیی وان هەبوو، هاوکات مرۆڤێکی ئەنترناسیونال بوو،و خولیایەکی مەزنی بۆ پێوەندیی نێوان نەتەوەکان هەبوو.

هەر بۆیە لە وتووێژێکی ڕادیوییدا دەڵێ: "پەیامی من بۆنەتەوەکانیئێران ئەوەیە کە دەبێ هەموو کەس لەو ڕاستییە تێ بگا کە ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی ڕێژیمێکی دژی ئازادی، ڕێژیمێکی دژی گەلی، تەنانەت ڕێژیمێکی دژی ئینسانیەو ئەوەی ئیسبات کردوە. خەبات کردن دژی ڕێژیمی خومەینی بریتییە لە دیفاع لە ئازادی، بەڵام بریتییە لە دیفاع لە ئینسانیش. بەڕاستی وجوودی ڕێژیمی خومەینی نەنگە بۆنەتەوەکانیئێران، نەنگە بۆ تاریخی ئێرانو هەموونەتەوەکانیئێران. هەموو هێزە پێشڕەوەکانینەتەوەکانیئێران، هەموو ئەو ئینسانانە کە خۆیان بە ئازادیخواز، بە دێموکرات دادەنێن دەبێ یەك بگرن بۆ ئەوە هەرچی زووتر ئەو ڕێژیمە بڕووخێو شوێنەواری نەمێنێو ئەو نەنگە لە تاریخی ئێران لابچێ.(٦)

## ـ لێکدانەوەی واقیع بینانەی لەسەر ژێئوپۆلیتیكو هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستان:

دوکتور قاسملوو بە شارەزایییەکی کەم وێنە کە لەسەر کوردستان هەبووی، چاك دەیزانی کە ژێئوپۆلیتیکی کوردستانو هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستان بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆدا مومکین نابێ، بۆیە خەبات لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژین بە مەبەستی وەدەست هێنانی مافە ئینسانیو نەتەوەییەکانی بە باشترو گونجاوتر دەزانیو ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە مافی دیاریکردنی چارەنووس، تەنانەت ئازادیی بڕیاردان تا سنووری جوداییشی بۆ نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە ڕەوا دەزانی. لە ئاکامی ئەم واقیع بینییەدا بوو کە بۆ وەدەستهێنانی مافە ناوبراوەکان لە چوارچێوەی ئێراندا بە پێ ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە ئێراندا لە باری حەشیمەتو جوغرافیاو ڕووبەرەوە، توانای بڕیاردانی یەکجاریی بۆ تەواوی ئێران نەبوو، دەیگوت: "بزووتنەوەی گەلی کورد هەر چەندە بە تواناش بێ دەتوانێ لە باشترین کاتدا ڕێژیم لاواز بکا، هەلومەرجی ڕووخانی پێك بێنێ، بەڵام تەنیاو لە هیچ بارێکەوە ناتوانێ ئاڵترناتیڤ بێت، هەر بەم هۆیەوە ئێمە هەموو کاتێك لە هەوڵی ئەوەدا بووین کە پێوەندی نێوان بزووتنەوەی گەلی کورد لەگەڵنەتەوەکانیدیکەی ئێراندا بپارێزین"(٧) هەروەها لە جێگەیەکی دیکەدا دەڵێ: "ئێمە لە ئەقەلییەتداین کەوابوو، دەبێ هاوپەیمانمان هەبێ لە بەشەکانی دیکە ئێرانداو دۆستمان هەبێ."(٨)

## ـ باوەڕی قووڵی بە چەمکی دێموکراسی:

دوکتور قاسملوو، بەردەوام پێداگر بوو لەسەر ئەوەی کە لە دروشمی سەرەکیی حیزبدا، دێموکراسی بنەمایەکە کە نابێ فیدای خەباتی چینایەتیو نەتەوەیی بکرێ. هەربۆیە لەسەر ئەم باروەڕەی خۆیو بە هۆی جێگیر بوونو هێنانە ئارای دێموکراسیو پاشان سەقامگیرکردنی خودموختاری لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ هەڵێ بڕەخسێنین تا بە هاوخەباتی نەتەوەکانی ئێران، دێموکراسیو پاشان خودموختاریو یان فێدرالیەت سەقامگیر بکەین. لەسەر ئەم بابەتە لە جێگایەك دا دەڵێ: "... دێموکراسی بۆ ئێمە وەك حیزبێکی دێموکرات هەدەفە، حیزبێکی دێموکراتین بۆ ئازادی، یانێ بۆ ئازادی هەموونەتەوەکانیئێران تێدەکۆشینو دەمانەوێ ئەو ئازادییەش بپارێزینو تەنانەت پاش وەرگرتنی خودموختاریش ئەو دێموکراسییە لە بەشەکانی دیکەی ئێران زامنێکە بۆ خودموختاری ئەو گەلانە."(٩)

## ـ پێشبینی داهاتووی ناوچە ڕۆژهەڵات ناوینو ڕەوتی جیهانگیریو ئەنتگراسیۆنی ئابووری:

دوکتور قاسملوو وەك مرۆڤێکی ڕووناکبیرو خەباتکارێکی ئاکادیمیك کە خوێندنی باڵای لە وڵاتانی ئوروپاییدا تەواو کردبوو،و بۆماوەیەکی زۆر لەم وڵاتانەدا ژیابووو هەروەها بە پێ ئەو شارەزاییی‌یەی کە لەسەر پرسە جیاجیاکانی جیهان، بە تایبەت لەسەر سیاسەتو ئابووریی جیهان هەیبوو. باش دەیزانی کە شەپۆلە ئابوورییە جیهانیەی کە دەستی پێکردبوو بە زووترین کات وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوینیش دەگرێتەوە، هەر بەم پێیە ئەگەر بێتو کوردستانیش بە سەربەخۆیی بگا، دەبێ تۆ بۆ پێکەوە ژیان، ئاشتیو یەکگرتوویی کە دەتوانێ ئاکامی ئەم شەپۆلە بێ پێوەندییەکی باشت هەبێ لەگەل نەتەوەکانی دراوسێدا، هەر لەم سۆنگەیەوە بوو کە پێداگریی دەکرد لە سەر خەباتی هاوبەش دژی دیکتاتۆریو لابردنی زوڵمی نەتەوەییو سەقامگیرکردنی مافی وەك یەك ژیانی نەتەوەکانو ئەم خەباتەی بە گونجاو دەزانی کە تۆ هاوکات بۆ خۆڕێکخستن لەگەل ڕەوتی جیهانیو گەرەنتیی مانو مەوجوودیەتی خۆت وەکوو نەتەوەیەکی جوداو دان پێدانراو بەرەو پێش بڕۆی. لەم پێوەندییەداو لە ئاکامی باوەڕی بە پێکهاتنی جورە ئەنتگراسیونێك لە نەتەوەکانی ناوچە، لە داهاتوودا بوو کە لە سەر بە فەرمی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانی ناوچە بە دەستی خۆیانو بۆ ئاشتیو تەبایی نێوانیان خەباتی دەکردو لەسەر هاوخەباتییان سوورو پێداگر بوو.

لە ئاکامدا ئەگەر بمانەوێ بە کورتی باسی ئەم بابەتە بکەین، دەتوانین بڵێین: دوکتور قاسملوو، بە باوەڕێکی قوول، کە بەرهەمی ساڵەها خوێندنو خەباتی بەکردەوەی بوو، هەوڵی دەدا تا "مافی دیاریکردنی چارەنووس، وەکو مافێکی دێموکراتیك لە ئێراندا بۆ نەتەوەکانی ئێران دابین بکرێو هەر بەو پێیە لە درێژەی ئەم ئەزموونە دوورو درێژە کە دەستی کەوتبوو، پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەو دڵخوازانەی نەتەوەکانی ئێران، لە چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆو ئازادو سەقامگیری بە باشتر دەزانی، وڵاتێك کە هەموان مافی وەك یەك ژیانیان هەبێو نەتەوەگەل بەسەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵ بنو مافی یەکسانو هاوبەشیان لەبەرامبەر پرسە گشتییەکاندا هەبێ. لە ئاکامی ئەم بۆچوونەو لە درێژەی بیروباوەرە گشتگیرەکانی لەمەڕ ئازادیی مرۆڤ و ژیانێکی ئینسانیو ئاسوودە بۆ مرۆڤەکان بوو کە هاوکات دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەوەی ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی نەتەوەی کوردی لە ئێراندا دەکرد، ببووە جێگەی هیواو هۆمێدی کوردان لە پارچەکانی دیکەی کوردستانو لە هەمان حاڵدا جێگای باوەڕو ڕێزی ئازادیخوازانو نەتەوەکانی ئێران بوو. ڕێزو ئێحترامی ئەو هەر بەمە نەدەوەستا ، دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی ڕۆژهەڵاتی بوو کە سەرنجی بیرمەندانو سیاسەتڤانانی ڕۆژئاوایشی بۆلای خۆی ڕاکشابوو.

هەر ئەم وتەی "بێرنارد کوشنێر" وەزیری ئەوکاتی کاروباری مرۆڤایەتی فەڕانسە لە کاتی ناشتنی تەرمی پیرۆزی کاك دوکتور لە گۆڕستانی (پێرلاشێز)ی پاریسدا بۆ دەرخستنی ئەم ڕاستیيانە بەسە کە گوتویەتی: "لە سەرجەمی جیهانی سێیەمدا کەسم وەك تۆ بە دڵ نەبوو."

سەرچاوەکان:
١ـ تاڤگەی حەقیقەت بەرگی یەکەم ل ٢٨٦
٢ـ هەمان سەرچاوە ل٢٩٩
٣ـ هەمان سەرچاوە ل ٢٩٨
٤ـ هەمان سەرچاوە ل ٢٩٨
٥ـ دوکتور قاسملو ڕێبەرێکی مۆدێرنو شۆڕشگێرێکی دیموکرات ل ١٦٠
٦ـ تاڤگەی حەقیقەت بەرگی دووهەم ل ١٧٢
٧ـ هەمان سەرچاوە
٨ـ هەمان سەرچاوە
٩ـ هەمان سەرچاوە

# پێویستیی پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

## قسەکانی د. میرۆ عەلیار لە ژووری "ئێران، ئەهواز گوتاری مەدەنی"

بەشی دووهەم

و:لوقمان عەبدوڵڵازادە

جا هەربۆیە لە داهاتوودا، نەك تەنیا پەسەندکردنو سەرکەوتنی هەر ئەڵترناتیڤێك چ لە نێو خۆو، چ لە دەرەوە پێوەندیی بە بەشداریکردنی نەتەوە ژێردەستەکانەوە دەبێ. بەڵام لە بنەڕەتدا گەیشتن بە دیموکراسیو کۆمەڵگای مەدەنی، پەرەگرتنی ئابووریو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، لە پێناوی بە فەرمی ناسینی مافی سیاسیی نەتەوەکانو، لە بەشداریکردنی بەرینی ئەوان دایە.

هەر ئاڵترناتیڤێك بەبێ بەشداریی چالاکانەی نەتەوەکان لە کۆتاییدا دەبێتە دیکتاتۆری.

٣ــ سازدانی پێوەندیی سیاسیو دیپلۆماتیك لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

لە دنیای ئەمڕۆکەدا، خەبات بە دژی توندوتیژیو تیرۆرو دیکتاتۆری، خەبات بۆ پاراستنی ئازادیو، خەبات بۆ دابینکردنی دادپەروەریو پەرەدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤو، پێوەندی دۆستانەو یەکگرتوویی هێزە دیموکراتیکە سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەکان لە ئاستی دنیادا پێویستییان بە یەکتری هەیە. سەرەڕای ئەوانەش، بۆ ئێمە هۆکارگەلێکی تایبەتی دیکەش هەن کە پێویستی بەرینکردنەوەی پێوەندیی کۆنگرە دەگەڵ دنیای دەرەوەدا، تەئکیدیان لە سەر دەکەین.

هەروەك دەزانین کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوە کە دەسەڵاتی پاوان کردوە، ڕێگای نەداوە کە نوێنەرانی ڕێکخراوی داکۆکیی لە مافی مرۆڤو ناوەندە نێونەتەوەیییەکان، سەردانی ناوچە نەتەوەنشینەکانی ئێران بکەن، تاکوو هەواڵی سەرکوت، کوشتار، هەڵاواردن لەلایەن ڕێژیمەوە دژی نەتەوە ژێردەستەکانو هاواری ئازادیخوازیو ویستی نەتەوایەتی بەم جۆرەی کە پێویستە بە گوێی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ڕانەگا. ئەو کەلێنە دەبێ پڕ بکرێتەوە. کاربەدەستانی ڕێژیمو هێزە ناسیونالیستە بەرچاوتەنگەکانی دژ بە ویستوداخوازییەکانی نەتەوە ژێردەستەکان پرۆپاگەندەی بەربڵاویان دژی نەتەوەکانی ژێر چەپۆکە، بەتایبەت کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ وەڕێ خستوە. گویا ئێمە گۆپاڵ بەدەستی هێزە بیانییەکانینو دەمانهەوێ ئێران پارچە پارچە کەین! ئەگەرچی سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا زۆر بایەخ بەو فڕوفیشاڵانە نادەن، بەڵام دیسان ئێمە دەبێ دەگەڵ سیاسەتمەداران، دەوڵەتەکان، کۆمەڵگا نێونەتەوەیییەکان پێوەندیی سیاسیو دۆستانە دامەزرێنینو، سیاسەتو هەڵوێستەکانمانیان بۆ ڕوون کەینەوە. پێیان ڕاگەیەنین کە ئێمە سەرەڕای ئەوەی کە، باوەڕێکی قووڵمان بە مافی بڕیاردانی چارەنووس لە باشترین سیستم بۆ هەر نەتەوەیەك هەیە. ئێمە وەك خۆمان خوازیاری سەقامگیریی ئێرانێکی دیموکراتیكو فیدراڵو سیکولارین، کە لەودا گشت نەتەوەکان خاوەنی مافی یەکسان بن.

هەروەها جێی بایەخو سەرنجە کە نەتەوەکانی ژێر چەپۆکە سەیرکەنو بزانن کە دەنگیان بە گوێی دنیا ڕادەگاو، ویستە میللیو دیموکراتیکەکانیان لە لایەن وڵاتانو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیییەکان دەبیسترێ.

٤ــ سیستماتیك کردنو ڕێکوپێك کردنی پێوەندیی خەڵك لەگەڵ ناوچە نەتەوەنشینەکاندا.

ڕێکخراوەکانی ئەندامی کۆنگرە دەبێ هەمیشە پێوەندیی ڕاستەخۆیان لەگەڵ خەڵکانی خۆیاندا هەبێو ئێعترازو مانگرتنە مەدەنییەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك، ڕێك بخەن. بەداخەوە لە ئێراندا هاریکاریو یەکگرتوویی لە نێوان هێزە دیموکراتو ئازادیخوازەکاندا، بەتایبەت لەنێو ئەو ڕێکخراوانەی کە سەر بە نەتەوە ژێردەستەکانن، پێشینەو ڕابردوویەکی ئەوتۆیان نیە. سەرەڕای ئەوانەش کۆنگرە، نە تەنیا دەبێ بایەخ بە یەکیەتیی نێوان ئەندامەکانی بدا، بەڵکوو دەبێ بە بەردەوام لەسەر گرنگایەتیو پتەوکردنو، بەرین کردنەوەی پێوەندیی خۆیانو خەڵك لە نێوخۆدا پێداگرێتەوە.

لەم پێوەندییەدا سەرکەوتن دەتوانێ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەهێزکردنی هەستی شۆڕشگێڕیی نەتەوەکان، بۆ ئازادیو مافی ڕەوای خۆیاندا هەبێ.

**سەبارەت بە هەڵوێستی ڕێکخراوە سەرانسەرییەکان لە هەمبەر کۆنگرەی نەتەوەکان دا.**

تا ئەو جێیەی کە من ئاگادارم، تا ئێستا هیچ کام لە حیزبو ڕێکخراوە سەرانسەرییەکان هەڵوێستی ڕەسمیی خۆیان سەبارەت بە کۆنگرەکە ڕانەگەیاندوە. بەڵام لە باسو بابەتەکانیان دا وا دەردەکەوێ کە هیچ کام لە بەشەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە پێکهاتنی کۆنگرەی نەتەوەکان پێشوازی ناکەن. لە ڕاستیدا بە یەکیەتیی ئەو نەتەوانە خۆشحاڵ نینو چاویان بەم یەکگرتوویییە هەڵ نایە.

بەڵام ئەو بێدەنگییە خۆی جۆرێك هەڵوێست گرتنە. بەڕای من، بێدەنگیی ئەو لایەنو کۆبوونەوانە کە حاشا لە بوونی نەتەوەگەلی غەیرە فارس دەکەن، دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو.

١ـ لە ئیدئولوژیی ڕەتکردنەوەی ئەو چەمکانەی کە پێوەندییان بە نەتەوەکانەوە بێو لە هەمان کاتیش دا ترسو نیگەرانییان لە پێکهاتنی کۆنگرەیە.

٢ــ ترسو دڵەڕاوکێ لەو فاکتە نەتەوەیییانە کە قوڵی هیمەتییان لە خەبات بۆ ڕزگاریو ئازادی، سڕینەوەو هەڵاواردنو... هتد هەڵماڵیوە.

بێدەنگیی بەشگەلێك لە ئۆپۆزیسیۆن کە کەمو زۆر دان بە هەبوونی نەتەوەکان یان بە قەولی خۆیان هەبوونی "قەومەکان" دادەنێن کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١ـ نەبوونی بەرنامەیەکی دیاریکراو بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی.

٢ـ هێندێکیشیان لە ترسی ئەوەی کە نەکا بە لایەنگرو پشتیوانی لە جوودایخوازی تاوانبار بکرێن.

٣ـ باوەڕی کرچوکاڵ بە دێمۆکراسیو مافی مرۆڤ.

بەڵام هەرچۆنێك بێ هەڵوێستی هێزە سەرانسەرییەکان لە بەرانبەر کۆنگرەی نەتەوەکانو سیاسەتو هەڵوێستیان لە هەمبەر مەسەلەی نەتەوەکان لە ئێراندا دەمانگەیەنێتە ئەو ئاکامە کە، بە بڕوای من، دەتوانین لەسەر ئەساسی ڕوانگەکانیان دەرهەق بەو مەسەلەیە بە سێ گرووپی جیاوازدا پۆلێن بەندییان بکەین.

١ـ ئەو بۆچوونگەلەی کە بە گشتی حاشا لە نەتەوە غەیرە فارسەکان دەکەنو لەسەر ئەو بنەمایە زوڵمو زۆری نەتەوەییو فەرهەنگی لە ئێراندا بێ بناخە لە قەڵەم دەدەن. ئەوان پەیڕەوی لە ڕوانگەی یەك وڵات ـ یەك میللەت، یەك زمانن. ئەو دەستەیە نەتەوە غەیرە فارسەکان: وەك هۆز ، تیرە ـ تایفە ـو عەشایری سنووریو هێندێك جار وەك ئیتنیك ناویان دێنن. ئەوان باس لە هەبوونی نەتەوە بە بەرهەمی بیرو ئەندیشەیەکی دواکەوتووانەو نەتەوە خوازانەو، جیا لەوەش بە دیاردەیەکی دەرەکی بە دنەدانی بیانییەو، دەبەستنەوەو گوایا سیلەیان لە یەکپارچەیی خاکی ئێران گرتووە.

یەکێك لە نیشانە زەقو بەرچاوەکانی ئەم چەشنە بۆچوونگەلە ئەوەیە کە، لە کاتێك دا هەموو نەتەوە ژێردەستەکان بە "قەوم" یان "کەمینەی قەومی" ناو دەبەن، ڕادەگەیەنن کە فارس نە قەومەو نە کۆمەڵە، نە نەتەوەیە! بەڵکوو ئێرانییە. ئامانجی ئەو ئیددیعایە یەکدەست کردنو یەك شوناس کردنی "فارس"و ئێرانە، واتە فارس یەکسانە دەگەڵ ئێرانو ئێرانیش یەکسانە دەگەڵ فارس. لە ڕاستیدا ئەوان خۆیان جیاواز لە نەتەوەکانی دیکە دەزانن‌و خۆشیان بە زلتر دەزانن (واتە مەزنخوازن). پلەو پایەو مافی تایبەت بۆ خۆیان دەخوازنو ناشیان هەوێ خۆیان دەگەڵ نەتەوەکانی غەیرە فارس لە تای یەك تەرازوو دانێن.

سەرەکیترین مافێك کە ئەو گرووپە بۆ خەڵکانی غەیرە فارس بە ڕەوای دەزانێ، ئەویش لە ڕووی ناچارییەوە ئەوەیە کە ئیزنیان پێ دراوە لە ئێراندا وەك مرۆڤێکی پلە دوو بژینو لە نێو ماڵەوەش دا بە زاراوەی خۆیان قسە بکەن!؟ ئەو کۆمەڵە خەڵکە تەنیا خۆیان بە خاوەنو مالکی ئێرانو تاقانە پارێزەرو داکۆکیکەری یەکپارچەیی خاکی ئێران دادەنێن.

ئەوان یەکپارچەیی خاکی ئێرانیان وەکو شمشێرەکەی دیموکلیس بەسەر نەتەوە ژێردەستەکان دا ڕاگرتووە، وەك چەکێك دژی نەتەوە ئازادیخوازەکانو بۆ پاساو هێنانەوەو درێژەدان بە دەسەڵاتی خۆیان کەڵکی لێوەردەگرن.

ئەوی ڕاستی بێ ئەوان پێیان وایە یەکپارچەیی خاکی وڵات، لە ڕێگای سەرکوتو هەڵاواردنو پێشێلکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکانی ئێران دەستەبەر دەبێ. لە هەڵوێستی ئەم گرووپەدا تێگەیشتنێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ، جیا لەوەی کە بە یەکپارچەیی خاکی ئێران دژی دابینبوونی مافو ئازادیی نەتەوە غەیرە فارسەکانن.

جێگەی خۆیەتی کە دووبارە ئەم پرسیارە ئاراستە بکرێتەوە، بە ڕاستی کێ ئێران بەرەو پارچە پارچە کردن دەبا؟

بە بڕوای من سیاسەتو کردەوەکانی ئەو گرووپە، زەقترینو گەورەترین هەڕەشەن بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران. ئەگەر کاتێك بێو ئێران لێك بڵاو بێ، بێگومان بەرپرسایەتییەکەی پێش هەموو کەسو گرووپێك دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو "پان فارسیستانە".

ئاماژەمان بە دنەدانی وڵاتانی بێگانە کرد، مەبەست لە مەترسیی بێگانەکان لە ڕابردوودا، بە تایبەت یەکیەتیی سۆڤییەت بوو بەڵام ئەمڕۆکە بە گشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بریتانیا وەك بێگانەو دوژمنی سەرەکی، کە گوایا هاندەری "قەومەکانن"، ناویان لێ دەبردرێ. سەیر ئەوەیە کە ئەو خەڵكو حیزبو ڕێکخراوگەلە کە بەو گرووپەوە پێوەندییان هەیە، ویستی نەتەوەکان بە دنەدانی بێگانەکان گرێ دەدەنەوە؟! ئەوە لە حاڵێك دایە کە بۆ خۆیان لانیکەم لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا سەر لە پێناوو داردەستی بیانییانو بە تایبەت ئەمریکاو بریتانیا بوونو هەمیشە ئەم دوو وڵاتەیان بە هاریکارو پشتیوانی ئێران دەزانی.

بەڵا هەنووکە لەو یەك دوو ساڵەی ڕابردوودا، ئەو دوو وڵاتە جار نا جارێك باس لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤو ... لە ناوچەو بە قەولی خۆیان! قەومیو ئیتنیکییەکان دەکەن، لە ناکاو بوونەتە دوژمنو دژ بە یەکپارچەییو تەواوەتی خاکی ئێران!؟

٢ــ چەند گرووپێکی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن لە بە فەرمی ناسینی مافەکانی کورد، ئازەری، بەلووچ، تورکمەنو عەرەب وەك نەتەوە، ترسیان هەیەو هەبوونی ستەمی نەتەوایەتی لە ئێراندا ڕەت دەکەنەوە، بەڵام بوونی هەڵاواردن، ناعەدالەتی نەتەوەیییان قبووڵە. ئەو گرووپانە تا ڕادەیەك بەرینترو بۆ خۆشیان لە چەند بەش پێك دێن. بەشێك لەم هێزانە کەڵك وەرگرتن لە زمانی ناوچەییو قەومی، لە ڕاگەیاندنو بڵاڤۆکەکانو هەروەها خوێندنی ئەدەبیات لە قوتابخانەکان دا پشتیوانی دەکەن، بەڵام دژی وتنەوەی زمانی نەتەوەیین لە قوتابخانەکان دا. دەگەڵ ئەنجوومەنە ناوچەییەکانیش دا هەن. ژمارەیەکی دیکەی ئەم هێزانە، لە کۆبوونەوەی هێزی سیاسی لە دەست حکوومەتی ناوەندیدا پشتیوانی دەکەنو خوازیاری سەقامگیربوونی نیزامێکی ناناوەندی لە ئێراندانو دانی جۆرێك خودموختاری سنووردار کراوی ناوچەییو پێك هێنانی مەجلیس گەلێکی هەرێمی بۆ نەتەوەکان بە ڕەوا دەبینن.

دەستەیەکی دیکەی ئەو لایەنە "مافی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی" نەتەوەکانی ئێران بە پێی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و پاشکۆکانی بە فەرمی دەناسن، بەڵام ئەسڵی دیاریکردرنی مافی چارەنووسی ئەو بڕیارە لە بەرچاو ناگرن. هەر ئەم لایەنە لایەنگری سیستمێکی فیدراڵن، بەو مەرجە لەسەر بناخەی دابەشکردنی وڵات بێ، نەك لەسەر ئەساسی داخوازاە نەتەوەیی ـ جوغرافیایی بێ.

٣ــ بە خۆشییەوە لە نێو هاونیشتمانە فارس زمانەکانیش دا کەسایەتیو حیزبو ڕێکخراوگەلی پێشکەوتوو هەن کە فرەنەتەوە بوونو فرە زمانی لە کۆمەڵگای ئێراندا تەئیید بکەن. ئەم کەسایەتیو هێزە سیاسییانە، هەڵاواردنو زوڵمو زۆێکی کە بەسەر نەتەوەکان دا زاڵە، حاشای لێ ناکەنو دان بەو کێشەو گرفتانەی لە ئێراندا هەن دەنێن بۆ چارەسەر کردنی ئەو مەسەلەیە، دابینکردنی مافی نەتەوەیی نەتەوەکان لە چوارچێوەی سیستمێکی فیدراڵ بۆ ئێران پێشنیار دەکەن.

ئیزنم بدەن لە کۆتاییدا ئاماژەیەکی کورت لە نادروست بەکارهێنانی هێندێك لە وشەکانو ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتو بوختانانەی کە لەلایەن گرووپ گەلێکی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری لەمەڕ پێوەندی بە کێشەی نەتەوەکان بخەمە بەر باس.

---

# سیمیناری

# "فێربوون لە مەکتەبی دوکتور قاسملوودا"

دوکتور قاسملوو، ئەو ڕێبەرە مەزنەی کورد بوو کە سەرتاسەری ژیانی خۆی بۆ خەبات لە ڕێگای ئازادیو ڕزگاریی ئینسانو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤدا تەرخان کرد. ڕێبەری بلیمەت، زانا، شۆڕشگێڕ، خەباتکار، نوێخواز، دیموکرات، داهێنەرو هزرمەندی نەتەوەی کورد، دوکتور قاسملوو، بە تێڕوانینو وردبوونەوە لە ئێشو ئازارو مەینەتییەکانی نەتەوەکەیو بینینیو کەموکوڕیو کەلێنو قوژبنەکانی کۆمەڵەکەیو خەبات لە پێناو چارەسەرکردنیانو هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ڕەواو پیرۆزەکانی نەتەوەکەیو بە هێنانە ئارای بیر، ئەندیشە، ڕێبازی نوێو داهێنەرانە وەکوو ئەستێرەیەکی گەشی هەمیشە درەوشاوەی ڕێنیشاندەری خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادیو بەختەوەریی مرۆڤ، لە ئاسمانی ئەم وڵاتەو تەنانەت جیهانیشدا، بۆ هەتا هەتایە دەدرەوشێتەوە.

یەکیەتیی خوێندکارانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی سێشەممە ٨٥/٤/١٧، سیمینارێکی بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ ژیانو، کەسایەتیو بیرو ئەندیشەی ئەو ڕێبەرە مەزنەدا پێك هێنا. سیمینارەکە بە بەشداریی خوێندکارانی کوردی ئێرانی لە زانکۆکانی هەولێر، کۆیەو سلێمانیو هەروەها هەندێك لە ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستانی عێراق، لە کاتژمێر ٥ی دوانیوەڕۆ دەستی پێکرد. لە دەسپێکی کاری سیمینارەکەدا بەڕێز فاتمە عوسمانی، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکیەتیی خوێندکاران، بەخێرهاتنی میوانانو بەشدارانی کردو داوای کردکە کاك عیرفان ڕەهنموون بۆ وتارەکەی بە ناوی "داهێنانو نوێخوازی لە خەباتو تێکۆشانی شەهید دوکتور قاسملوودا" پێشکەش بکا.

کاك عیرفان، لە وتارەکەیدا باسی لەسەر مرۆڤی داهێنەرو ئەو هۆیانەی کە مرۆڤێك دەکەن بە کەسێکی هەڵکەوتوو، ناوازەو پیتۆڵ کردبووو لە درێژەی باسەکەیدا ڕوانگەکانی بۆ داهێنانو نوێخوازیی خستبوە بەرباس، دوایە باسی لەسەر کەسایەتیی داهێنەرو نوێخوازی دوکتور قاسملووو داهێنانەکانی لە هزرو ئەندیشەی سەردەمو لە خەباتو تێکۆشانی سیاسیدا کردبوو. بە دوای



قسەکانی ئەودا لە سالۆنی سیمینارەکە "سیمای دیموکرات" بە دەنگی دوکتور قاسملووی نەمر، بۆ بەشداران بڵاوکرایەوە.

کاك جەمیل کولاهی دووهەم کەس بوو کە بە وتارەکەی لە ژێر ناوی "دوکتور قاسملووو ڕوانگەی ئاشتیخوازانەو باوەڕی بە دیالۆگ" لە سیمینارەکەدا بەشداریی کرد. کاك جەمیل بەهێنانە بەرباسی ڕەوتی ئاشتیخوازیو باس لە سەر ئاشتیخوازیی دوکتور قاسملووو باوەڕی بە دیالۆگ باسەکەی پێشکەش کرد.

بەدوای ئەودا بە وتارێك لە ژێر ناوی "دوکتور قاسملوو شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە" کە لە لایەن ڕامبود لوتفپوورییەوە پێشکەش کرا، درێژە بە سیمینارەکە درا. لە دوای وتارەکەی ناوبراو، شێعری ژیانەوە هۆنراوەی شاعیری دەرەوەستی گەلەکەمان، کاك فەریدوون ئەرشەدی بە دەنگی خۆی بۆ بەشداران بڵاوکرایەوە.

وتاری "دوکتور قاسملوو مامۆستای دیموکراسی" لە درێژەی سیمینارەکەدا لە لایەن کاك کەریم پەرویزییەوە پێشکەش کرا. کاك کەریم لە سەرەتای وتارەکەیدا باسێکی لە بۆچوونەکانی بۆ دیموکراسیو هەروەها بۆچوونی دوکتور قاسملوو بۆ دیموکراسی لە ڕوانگەی مرۆییو پاراستنی کەرامەتی ئینسانەوە، کردبووو لە درێژەی باسەکەدا دیموکراسیی لە تیۆرییدا لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە لێك دابوووەوە کە لە ئاستی ١ـ کۆمەڵگاو بەڕێوەبردنی وڵات ٢ـ لە نێو حیزبدا ٣ــ تاکێکی دێموکرات باسی لێکرد.

لە کۆتایی وتارەکەدا پراکتیزەکردنی دیموکراسی لە خەباتو چالاکیی دوکتور قاسملوودا لە هەر سێ ئاستەکەدا هێنایە بەرباس.

کاك هوشیار ئەحمەدی، بەشدارێکی دیکە بوو کە بە وتاری "دەریایەکی ئاشتیخوازیو بەرەیەك دژ بە تیرۆر" باسی لە ئاشتیخوازیو دژایەتیی دوکتور قاسملوو لەگەڵ تیرۆریزمدا کردبوو.

کاك مووسا باباخانی وتاری "دوکتور قاسملوو ئۆگری ئاشتی"ی پێشکەش کرد کە کەسایەتیی ئاشتیخوازی دوکتور قاسملووی بە بەشداران دەناساندو باسی لەو لایەنانە دەکرد کە ئەوکات ڕەخنەیان لە ئاشتیخوازیی دوکتور قاسملوو دەکردو، ئێستا گەیشتوون بە ڕاستیی قسەکانی ئەو ڕێبەرە زانایە.

دواهەمین کەس کاك سامان کۆنەپۆشی بوو کە بە وتاری "دوکتور قاسملووو باوەڕی بە جیاوازییەکان" ڕوانگەو بۆچوونی دوکتور قاسملووی بۆ باوەر بە فرەییو پلۆرالیزمو پێداگرتن لەسەر جیاوازییەکانو فرەنەتەوەیی لە ئێراندا خستە بەرباس.

سیمینارەکە کاتژمێر ٧ی دوانیوەڕۆ کۆتایی پێهات.

# قاچاخی ژنان و کچان، کۆیلەداریی نوێ له رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا

وەرگێڕان: شنۆ مێهرپەروەر

سەرچاوە: "اخبار روز"

چەند وڵاتێکی ئاسیایی و ئافریقایی، ناوچەی رۆژهەڵاتی نیوەڕاستیان پێك هێناوە. ئەو وڵاتانە رابردووی فەرهەنگی و مێژوویی زۆر بەرزیان هەیە و سەر بە شارستانییەتە کەوناراکانی مرۆڤایەتین. بەڵام بە پێشکەوتنی دنیا و هەنگاونان بەرەو نوێبوونەوە و برەوپەیداکردنی فەرهەنگی خۆرووتکردنەوە، ئەم ناوچەیەش سەرەڕای رێژەی بەرزی حەشیمەتی موسوڵمان لەگەڵ دیاردەی فەحشا و لەشفرۆشییەکی بەربڵاو بەرەورووە. یەکێك لە گرنگترین قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ناوچەیە قاچاخی ژنان و کچانە چ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ شوێنەکانی دیکەی دنیا و چ لە وڵاتانی دیکە بە مەبەستی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند لە دنیادا ٣٠٠ میلیۆن ژن لە بازرگانیی سێکسدا کار دەکەن و ساڵانە یەك میلیون ژن و کچ دەهێندرێنەوە نێو ئەم بازرگانییەوە کە دیارە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش لەم دیاردەیە بێبەش نیە. ئامارەکان لە ساڵی ٢٠٠٥ی زایینیدا وا نیشان دەدەن کە لە نێو ٦٠٠ هەتا ٨٠٠هەزار کەس کە لە سنوورەکانەوە بەشێوەی قاچاخ تێپەڕ دەبن ٨٠ لەسەدیان ژنان و کچانن کە لەم نێوەدا ئاماری ئەو ژنانەی کە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەبردرێن یان بۆی دەهێندرێن کەم نین. لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، وڵاتانی تورکیە و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بە هۆی زۆربوونی توریست و ئازادی زیاتری بیانییەکان سەرچاوەی سەرەکیی راکێشانی ژنانە لە وڵاتانی دیکەی ئەم ناوچەیە و لە دەرەوەی ئەم ناوچەیەش. دیارە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەم دەوڵەتانە بەرەنگاری دیاردەی قاچاخی ژنان دەبنەوە بەڵام ئەو کەسانەی داهاتیان لەم رێگایەوە دەبێ بە شێوەیەکی زۆر زیرەکانە مامەڵەی ئەم دیاردەیە دەکەن کە تەنانەت سەرەڕای هەموو ئەو کۆسپانەی کە لە رێگای هەوا و عەرزەوە (هوایی و زمینی) لە سەر سنوورەکان لەسەر رێیان داندراون هەموو رۆژێك ئەم وڵاتانە لەگەڵ سیما و کەسانی نوێ بەرەوروو دەبن کە لە کۆمەڵگادا خەریکی کاروکاسبی و راکێشانی کڕیارن. لە نێو ئەو ژنانەدا کە بە شێوەی نایاسایی دەچنە دوبەی یا تورکیە ئاماری ژنانی رووسی زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی دیکەیە. هاتنی ئەم ژنانە لە ناوچەکانی ئەرمەنستان، قرقیزستان، تاجیکستان، قەزاقستان، ئۆزبەکستان و تورکمەنستان بۆ ئورووپا، ئامریکا، تورکیە، ئیمارات، ئێران، پاکستان، سووریە و یەمەن زۆرزۆرە. بە پێی ئاماری وەدەست هاتوو ساڵانە سێ تا چوار هەزار کچی قرقیزستان، هەزار تا دوو هەزار کچی تاجیکی و پێنج هەزار کچی قەزاقستانی لەم وڵاتانەوە بەرەو شوێنەکانی دیکە بە قاچاخ دەبردرێن. زۆربەی ئەم کچانە لە نێو تەمەنەکانی ١٣ تا ١٤ ساڵیدان و بە پاسپۆرتی دروست کراو و جەعلی وڵات بەجێ دێڵن. دیارە نموونەش لە قاچاخی کچانی ١٠ ساڵەش تۆمار کراوە. هەروەها قرقیزستان بۆخۆشی شوێن و پێگەی قاچاخی کچان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باشووری ئاسیا و چین بۆ ئورووپا و ئەمریکا دێتە ئەژمار.

لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە بە هۆی بارودۆخی نالەباری ژنانی ئەرمەنی لە ئیماراتدا، دەوڵەتی ئەرمەنستان لە گەڵ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خەباتێکی چڕوپڕی هاوبەشی لە پێوەندی لەگەڵ قاچاخی ژنانی ئەرمەنی دەست پێکردووە و تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. لە زۆربەی نموونەکاندا لێکۆڵینەوەکان باس لەوەدەکەن کە ئەم ژنە فێڵ لێکراوانە، کەڵکی خراپیان لێوەرگیراوە. لە چارەنووسی زۆربەی هەرەزۆری ئەو ژنانەدا خاڵێکی هاوبەش هەیە. ئەوان لە وڵاتی خۆیاندا لەگەڵ گیروگرفتی زۆرو جۆراوجۆری ماڵیی بەرەوروون و سەرەڕای خۆیان ئەرك و بەرپرسایەتیی دایك و باوك یان منداڵەکانیشیان لە ئەستۆ بووە، بەڵام ئەو پووڵەی کە وەدەستیان دەهێنا تەنانەت بەشی تێرکردنی زگی کەسانی بنەماڵەکەی نەدەکرد. یان بنەماڵەکانیان بە رادەیەك هەژارو بێدەرەتان بوون بێ مەیل نەبوون بۆ وەدەست خستنی برێك پارە، جگەرگۆشەکەیان بفرۆشن. لەم نموونانەدا ئەم کەسانە بە هۆی دەڵالانی هەلپەرستی باندی قاچاخی مرۆڤ لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە. پاشان ئەوانە بە خەیاڵی خۆیان بۆ کارو کاسبی و داهاتی زیاترو زۆرتر رەوانەی ئیمارات دەکران. بەرپرسێکی دەوڵەتی رایگەیاند کە زۆربەی ئەم ژن و کچانە بە مەبەستی پەرستاری یا پێشخزمەتی و کار لە رێستووران و چێشتخانەکاندا پێیان خۆش بوو وڵات بەجێبێڵن. بەڵام هەر کە دەگەیشتنە ئیمارات دەسپێردرانەوە دەستی باندە هەلپەرستەکان و یان بە شێوەیەکی دیکە بەم کەسانە دەفرۆشران و پاسپۆرتەکانیشیان لێوەردەگرتنەوە.

پاشان ئەم ژنانە ناچار بوون کە لە شەقامەکان خەریکی کارو کاسبی بن، ئەگەر ملیان بەم کارە نەدایە دەکەوتنە بەرتوندوتیژی و تەنانەت نەیاندەوێرا سەردانی پۆلیسیش بکەن، چونکە بەبێ پاسپۆرت، بە کەسێکی تاوانبارو سەرپێچیکەر دەناسران، کەوابوو دەبێ مل بۆ هەموو کارێك راکێشن و رێگای دەربازبوونیش نیە. سەفەری تورکیە بۆ خەڵکی ئەرمنستان لە رێگای سنووری عەرزییەوە زۆر ئاسان و کەم خەرجە و کەم هەزینەیە. کەوابوو ئەم ژنانە لە رێگای باندەکانی قاچاخی مرۆڤەوە هەڵدەخەڵەتێندرین و زۆر بە ئاسانی دەبردرێن بۆ تورکیە و تازە لەوێ لەگەڵ تراویلکەی خەونی کارو داهاتی ماڵی بەرەوروو دەبن. بۆیە زۆربەی ئەم ژنانە ناچارن لە ترسی حەیا و ئابرووی خۆیان هەتا کۆتایی تەمەن و ژیانیان لەو وڵاتەیدا بمێننەوە. زۆربەشیان لە ئاکامدا وەك سەرۆکی ئەم جۆرە باندانە درێژە بەم کارە دەدەن. رادەی ئەو ژنانەی کە لە وڵاتی رووسیە و دەوروبەرەوە بە قاچاخ بۆ ئیمارات و تورکیە هێناویانن ئامارێکی راست و دروست لە دەستدا نیە، بەڵام بە رواڵەت وادەردەکەوێ کە ئەم نەتەوانە زۆرترین رادەیان بۆخۆیان تەرخان کردوە. لە ئیمارات و تورکیە کچانێك لە وڵاتانی ئاسیای جنووب شەرقی، نیپاڵ، سوودان، نیجریە، ئەفغانستان، لیبی، پاکستان و تەنانەت ئورووپا و ئامریکاش بەرچاو دەکەون کە وەدوای ئاوات و ئارەزووو ئامانجەکانیان بۆ ئەم شوێنانە راکێشراون و هاتوون و لە گێژاوی رووداوەکاندا نوقم دەبن و هیچ شوێنەوارێکیان لێ بەجێ نامێنێ. لە نیپاڵەوە راپۆرت گەیشتووە کە ئەو کچە کەم تەمەنانەی کە لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە بە قاچاخچییانی مرۆڤ دەفرۆشرێن، دەبردرێنە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هیند و زۆر جارانیش ئەم وڵاتانە بە مەبەستی ئامریکا و ئورووپا بە جێدێڵن، شوێنێك کە تیجارەتی سێکس لەوپەری خۆیدایە و هیچ سنوورێك بۆ بنەماڵە و هیچ بایەخێك بۆ ژن وەك بوونەوەرێکی خودایی دانانێ و وەك کەرەستەیەکی بەرهەمهێنەرو کەڵکی خراپ وەرگرتن بۆ دامرکاندنەوەی خواستە حەیوانییەکانی کەڵك وەردەگیرێ.

لەنێو کچانی نیپاڵیدا تەنانەت دەتوانی بە نموونەی زۆر کەم تەمەن ئیشارە بکەی. بۆ نموونە هێندێك لەوانە لە تەمەنی شەش و حەوت ساڵی بۆ وڵاتانی دیکە رادەگوێزرێن و کەڵکیان لێوەردەگرن و هەر ئێستا لە تەمەنی ١٤ یان ١٥ ساڵیدا لەبەر بێهێزی و لاوازی جەستەیی لەگەڵ نەخۆشییەکانی وەك ئێدز ململانێ دەکەن و زۆربەیان لەم تەمەنانەشدا دەمرن. زۆرجاران لە نێو ئەم کچە بەقاچاخ براوانەدا منداڵانێکی کەم تەمەن و پاکیش دەبیندرێن. ئەم منداڵانە لە ناوچەیەك بە نهێنی دەژین و رایاندەگرن، بۆ ئەوەی بە تەمەنێکی باش بگەن و پێشکەش بە بازارەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هیند بکرێن. لەم نێوەدا سەرەڕای هەوڵەکانی دەوڵەتی ئێران دژی دیاردەی قاچاخ و بردنەدەری کچان بە شێوەی نایاسایی لە وڵات بە تایبەتی بە مەبەستی ئیمارات، رۆژانە شاهیدی لەداوکەوتنی ژمارەیەك لەو ژن و کچانەین کە لە دوای ئەو قازانج پەرستانە دەکەون. بەڵام لە هێندێك کاتیشدا کچانی هەشت هەتا دە ساڵەش بینراون. هێندێك لەو باندانەش کچان بۆ تورکیە و لە تورکیە بە مەبەستی ئامریکا و ئورووپا رادەگوێزن.

ماوەیەك لەمەوپێش لە وڵاتی تورکیەوە هەواڵ گەیشت کە کچێکی ١٦ ساڵە بە شێوەی نایاسایی بۆ ئەو وڵاتە هێنراوە و لە لایەن باندی قاچاخی مرۆڤەوە بە بیست هەزاردولار بە پیاوێکی ئورووپایی ٥٨ ساڵە دراوە.

کچانی تەمەن ١٢ هەتا ٢٠ ساڵان بۆ پاکستان بە قاچاخ دەبردرێن و لە پیاوانی پیری پاکستانی مارە دەکرێن و لە دوای ماوەیەك بە شوێنەکانی بە ناو خەرابات (khrabat) دەسپێردرێن. زۆرێك لە بنەماڵە هەژارەکانیش کچانی خۆیان بە ئەفغانییەکان دەفرۆشن کە چارەنووسی ئەم کچە داماو و چارەرەش و بێدەرەتانانە نادیارە. لە نێو ئەو منداڵانەی کە لە شەقامی شارەکاندا بەرەڵان زۆربەیان کچانن و بە داخیشەوە ئاکامی ٩٠ لەسەدی ئەو کچانەی کە لە ماڵ هەڵدێن بە لەشفرۆشیی کۆتایی پێدێ و دەکێشرێنە ئەو رێگایە. تەنانەت هەواڵی ئەوەش بەدەست گەیشتوە ژنێکی قاچاخچی کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆری لە کچانی پاکی لە داو خستوە، کچەکەی خۆیشی بە بڕی ١١ هەزار دۆلار فرۆشتوە.

بەڵام لە تەواوی دنیا و لە نێو ئەو ژنانەی کە لەم تیجارەتەدا کار دەکەن یان بە شێوەیەکی دیکە لە زەلکاوی کۆیلەتی پێشکەوتووو مۆدێرن کەوتوون و نوقم بوون، ٨٩ لەسەدیان ئەم بارودۆخەی ژیانیان پێخۆش نیە و بوونەتە قوربانیی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری. زۆرجاران ئەم ژنانە لەگەڵ فشاری ئابووری و ئیعتیادی دایك و باوکیان بەرەوروو بوون و زۆریشیان لەگەڵ هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی ئەندامانی بنەماڵە یان خاوەن کارەکانیان ئازار دەکێشن و بە مەبەستی دۆزینەوەی کار لە داوی ئەم کەسانە دەکەون. لەو نموونانەی کە کچەکان لە لایەن



بنەماڵەکانیانەوە دەفرۆشرێن، بێ ئەم لاوئەولا بنەماڵەکانیان لە هەژاری، قەرزو قۆڵە، تەڵاق و ئیعتیاد (تووش بوون بە مەوادی سڕکەر) نوقم بوون. لە هێندێك نموونەشدا کە ئەو کچ و ژنانەی کە بە رەزامەندیی خۆیان خەریکی ئەم کارەن، سەرەڕای ئەو نموونانەی کە باس کران ژنان بە هۆی فشارەکانی توندی بنەماڵەوە دەمارگرژیی وشك و بەڕێوەبردنی هێزە یەك لە دوای یەکەکان هەڵدێن و بەرەونەمان و لەنێوچوون دەچن. لە روانگەیەکی گشتیدا هەژاری و نەبوونی ئاگایی لە نێو تایفە و ناوچە لادێیەکان و لە ژێر فشارو زەختدا بوونی ژنان، ئەم توێژە زیان پێگەیشتووەی کردۆتە نێچیرێکی باش و گونجاو بۆ هەلپەرست و قازانج ویستەکان کە ئەمەش بۆخۆی سەرەتای چوون بۆ نێو بازرگانی سێکسە. لە هەموو دنیا و بەتایبەتی لە ئاسیا ژن وەك کەسی دووەم و ژێردەستەی پیاو بۆتە کەرەستەیەك بۆ رابواردن و کەڵك وەرگرتنی جنسی و جەستەیی. کەوابوو پیاو ئەو ئیزنە بەخۆی دەدا کە ئەم بوونەوەرە بێ ئەرزش و بێبایەخە بکڕێ و بفرۆشرێ. قاچاخی ژنان نەتەنیا سەرچاوەی داهاتی باندەکانی قاچاخە، بەڵکوو بۆتە هۆی چوونەسەری داهاتی هوتێلدارەکان، شیرکەتەکانی گواستنەوە و بە شێوەیەکیش پەرەپێدانی سەنعەتی توریسم. هەر بەو شێوەیەی کە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (دوو وڵاتی تورکیە و ئیمارات) وەك شوێنی رابواردنی لێهاتووە و هەموو رۆژێك لە سەرتاسەری جیهاندا توریستەکان روو لەم وڵاتانە دەکەن. بەڵام ئایا چارەنووسی ئەم توێژە زیان پێگەیشتووە بەلای کەسەوە گرینگە؟ زۆربەی ئەم کەسانە لە ساڵەکانی سەرەتای کاریان دا بە هۆی تووشبوون بە نەخۆشییە جینسییەکان و بە تایبەتی ئیدز گیانیان لەدەست دەدەن. ئەو کەسانەش کە لەم مەترسییانە رزگاریان دەبێ لە دوای ماوەیەك ناتوانن درێژە بە کارەکانیان بدەن و بۆ بژیوی خۆیان ناچار دەبن مەوادی سڕکەر (مخدر) بۆ ئەم لاوئەولا بگوێزنەوە تا ئەو کاتەی کە لە بێ دەرەتانیی و هەژاریی و بێ ناونیشانییدا گیانیان لەدەست دەدەن.

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێشگیری لەم کارە نامرۆڤانەیە و بۆ وەرگرتن و وەدەستهێنانی مافی ئەم ژن و کچانە هەوڵی زۆری داوە. بە پرۆپاگەندە و زانیاری گەیاندنی زیاتر لە پێشوو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو وڵاتانی دنیا ئەم کردەوەیان بە ناپەسند و ناشیرین لە قەڵەمداوە و هەوڵدان بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کارەیان بە تاوان ناساندوە و سەرپێچی کەرانیش سزا دەدەن.

هەروەها پرۆگرامەکانی دیکەی ئەم رێکخراوەیە پێوەندی چڕوپڕی باڵوێزخانەکان لەگەڵ وڵاتانی دڵخوازە بۆ پێشگیری و خەبات لە پێوەندی لەگەڵ قاچاخی ژنان و کچان. بۆیە گرینگترین بەش پرۆژەی راگەیاندن و زانیاری گەیاندنە. سەرەتا دەبێ ئەوە بە ژنان و کچان بگوترێ کە هەڵاتن دەستپێکی ئازادی نیە، بەڵکوو سەرەتا و دەستپێکی دیلییەتی و بەندییەتییەکی هەتاهەتایی و رێگایەکی بێگەڕانەوەیە. لەلایەکی دیکەوە پێك هێنانی مێزگرد، کۆنفرانس و باس و راوێژ بە بەشداریی دەروونناسان، مافناسان و دابینکردنی شوێن و جێگای گونجاو بۆ پشتیوانیی لە کچانی هەڵاتووو ئەو ژنانەی کە هەڵفریواون و دانانی تەلەفون بۆ کاتی بە پەلە و پێویست بۆ خەبات دژی قاچاخی ژنان، هەروەها بردنەسەری ئاگایی و هوشیاری گشتیی لە رێگای راگەیەنەکان و بارهێنانی زیاتری منداڵان لە تەمەنی قوتابخانە لە بەرنامەکانی دیکەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە بۆ خەبات دژی قاچاخی ژنان و کچان لە سەرتاسەری جیهاندا.

# له قامووسی فیمینیزمدا

( ١٥ )

وەرگێڕانی: ب.هانا

**نامۆیی ( بێگانەیی )** Alienation

دۆخ (حاڵەت)ی دابڕان لە خۆت یا کۆمەڵ لە فەلسەفەی رۆژئاوادا، یەکەمجار، هێگڵ ئەم وشەیەی بۆ شیکردنەوەی دابڕانی مرۆڤ لە سروشت بەکارهێنا. ئەم دۆخە بە هۆی "خۆناسی"یەوە چارەسەر دەکرێت. مارکس بۆ باسکردنی هەلومەرجی کار لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا کە دەکرێ بە هۆی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانەوە رێك بخرێ، لێکدانەوەیەکی سەرلەنوێی لە بارەی چەمکی هێگلیی "بێگانەیی" خستە روو.

چەمکی "بێگانەیی" لە تیۆریی فیمینیستیدا جێگەیەکی سەرەکیی هەیە. فیمینیستەکان لەم باوەڕەدان کە بێگانەیی ژنان لە توخمی جیاواز پێك هاتوە کە دەکرێ لە چوارچێوەیەکی تیۆریی نوێدا کە هەراوترە لە مارکسیزم، جێی بێتەوە. ئەم چەمکە دەبێ ئەو ستەمەی لە بنەماڵە، لە کەلتوورو حەزو ئارەزووە جینسییەکاندا لە ژنان دەکرێ، لەگەڵ ئەزموونی ئەوان لە رەوتی کار لە بەرامبەر هەقدەستدا، لێك گرێ بدا. تەنانەت لە [رەوتی] کار بەرامبەر هەقدەستیشدا، دانی لایەنی جینسی بە کاری ژنان و ئازاری جینسیی ئەوان، فۆرمێکی تایبەتیی جنسییەتی بۆ لە خۆنامۆبوونی ژنان پێك دێنێ.

فیمینیستە مارکسیست و سۆسیالیستەکان لەم بارەیەوە هاودەنگن کە هەنگاوی یەکەم دەبێ لەنێوبردنی دابەشکردنی جینسیی کار لە هەموو بیاڤەکانی ژنان دا بێ، "لە حاڵێکدا کە بێگانەیی، لە پیشەسازی (سنعەت)دا، پیاو هەتا رادەی ئامرازی کار بچووك دەکاتەوە، ژن لەنێو بنەماڵەدا دەکا بە ئامرازی چێژی جینسیی پیاو" (Forman, 1977, p151). ساندرا بارتکی بانگەشەی ئەوە دەکا کە بێگانەیی نوێنگەی پێوەندیی نێوان فۆرمەکانی ئێستای هەستە جینسییەکانی ژنان و، تایبەتمەندییەکانی دیکەی ژیانی ژنانە. چونکە بوت دروستکردن یا دروستکردنی کەلوپەلی جینسی، دوایین فۆرمی بێگانەیییە



(Bartky, 1979). ژنان لەگەڵ زانست و توێژینەوە کە سەرمەشقێکی لایەنگیری پیاو، لە شوناسی مرۆڤ و راستیی کۆمەڵایەتی دەخاتە روو، نامۆن. ئەم فۆرمانە، پێوەندیی دەروونییان لەگەڵ یەکتر هەیە. بۆ وێنە، ساندرا بارتکی دەڵێ ئەم نامۆییە جینسییەی ژنان دەبێتە هۆی بێگانەبوونێکی زۆر لەمە خراپتری ئەوان لەگەڵ لێهاتوویییە فیکرییەکانیان. جگە لەمەش بەشداریی ژنان لە تێکۆشانی سیاسیی ژێردەسەڵاتی پیاوانیشدا، دەکرێ بە جۆرێکی دیکەی لەخۆنامۆبوونی ئەوان دابنرێ.

فۆرمەن، ئەم تیۆرییانە لەم خاڵەدا پوخت دەکاتەوە کە ژنایەتی راست خودی بێگانەیییە. ژنان و پیاوان بە پێی رادەی خۆگونجاندنیان لەگەڵ کلیشەکانی پیاوەتی و ژنێتی، بە جۆرێکی لە ئاشتی نەهاتوو، لەگەڵ یەك نامۆ دەبن.

**بەکەسێکی دیکە بوون ( بوون بە یەکیتر )** Alterity

زاراوەی "بەکەسێکی دیکە بوون" (بە یەکیتر بوون) پێوەندیی نزیکی لەگەڵ چەمکی فۆکۆیی "لە دەرەوە بوون" یا بە پەراوێز بوونی کەس (تاك) هەیە. هەلومەرجی "بەیەکیتر بوون" کە زۆرجار وەك هاوتای "یەکێکی دی" سەیری دەکرێ، تایبەتە بە کەسێکی پەراوێزنشین کە دەستی بە ناوەندەکانی دەسەڵات راناگا. ناوەندەکان خاڵی بنەڕەت (مبدأ) دەخەنە روو، خاڵێك کە واتا لەوێدا وەك بەهایەکی یەکلاییکەرەوە، سەلمێنراوە و جێگیرە. کەسانێك کە لەبەر هۆی چینایەتی، جینسییەتی یا ئایینی لە ناوەندەکان وەدەردەنرێن، بێ وەبەرچاوگرتنی رێساکانی تایبەت بە بەهاکان، چین چین ( ریزبەند) دەکرێن و ناوی "یەکێکی دیکە"یان لەسەر دادەنرێ. تیۆریدارێژانی فیمینیست قسە لەوە دەکەن پیاوسالاری بە کەڵکوەرگرتن لە سەرمەشقە شوناسییە زاتی و بایۆلۆژییەکان بۆ ژنان، "بەکەسێکی دیکە بوون" دەبەستێتەوە بە ئەزموونی ژنان. بەمجۆرە ئەزموونی ژنانەی هاوچەشنکراو، بۆ پەراوێز راونراوەو، کەوتۆتە نێوکۆت و بەندی بەهای گشتی، واتە ئەزموونی پیاو، تا بەمجۆرە، بە حەقبوون و رەوایی بدا بە دەسەڵاتی پیاوسەرداری.

سەرچاوە:

کتێبی: "فرهنگ نظریەهای فیمینیستی" نووسینی مەگی هام و سارا گەمبل

وەرگێڕان بۆ فارسی: فیروزە مهاجر، فرخ قرەداغی، نوشین احمدی خراسانی

لاپەڕەکانی ٢٩ و ٣٠

**بۆ هاوکاریی هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 441   22 July 2006

ماڵپەڕەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان" و ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanmedia.com   http://www.pdk-iran.org   www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com   e- mail: pdkiran@club-internet.fr   e- mail: rdk_iran@yahoocom


## چیاکانی کوردستان

### کۆساڵان Kosallan



یەکەم تیشکەکانی هەتاو لەپشت بەرزاییەکانەوە دێنەدەر. بەفری یەکشەوە لەسەر مێرگ و گژوگیا کەوتوە. کانیاو و ڕووبارەکان شۆڕ بوونەتەوە، شکۆفەی داران لە درزی پەرژینی باغەکانەوە دیارن. بولبولان دەچریکێنن و شاد و سەرمەستن. ئاسمان شین و سەرەتای بەهارە، لەسەر تاوێرە بەردێك دادەنیشی و سەیری ئەم خاکە جوانە دەکەی و لەبەر خۆتەوە دەڵێی: کۆساڵان حەماسەی خیلقەتە، ئەوەتانێ لێی بڕوانە.

کۆساڵان یەك لە چیا جوان و بەرزەکانی کوردستان، بە دیمەنی دڵگر و هەست بزوێنەوە، لە ناوچەی بەدیمەن جوانی مەریوان هەڵکەوتوە، ٢٦٤٠ میتر لەڕێکی دەریاوە بەرزە و کەوتۆتە ٥ کیلومیتریی شاری سەوڵاوا لەسەر ڕێگەی سنە ـ مەریوان.

نزیکترین ڕێگا بۆ سەرکەوتن لەم چیایە، هەر ڕێگای سنە ـ مەریوانە. ئەم کێوە کە شاخەوانان بە بەردەوامی هاتوچۆی دەکەن، بەداخەوە هیچ حەشارگە و پەناگەیەکی نیە تا شاخەوان بۆ مانەوەی خۆیان کەڵکی لێ وەر بگرن. بەفراو و کانیاوەکانی کۆساڵان دەچنەوە نێو چۆمی سیروان. کۆساڵان لە سەرسەوزی و جوانیدا، ((بووکی چیاکانی کوردستان))ەو، لە گۆرانیی فولکلوری و ئەدەبیاتی پڕ ئێش و ئازاری ئەم سەرزەوییەدا، وەك بەژنوباڵای یار، بەردەوام بەر گوێ دەکەوێ.

بەڕوو، تەنگر، بادامی کێوی و ئەفرا، لەو دارە جەنگەڵییانەن کە بە چڕوپڕی لە کۆساڵان دەبیندرێن. گوڵوگیای جوان و بۆنخۆش کە بۆ دەرمانیش کەڵکیان لێ وەردەگیرێ لەم چیایە، زۆرو زەوەندن. لۆ، وەرکەمەر، کەما، سوورە هەڕاڵە، پیازەخووگانە، بلچ، لۆشینە، خۆشیل، بەناو بەڕەزا، لەو گیاو ڕووەکانەن.

بەسەرنجدان بە ڕووبەری گیایی دەوڵەمەندی هەورامان و مەریوان، گیانلەبەری زۆر و جۆراوجۆر لە کۆساڵان دەژین. پشیلەی کێوی، کەڵوبزنەکێوی، مار، ورچی قاوەیی، هەڵۆ، ڕێوی، گۆرگ و هتد لەم گیانلەبەرانەن. چوون و هاتنەوە بۆ دوندی کۆساڵان ١٠ کاتژمێر دەخایەنێت.

سەرچاوە: "جلوەهای طبیعی کردستان، دفتر اوّل: کوهها"

ئامادە کردنی: ئەکبەر وەلەدبەیگی

## کۆنەپارێزانی ئێران داکۆکی لە کردەوەکەی زیدان دەکەن!



ڕووبەڕوو بوونەوەی فیزیکیی زیدان،

فووتبالیستی بەناوبانگی فەرانسەیی لە دوا دەقیقەکانی ماوەی زیادیی یاریی مۆندیالی ٢٠٠٦ لەگەڵ مارکۆ ماتر ئەتزی فووتبالیستی ئیتالیاییدا کە بوو بەهۆی ئەوە زیدان لە یاری دەربکرێ، لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکانی سەر بە کۆنەپارێزانی ئێران، ڕێزی لێنراو پێشوازی لێکرا.

عەلائەدین بروجێردی، سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی، بەناردنی نامەیەك بۆ زیدان، ڕەزامەندیی خۆی لەو شتە ڕاگەیاند کە ناوی "داکۆکی بەجێ لە ئابرووی مرۆییو ئیسلامیی خۆی لە بەرامبەر بێحورمەتیی زاڵمانەو تۆهمەتی ناڕەوای یەکێك لە ئەندامانی تیمی ڕقەبەر" لەسەر داناو، ڕێزو سوپاسی خۆی بەم بۆنەوە دەربڕی. بروجێردی دژکردەوەی زیدان بەرامبەر بە "ماتر ئەتزی"ی بە "لە جێی خۆیداو زۆر شیاوو سەرنجراکێش" ناوبردو پێی لەسەر ئەمە داگرت کە "موسولمانێك نەك هەر تیرۆریست نیە، بەڵکوو دروشمە سەرەکییەکەی ئیسلامە کە بەواتای ئاشتییە". ڕۆژنامەی توندڕەوی "کیهان"یش بەرێزەوە باسی کردەوەی زیدانی کردو ناوی "داکۆکی لە ئابرووی مرۆییو ئیسلامی خۆی" لەسەر دانا. دیارە ئەگەر قسەی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانیش ڕاست بێ کە "ماتر ئەتزی" بە زیدانی گوتووە "تیرۆریست"و بێحورمەتیی بە بنەماڵەکەی کردووە، دیسان روون نیە کە فوتباڵیستی ئیتالیایی بەم هۆیە کە زیدان موسوڵمانە، ئەم جنێوانەی پێداوە.

زیدان لەشاری "مارسێی" فەرانسە لەدایك بووە. کوڕی بنەماڵەیەکی کۆچەریی ئەلجەزایرییەو ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە گەیاندنی تیمی فووتباڵی فەرانسە بۆ یاریی فینالی مۆندیالەکان.

زیدان گوتی: لەم دژکردەوەیەی خۆی پەشیمان نیە، بەڵام لەوە بەداخە کە ئۆگرانی فووتباڵو منداڵان لەسەرانسەری دنیا ئەم ڕووداوەیان دیوە.

BBCpersian.com

## ١٧٠٠ کیلۆمیتر ڕێگابڕین، بۆ یادو بیرەوەریی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو

به بۆنەی حەڤدەهەمین یادو بیرەوەریی تیرۆی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملووو هاوڕێکانیو لە پێناوی وەگەڕخستنەوەی پەروەندەی ئەو تیرۆرەدا، لاوی بەهەستو نیشتمانپەروەر کاك کەماڵ عیززەتخواه خەڵکی گوندی "چەکۆ"ی شاری سەردەشت، بە سواری دووچەرخە لە وڵاتی فینلاندەوە بەرەو وییەن، ئەو شارەی کە دوکتور قاسملووو هاوڕێکانی تێدا تیرۆر کران، وەڕێ کەوت. بۆ ئەوەی بەشداری مەراسیمێك بێ کە بەم بۆنەیەوە لەبەر دەم کۆشکی سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتە ڕێك خرابوو، هەروەها بۆ ئەوەی داوا لە کاربەدەستانی وڵاتی ئوتریش بکا پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو وەگەڕ بخەنەوە.

کاك کەماڵ لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٧/١ەوە لە ساڵۆنی سیمینارێك کە سەبارەت بە حەڤدەهەمین ساڵیادی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی نەمر لە هێلسینکی پایتەختی وڵاتی فینلاند ڕێك خرابوو، گەشتەکەی خۆی دەست پێکردو بەرەو وییەن وەڕێ کەوت. دوای ١١ ڕۆژو بڕینی زیاتر لە ١٧٠٠ کیلۆمیتر ڕێگا گەیشتە وییەنو لە خۆپیشاندانو مەراسیمی یادو بیرەوەریی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوودا بەشداری کردو کۆتایی بە گەشتەکەی هێنا.

لە وتووێژێك لەگەڵ بەڕێز مەریوان نستانیدا کە سایتی "کوردستان میدیا" بڵاوی کردۆتەوە، ئەم لاوە دەڵێ: "چوار مانگ پێش ئەو ڕۆژە من بڕیارم دابوو کە بۆ یادو بیرەوەریی دوکتور قاسملوو، چالاکییەکی وەرزشی بەهۆی دووچەرخەکەمەوە ئەنجام بدەم، بەڵام کاتێك هەواڵی ئەوەم بیست کە لە وییەن مەراسیمێك بەم بۆنەیەوە بەڕێوە دەچێ، بڕیارم دا لەو مەراسیمەدا بەشداری بکەم، دوو مانگ پێشتر دەستم بە تەمرینی دووچەرخەلێخوڕین کردو هەموو ڕۆژێ مەشقی پێویستم دەکردو لەسەر ڕێگاکە زانیاریم کۆ دەکردەوە.

لەبەر ئەوەی ڕێگایەکە دوورو درێژ بوو چەند جارێك بەهۆی ماندوێتیو بێخەوییەوە ڕێگام ون دەکرد، لە لایەکی دیکەوە نەشارەزاییو خراپیی ئاوو هەواش گیروگرفتێکی دیکە بوون. زمان نەزانینیش بۆ من گیروگرفتێکی دیکە بوو.

بەڵام من لە لاپەڕەیەکدا بە هاوکاریی دۆستەکانم مەبەستی خۆمم لەو ڕێگابڕینە لە فینلاندەوە بەرەو وییەن بە زمانی ئینگلیزی نووسیبوو، من هەزا کۆپیم لەو نووسراوەیە پێ بووو لە هەر شوێنێك خەڵکم دەدی، یان پرسیاریان لێ دەکردم، یەکێك لەو نووسراوانەم دەدانێ.



لەڕاستیدا من زۆر ماندوو بووم، بەڵام هەستم بە حەسانەوە کرد، کاتێك بینیم ژنان، لاوانو خەڵکی بەتەمەنو کەم ئەندامان بە شێوەیەکی فراوان لەم مەراسیمەدا بەشدارن، هیوام دەخواست لە شارەکانی کوردستانداو بە سەدان هەزار کەس پێکەوە کۆ ببینەوەو یادی ڕێبەرانمان بکەینەوە.

## مرواریی دەریای وشە

ئەگەر دەتەوێ ناوت پاشی مردن لەبیر خەڵکی نەچێتەوە، کارێکی وابکە شیاوی ئەوە بێ لەسەری بنووسن، یا نووسینێکی ئەوتۆ بە یادگار بەجێ بێڵە کە کەڵکی خوێندنەوەی هەبێ. (ئیمێرسۆن)

لاپەڕەکانی کتێب وەك ئەو باڵانە وان کە ڕۆحی ئێمە بەرەو جیهانی نوور و ڕووناکی دەفڕێنن. (ڤۆلتێر)

ئەو کەسەی بێبیرکردنەوە قسان دەکا، دەڵێی ئەو ڕاوچییەیە کە بێ سێرەگرتن تەقە دەکا. (مونتسکیۆ)

ئەڵماس، لە قووڵایی زەویدا نەبێ نادۆزرێتەوەو، ڕاستییەکانیش لە قووڵایی بیردا نەبێ، دەست ناکەون. (ڤیکتۆرهۆگۆ)

## دەلاقە




### فیدراڵیزم

فیدرالیزم بە واتای هەراوی خۆی، بریتییە لە ڕێسا گشتییەکانی چاککردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. نەزمی کۆمەڵایەتی، هەرەمێکی پێکهاتوو لە ڕێککەوتنەکانەو، سیستەمی فیدرالیزم ڕێککەتنێکی سیاسییە. ڕێکخراوێکی ئەوتۆ هاسانکاری بۆ نەمانی دەوڵەت دەکاو، دەوڵەت تەنیا لە هێندێك بواری ڕوونو دیاریکراو کە لە ڕێککەوتنی سیاسیدا پێشبینی کراوە، بەکار دەهێنرێ. لەم حاڵەتەدا دەوڵەت دیاردەیەکی قانوونییە نەك فەرمانڕەوا.

بنەمای فدراتیو، لەجێدا دەبێ لە ڕێککەوتنو ئاشتکردنەوەی دەسەڵاتو ئازادی، پێك بێ. "نەزمی سیاسی" دەبێ لەسەر دوو کۆڵەکەی بەرهەڵستکاری یەکتر، دەسەڵاتو ئازادی دامەزرێ. سیستەمی فدرالیزم بایەخێکی پتر دەدا بە ئازادی. پرۆدۆن سێ بنەما بۆ دامەزرانی فیدرالیزم بە پێویست دەزانێ:

ئەلف ـ حکوومەتە سەربەخۆکان دەبێ بە دیاریکردنی ڕێککەوتننامە، یەکیەتیی خۆیان لە فۆرمی فیدراسیۆنێك دا رابگەیەنن.

ب ـ هەر حکوومەتێکی ئەندامی فیدراسیۆن دەبێ بەگوێرەی قانوون بۆ لێك جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکانی خۆی هەنگاو بنێو، نموونەو بوارەکانی چاوخشاندنەوە بە فانوونی بنەڕتیی خۆی پێش بینی بکا.

ج ـ لەجیاتی ڕاکێشانی حکوومەتەکان بۆ نێو حکوومەتی ناوەندی، بە لاوازکردنی دەسەڵاتی ئەوان، دەبێ دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی بگەیەنێتە لانیکەم.

پی‌یەر ژۆزێف پرۆدۆن

سەرچاوە: گۆڤاری مانگانەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووریو کەلتووریی ـ دیلماج، ژمارە١٦، بەفرانباری ١٣٨٤، لاپەری ٣١

## بەر لەماڵاوایی

## خوێندنەوەیەکی دیکەی دوو ڕووداوی نیوەی دووهەمی پووشپەڕی ئەمساڵ

ع. وریا

نیوەی دووهەمی پووشپەڕی ئەمساڵ شایەدی دوو ڕووداوی پێوەندیدار بە کوردستانو ئێران بوو کە هەر دوویان شیاوی لێوردبوونەوەو هەڵوێستە لەسەرکردنن.

لە دەوروبەری حەڤدەهەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتورعەبدولڕەحمان قاسملووو هاوڕێیانیدا لە نێوخۆو دەرەوەی کوردستان زنجیرەیەك جموجۆڵو چالاکیی سیاسیو خەباتگێڕانە بەڕێوەچوون. ئەگەرچی لە مێژساڵە لەنێوخۆی کوردستانی ئێراندا، بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕو بیرەوەریی مێژوویی ١٣ی ژوئیەی ڤییەنەوە، بە شێوەی جۆراوجۆر یادی ڕێبەری زانا دوکتور قاسملوو دەکرێتەوەو، ئۆگری بە ڕێگاو ئامانجەکانی نیشان دەدرێتەوە، بەڵام حەرەکەتی ئەمساڵی خەڵك لە کوردستانی ئێران شتێکی کەم وێنە بوو. جگە لەو هەموو دروشم، تراکتو وێنەی دوکتور قاسملوو کە لە ڕادەیەکی بەریندا بەم بۆنەیەوە بڵاوکرانەوە، دوو خاڵی دیکە لە حەرەکەتی ئەمساڵی خەڵکی کوردستاندا هەبوون کە جارێکی دیکە هاوپێوەندی، نەترسیو ئامادەیی ئەوانی بۆ جموجۆڵو حەرەکەتی خەباتگێڕانە، پیشان دایەوە. یەکەمیان ئەو تەعتیلیو داخرانەی دوکانو بازاڕەکان بوو کە لە هێندێك شار بۆ وێنە مەهابادو شنۆو سەقز حاڵەتی گشتیو سەرانسەریی بەخۆوە گرتو، لە زۆر شاری دیکەش ـ ئەگەرچی نەك بەم بەرینییە ـ خۆی نواند. دووهەم خاڵ ئەو پێشوازییە بوو کە خەڵك لە زۆر شارو ناوچە لە داوای کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتیان کردو بە یادی کارەساتی تیرۆری دوکتور قاسملوو، بۆ ماوەی ٣ دەقیقە، شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ی پووشپەڕ چراکانیان کوژاندەوە.

ڕێپێوانو خۆپیشاندانێکیش کە بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین لە سیاسەتی کاسبکارانەی دەوڵەتی ئوتریش لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوودا، لە ناوەندی شاری ڤییەن بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردانی وڵاتە جۆربەجۆرەکانی ئورووپا بەڕێوە چوو، خاڵێکی دیکەی جیاکردنەوەی یادەکانی ئەمساڵ لە ساڵانی پێشوو بوو. دەبێ هەبوونو وەکارکەوتنی کاناڵێکی ماهوارەیی وەك "تیشك تیڤی " یش کە سەرەڕای تازەکاریو کەم ئەزموونیو هتد بە پێشوازی ئەم یادەوە چوو و، بڵاوکردنەوەی هەواڵو ڕاپۆرتەکانیئەم حەرەکەتانەی بە ئەرکی خۆی دانا، لەم خاڵە جیاکەرەوانە زیاد بکەین.

دووهەم ڕووداو، ئەو هاوپێوەندییەی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات لەگەڵ بەندییە سیاسییەکانی ئێران بوو کە لە ڕۆژانی ٢٣،٢٤و ٢٥ی پووشپەڕدا بە شێوەی مانگرتن لە خواردن خۆی نواند. ئەم مانگرتنە کە چەندین پێتەختو شاری گەورەی ئورووپاو ئەمریکاو تەنانەت تارانیشی گرتەوە، لە سەر داوای بەڕێز ئەکبەری گەنجی ـ کە چەند مانگێکە لە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی ئازاد بووەو ئێستا لە سەفەری دەرەوەی وڵاتە ـ پێك هات. گەنجی داوای لە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات کردبوو بە مەبەستی هاوپێوەندی لەگەڵ بەندییە سیاسییەکانی ئێرانو بە پشتیوانی لە ئازادیی ئەوان، وێڕای ئەو بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ مان لە خواردن بگرن. ئەم بانگەوازە لە نێو ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتدا، زۆر بە گەرمی وەرگیراو، دەیان کۆڕو کۆبوونەوەو جموجۆڵی ئێرانییەکان بە مەبەستی پەردەلادان لە ماهییەتی ڕێژیمی جیابیرکوژو دژی ئینسانیی کۆماری ئیسلامیو، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ لای چارەنووسی بەندییە سیاسییەکانی ئێرانی بەدواوە بوو. لەنێوخۆی وڵاتیشدا هێندێك ڕێکخراوو کەسایەتیی خوێندکاری، ڕووناکبیریو کەلنووری ڕەگەڵ ئەم حەرەکەتە کەوتن. ئەکبەری گەنجی، بۆخۆشی چاوەڕوانیی ئەوەی نەدەکرد ئەم بانگەوازە کتوپڕە کە ڕێکخراوێکی سیاسی گەورە، یا یەکگرتنێك لە ڕێکخراوو کۆمەڵە سیاسییەکانی لە پشت نەبوو و، ئامادەکارییەکی ئەوتۆی بۆ نەکرابوو، حەرەکەتێکی ئاوا بەرین لە ئاستی دنیادا وەڕێ بخاو پشتیوانیی کۆمەڵێك حیزبو کەسایەتیی ڕۆژئاوای بەدوادابێ.

هەر دووی ئەم ڕووداوانانە، سەرەڕای زۆر جیاوازی، لە خاڵێکی هاوبەشدا یەك دەگرنەوە. ئەویش ئامادەیی زۆری خەڵکەکەمان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە کۆماری ئیسلامیو، پێشوازییان لە هەر بانگەوازێك کە لە خزمەت بەرەوپێشبردنی خەباتی ئازادیخوازیو لە پێناوی هاتنەدیی ویستو ئاواتە لەمێژینەکانیان دابێ. ئەوەش کە حەرەکەتی ئیعترازی و خەباتی جەماوەری خەڵك لە کوردستانو ئێران، هەتا ئێستاش لە باری ڕێبەری، ڕێکخستنو ئامانجەکانیانەوە زۆر لاوازیو کەموکورتیی بنەڕەتییان پێوەدیارە کە بە یەکگرتنی هێزو ڕێکخراوە کوردستانیو ئێرانییەکان لە سەر ئامانجی هاوبەشو کاری هاوبەش چارەسەر دەکرێ، دەچێتە ڕیزی ئەم خاڵەهاوبەشانە.

لە بارەی ڕووداوی یەکەمەوە، لێرەدا هەر ئەوندە دەتوانم بڵێم کە: دوکتور قاسملووو ناوی، یادی، ڕێنوێنییەکانیو ئیعتیبارە نەتەوەییو نێونەتەوەییەکەی، بۆ حیزبی دێمۆکرات، هەروا سەرمایەیەکی مەعنەویی بەنرخن. بەڵام وەك بەکردەوە دەبینین ئەم سەرمایەیە، لەمێژە هەر هی حیزبی دیموکرات نەماوەو بووە بە مڵکی نەتەوەی کوردیش. ئەمە مایەی خۆشحاڵیو جێگای سەربەرزییەکە بیرەوەریی تیرۆری ئەو ڕێبەرە پایەبەرزو لێوەشاوەیە، دەتوانێ بە سەدان هەزار ڕۆڵەی کورد لە نێوخۆو دەرەوەی کوردستان بخاتە هەڵوێستێکی خەباتگێڕانەو، بە دنیای نیشان بداتەوە کە نەڕێگاو ئامانجەکانی دوکتور قاسملوو لە نێو نەتەوەکەیدا کاڵ دەبنەوە، نە خوێنە بە پیلانو ناجوامێری ڕژاوەکەی، لەبیر بە میلیۆن لە ئۆگرانی دەچێتەوە. بۆ گیانی ڕێبەری مەزن،دوکتور قاسملوو، ئەمە ئەوپەڕی ئاسوودەییە کە"ناوەکەی خەریکە دەبێتە ڕەمزی یەکیەتیو هاوخەباتی نەتەوەییو، ڕێبازەکەی دەبێ بە قوتابخانەیەك بۆ لێهەڵێنجانی بەها بەرزو ئەمرۆییەکانو، لەم ڕێگایەوە خەباتی نەتەوەکەی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بەهێز دەبێ." ئەم ڕاستییە داوایەکی زۆر ڕوونو ئەرکێکی زۆر پێویست دەخاتە بەر دەم ڕێبەریی حیزبی دێموکرات: با کەسێکی لە بواری جۆراوجۆر لە ئاستی دوکتور قاسملووشدا نەبێ، بەڵام بە کەڵکوەرگرتن لە تواناو ئەزموونەکانی هەموو تێکۆشەرانو ئەندامانیو، بە ڕاکێشانی هاوکاریی هەموو ئۆگرانی ئەم ڕێبەرە زاناو لێهاتووە، بەتایبەتی بەرەی خوێندەوارو پێگەیشتوو، دەبێ سەربەرزیو خۆشەویستیی حیزبی دوکتور قاسملووو هەزاران شەهیدی دیکە بپارێزێو، تا ئاستی هیواو چاوەڕوانییەکانی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان بەرەو پێشی ببا.

سەبارەت بە مانگرتنی هاوپێوەندی لەگەڵ زیندانییە سیاسییەکانیش، ئەگەرچی هەرچەشنە هەوڵێك بۆ گەیاندنی دەنگی هەزاران بەندیی سیاسیی ئێران بە گوێی جیهانو هەر جۆرە حەرەکەتێك بەمەستی فشارهێنان بۆ سەر کۆماری ئیسلامیو بە پشتیوانی لە داوای ئازادیی بەندییە سیاسییەکان بە کارێکی پیرۆزو بە کەڵك دەزانم، بەڵام ناتوانم لەوە بەداخ نەبم کە لەم حەرەکەتەشدا، کەمترین بایەخ بە بەندییە سیاسییەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانو گیراوەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی، درابوو. ئاغای گەنجی داوای ئازادیی"منصور اسانلو"،"رامین جهانبگلو"،"مهندس خوئینیها"ی وەك سەمبولی ٣ بزووتنەوەی کرێکاری، ڕووناکبیریو خوێندکاری، کردبوو بە ئامانجی سەرەکیی ئەم مانگرتنانە. ئیدی هیچ ناوێکی لە خەباتگێڕانی نەتەوەیی بەند کراو نەبردبوو. ئەمە لەحاڵێك دایە کە هەندێك لە زیندانییە سیاسییەکوردەکان مەترسیی ئیعدامیان لەسەرەو هەر لە چەند حەوتووی رابردوودا، یەك لەوان ئێعدام کرا! جگە لەمەش نەژمارەی ئەو تێکۆشەرە کورد، ئازەربایجانی، بەلووچو عەرەبەی سەبارەت بە داواکردنی مافە نەتەوەییەکان لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دان، لە بەندییەکانی ٣بزووتنەوەکەی دیکە کەمترن، نەقووڵایی، بەرینیو گرنگیی بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە بزووتنەوەکانی دیکە کەمتر! سڵاوێکیش کە بەڕێز گەنجی لە ڕۆژی سێهەمی مانگرتنو لەبەردەرکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەنیویورکەوە، بۆ گیراوەکانی ئەم دواییانەی ئازەربایجانو بەندییە کوردەکانی نارد، کەمتەرخەمی یان گرنگی نەدانی ئاگایانەی ناوبراو بە تێکۆشەرانی نەتەوەیی ناشارێتەوە. ئەم پرسیارەش لەجێی خۆی دایە، ئاغای گەنجیو زۆر لەوانەی لەم حەرەکەتەدا بەشدار بوون، بۆچی سەرەڕای ئەم هەموو دژایەتیکردنەیان لەگەڵ هەر چەشنە حەرەکەتو خەباتێکی توندوتیژ، یادێکیان لەو ڕێبەرەی گەلی کورد نەکردەوە کە بوو بە بەقوربانیی گرتنەپێشی ڕێگای ئاشتیخوازانەوەو، لە ڤییەن لەسەر مێزی وتووێژ بە دەستی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کرا؟! ئەم پرسیارە بۆیە لە جێی خۆیدایە چونکە جگە لەوەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، باشترین بەڵگەی ئاشتیخوازیی کوردەکانو بێزاریی کۆماری ئیسلامی لە وتووێژو چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەکانە، بیرەوەرییەکەشی هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بانگەوازەکەی گەنجی بۆ مانگرتنو، ڕاست لەوکاتەدا ڕێپێوانێکی گەورەی هاونیشتمانانی کوردی ئەو بەڕێزە لە شاری ڤییەن بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە چارەنووسی پەروەندەی ئەم تیرۆرە بەڕێوە چوو!